# مەڵێن بۆ دەنگ نادەن بە DTP

رووداو-ئەنقەرە



سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP ناڕازییە لەوەی کوردی باشوور دەڵێن بۆ کوردانی باکووری کوردستان هەموو دەنگ نادەنگە پارتەکەی .

ئەحمەد تورک سەرۆکی DTP لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (رووداو) لەوەڵامی ئەوەی بۆچی کوردی باکوور هەموویان دەنگ نادەنە پارتەکەی دەڵێ " با کوردی باشوور نەڵێن بۆچی هەموو کورد دەنگ نادەنە DTPچونکە لە سەردەمی سەدام دا سەدان موستەشاری کورد هەبوون " . تورک دووپاتیشی کردەوە کە ئەوان دژی ئەوە نین پەیوەندی نێوان تورکیا وهەرێمی کوردستان بەهێزببێت " بەڵام ئەو پەیوەندییانە نابێ بۆ ئەوە بن دەنگی کورد ببڕن".

« 9

# 26 ساڵی دیکە هەولێر دەبێتە دوبەی

رووداو-هەولێر

بزنسمانانی تورکیا سەرسامن بەو پێشوازییە گەرمەی لە کوردستان لێیانکراوەو وپێشبینی ئەو پێشکەوتنەشیان نەدەکرد کەلە کوردستان دیتیان.

ڕۆژانی 16-2009/8/18 بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بزنسمانانی تورک پێشانگەی جلوبەرگی تورکی هەولێر، بەڕێوەچوو.موراد دوداکئۆگلۆ لە کۆمپانیای ئێزکمەر دەڵێت




بە بینینی پێشکەوتنی هەولێر تووشی شۆک بووە" بە 20 بۆ 26 ساڵی دیکە ئێرە دەبێتە دوبەی. من وام هەستدەکرد خەڵکی ئێرە ئێمەیان خۆش ناوێت، بەڵام ئەوان زۆر دۆستانەن. هەموویان دەیانەوێت یارمەتیم بدەن، بەڕاستی خۆشحاڵم" .

« 8

# لە هەولێر 3 باوک بە دەستی کوڕەکانیان دەکوژرێن



رووداو-هەولێر

لە ماوەی 20 ڕۆژدا لە شاری هەولێرو دەوربەری 3 باوک بە دەستی کوڕەکانیان کوژراون. یوسف عوسمانی پسپۆری دەروونزانیش لەو بارەیەوە دەڵێت "کوشتنی باوک بەمانای نەمانی کولتووری توندڕەویە، نەک دەسەڵاتی باوک". شەوی 14 لەسەر 2009/8/15 عەبدولرەحمان عەزیز لەلایەن غازی کوڕی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی درایە بەر گوللە و کوژرا، بەر لەویش ڕۆژی 2009/7/25 عومەر جەمیل بەهۆی کێشەیەکی لەگەڵ ژنەکەی، باوک و خێزان و برایەکی خۆی کوشت. ڕۆژێکیش دوای ئەو رووداوە لە سنووری قەزای بەردەڕەش، دوو برا بە بلۆک بەربوونە گیانی باوکیان و کۆتاییان بە ژیانی هێنا.

« 13


Rûdaw
رووداو
ژمارە (75)
دووشەممە 2009/8/24
2ی گەلاوێژی 2709
(750) دینار
چاپی کوردستان
www.rudaw.net
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


## ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی: ماوەی سەرۆکایەتی د. بەرهەم چوار ساڵ نییە

# لەکابینەی نوێدا 10 وەزارەت بۆ پارتی و 9 بۆ یەکێتییە

رووداو- هەولێر

بەپێی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لەسەر دابەشکردنی وەزارەتەکان، لەکابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگە دەدرێنە پارتی و وەزارەتی داراییش دەدرێتە یەکێتی.ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش-باڵی ریفۆرم دەڵێ " د.بەرهەم بۆچوار ساڵ سەرۆکی حکومەت نابێت".

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەچەند سەرچاوەیەکی بەرپرسی نێو یەکێتی و پارتییەوە دەست (رووداو) کەوتوون، کابینەی شەشەمی حکومەتی کوردستان لە 21 وەزارەت پێکدێت کە لەنێوان دوو لایەنەکەی لیستی کوردستانیدا دابەشدەکرێ بەشێوەیەک کە 10 وەزارەتیان بۆ پارتی دەبن و 9 وەزارەتیان بۆ یەکێتی. جگە لە دوو وەزارەت کە بۆ تورکمان و مەسیحییەکان دانراوە، پارتی ویەکێتیش لەسەر دابەشکردنی سێ وەزارەتە سیادییەکە ڕێککەوتوون و تەنیا دابەشکردنی وەزارەتەکانی دیکە ماوە. سەرچاوەیەکی بەرپرسی پارتی لەوبارەوە گوتی "هەردوولا بەوە رازی بووین دارایی بدرێتە یەکێتی و وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەش بدرێتە پارتی".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کە لیستی گۆڕان و لیستی چاکسازی بڕیاریانداوە وەک ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە، جگە لەو دوو وەزارەتەی دەدرێتە تورکمان و مەسیحییەکان، سەرجەم وەزارەتەکانی دیکە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا دابەش دەکرێن. هەرچەندە هێشتا دیارنییە ئاخۆ بزووتنەوەی ئیسلامی کە خاوەن 2 کورسی و لیستی چەپەکان خاوەن یەک کورسی پەرلەمانن، بەشداریی حکومەت دەکەن یان نا، بەڵام سەرچاوە بەرپرسەکەی پارتی بەدووری زانی هیچ وەزارەتێک بدرێتە ئەو دوولایەنەو گوتی "رەنگە بەبریکاری وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی بەشدارییان پێبکرێت".

کابینەی نوێی حکومەت لەپاش راسپاردنی د.بەرهەم ساڵح لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، لەماوەی 20 ڕۆژدا پێکدێت. سۆزان شەهاب، گوتەبێژی لیستی کوردستانی لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی "پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 2009/9/1 یەکەمین دانیشتنی خولی نوێ دەستپێدەکات، ئەوکات ئێمە پاڵێوراوی سەرۆکایەتی حکومەت دەستنیشان دەکەین و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ پێکهێنانی حکومەت رایدەسپێرێ، بەڵام دیار نییە کەی کابینەی نوێ بەفەرمی رادەگەیەندرێت".

جەمال محەممەد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی -باڵی ریفۆرم وبەرپرسی پێشووی مەڵبەندی دەرەوە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گومان لەوە دەکات پۆستی سەرۆکی حکومەت بدرێتە یەکێتی بۆ ماوەی چوار ساڵ " د.بەرهەم چوار ساڵ سەرۆکی حکومەت نابێت، بۆ راستکردنەوەی باری گلاوی یەکێتی بۆماوەیەک سەرۆکی حکومەت دەدرێتە یەکێتی، نازانم ماوەکەی چەندە بەڵام ماوەیەکی زۆر نییە".

« 4-3



د. بەرهەم ساڵح کاندید بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دوکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (فۆتۆ:رووداو)

# 10 ئەندامی نوێ بۆسەرکردایەتی یەکێتی دادەنرێن



## چاوڕەش : ئەوانەی لەدەرەوەی یەکێتین ناتوانن بێنە پلینۆمەوە

رووداو-سلێمانی

لەمانگی 10ی ئەمساڵدا یەکێتی پلینۆم دەبەستێت و لەپلینۆمیشدا بڕیاری پڕکردنەوەی جێگاکانی ئەو 10 ئەندامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەدات کە باڵی ریفۆرمیان پێکهێناوە و باڵی ریفۆرمیش پێیان وایە کۆنگرە تەنیا بۆ کات بەسەر بردنەو بەچەپڵە کۆتایی دێت .

2009/8/22، بەسەرۆکایەتی تاڵەبانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی کۆبووەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا لە مانگی 10ی ئەمساڵدا یەکێتی پلینیۆم ببەستێت، بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لەسەرچاوەیەکی ئاگاداری یەکێتییەوە دەستی کەوتووە"مەبەستی سەرەکی یەکێتی لە پلینۆم دانانی 10 ئەندامی نوێیە لەسەرکردایەتیدا بۆ ئەوەی جێگای ئەو 10 ئەندامەی سەرکردایەتی بگرنەوە کەباڵی ریفۆرمیان دامەزراندووە".

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەوەی خستەڕوو کە بڕیاریانداوە لە مانگی 10ی ئەمساڵدا پلینۆم بگرن و لەپلینیۆمیش بڕیار دەدرێت کەی کۆنگرە دەبەسترێت. چاوڕەش لەبارەی هاتنی باڵی ریفۆرم بۆ کۆنگرە، پێداگیری لەوە کرد کە" ئەوانەی لەدەرەوەی یەکێتین ناتوانن بێنە پلینۆمەوە، ئەوانەش بەشداری پلینۆم دەکەن کەیەکێتی داوایان دەکات و ئێمەش داوا لەوانە ناکەین بێنە پلینۆمەوە کەچوونەتە دەرەوەی یەکێتی".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی ئەوەشی نەشاردەوە کە جێگای ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی یەکێتی پڕدەکرێتەوە کەباڵیریفۆرمیانپێکهێناوە "ئەو بۆشاییانەی لەسەرکردایەتی یەکێتیدا دروست بووەو هەیە، لەپلینۆمدا بڕیار دەدرێت پڕبکرێتەوە، چونکە پلینۆم دەسەڵاتی کۆنگرەی هەیە".

ئەم بڕیارەی یەکێتی لەکاتێکدایە 10 ئەندامەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی باڵی ریفۆرم خۆیان بەخاوەنی یەکێتی دەزانن.

جەمال محەممەد، کەیەکێکە لەو 10 ئەندامەی سەرکردایەتی باڵی ریفۆرم، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند"یەکێتی بەحیسابی خۆی ئێمەی دەرکردووە، بەڵام ئەوە بڕیارێکی ناشەرعییەو بائێمە بانگ بکەن و لەکۆبونەوەیەکی سەرکردایەتیدا ئەو بڕیارە بدەن کە خۆشمان ئامادە بین". جەمال، پێیوانییە کۆنگرە ویستگەی نوێبوونەوەی یەکێتی بێت"ئەو کۆنگرەیە بە کات بەڕێکردن و تەسفیەکردن و ئاهەنگ گێڕان کۆتایی دێت".

« 3


ERBİL STEEL
company

گەورەترین کۆمپانیای بەرهەم هێنانی ئاسن لە کوردستان و عێراق دا





Factory:
Iraq, Erbil, Guwer Road, 18th KM
Office Dept. Tel: +964 66 256 18 18
Sales Dept. Tel: +964 66 256 19 19
+964 750 435 18 18
+964 750 435 19 19

Istanbul Head Office:
Metroport İş Merkezi Kültür Sokak
No:1 K:9 D:165
Bahçelievler / İstanbul Türkiye
Tel: +90 212 441 90 00 (pbx)
Fax: +90 212 441 90 17

www.erbilsteel.com

بریکارەکانی فرۆشتنی شیش:
نووسینگەی هەژار: 0750 449 16 88 - 0750 445 33 39
کۆمپانیای یعقوب: 0770 152 59 00 - 0750 714 11 67
کۆمپانیای کریم گەردی: 0750 445 90 60 - 0750 445 13 62

# ڕاپۆرتە هەواڵ

## ڕواندزی: ئەمریکییەکان خەریکی قەوانی سواون



ڕووداو- ئاژانسەکان

فریاد ڕواندزی گوتەبێژی هاوپەیمانیی کوردستان گوتی گرێدانی خراپبوونی ڕەوشی ئەمنی بە پەراوێزخستنی سوننەی عەرەبەوە وەک ئەوەی میدیای ئەمریکی باسیدەکەن، باڵۆرەیەکی کۆن و سواوە. ڕواندزی ڕایگەیاند ئێستاش گەورە ئەفسەرانی سوپا زۆرینەیان سەر بە عەرەبی سوننەن و بەگشتی 42%ی سوپای نوێ پێکدێنن. ئەوەشی ئاشکراکرد کە ئەمریکییەکان لەمانگی ئایاری ڕابردوو هەوڵێکی زۆریاندا بۆئەوەی هەندێ لە گەورە بەرپرسانی بەعس وەک تاکەکەس بگێڕنەوە نێو پرۆسەی سیاسی، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام.

# 829 ملیۆن دینار مووچەی مانگانەی پەرلەمانتار و وەزیرە خانەنشینکراوەکانە

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

هەر چوار ساڵ جارێک 111 پەرلەمانتار خانەنشین دەکرێن و دوای خانەنیشینیش هەر یەکەیان 5 ملیۆن و 200 هەزار دینار وەردەگرن و 42 وەزیری خانەنشینکراویش خانەنشینی هەریەکەیان 6 ملیۆن دینارە.

مووچەی مانگانەی ئەندام پەرلەمان 6 ملیۆن و 500 هەزار دینارە و هەر یەکەیان بە 80%ی مووچەکەیان خانەنشین دەکرێن، بەم پێیەش ئەگەر هەموو چوار ساڵ جارێک 111 پەرلەمانتار خانەنشین بکرێن، مانگانە 577 ملیۆن دینار دەدرێتە پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکانی ئەو خولە. لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا 42 وەزیر هەبوو، مووچەی مانگانەی هەر وەزیرێک 7 ملیۆن و 500 هەزارەو بە 80% مووچەکەیان خانەنشین دەکرێن و بەم پێیەش مووچەی مانگانەی هەر وەزیرێکی خانەنشینکراو 6 ملیۆن دینارە، ئەگەر 42 وەزیرەکە خانەنشین بکرێن ئەوا مانگانەی هەموویان 252 ملیۆن دینارە.

بەشێک لە پەرلەمانتاران، پێیانوایە ئەم پارەیەی وەک خانەنشینی بۆ وەزیر و پەرلەمانتار دادەنرێت زۆرە، سۆزان شەهاب ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی کوردستانی بۆ (ڕووداو) گوتی ئێستا خەڵکێکی گەنج دێتە پەرلەمانەوە کە تەمەنی 25 ساڵ بۆ سەرەوەیە، لەو تەمەنەدا باسی خانەنشینی دەکرێت شتێکی زۆر نا شارستانییە، بەڵام کاتێک کەسێک تەمەنی لە 50 ساڵ بۆ سەرەوە بوو دەکرێت خانەنشین بکرێت.

سۆزان، چارەسەری ئەم بابەتە کە خۆی بە "گرفت" ناوی دەبات لەوەدا دەبینێ کە "پێداچوونەوە بۆ تەواوی دام و دەزگا و هەیکەلی حکومەتی ئەمجارەدا بکرێ و جیاوازی نێوان مووچەکان کەمبکرێتەوە، بەشێوەیەک ئەو کەسەی کە فەرمانبەرە مووچەیەکی زۆرباش وەربگرێت کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەمێنێت، کاتێکیش خانەشین دەکرێت بتوانێت بژی نەک ئەوەی ئێستا خەڵک هەیە خانەنشینە بە90 هەزارو خەڵکیش هەیە خانەنشینە بە 7 ملیۆن".

لەبەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپادا پەرلەمانتار خانەنشین ناکرێت و لەماوەی چوار ساڵی پەرلەمانتاریدا مووچەیەکی شیاوی بۆ دەبڕدرێتەوە، بەڵام پاش کۆتایی هاتنی کارەکەی دەبێت بەدوای کارێکی دیکەدا بگەڕێت، بەپێچەوانەی گوتەکانی سۆزان

> **خەڵک هەیە بە90 هەزار خانەنشینە و خەڵکیش هەیە بە 7 ملیۆن**
> سۆزان شەهاب

شەهابەوە، بەشێکی دیکەی پەرلەمانتاران پێیانوایە بە بەراورد بەپەرلەمانتارانی زۆر وڵاتانی دیکە، پەرلەمانتارانی کوردستان کەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە.

تاریق جامبار، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەخوولی پێشووی پەرلەماندا، دەڵێت "لە زۆر وڵاتان بۆ نموونە تورکیا و لوبنان، پەرلەمانتار خانەنشین دەکرێت، پێویستە ئێوە بەتەنیا پەرلەمانتاری کوردستان وەرنەگرن کە مووچەکەی زۆرە، پەرلەمانتاری عێراقی وەرگرن کە چەند وەردەگرێت، مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتییەکان چەند وەردەگرن؟ پەرلەمانتار دەبێت مووچەیەک وەربگرێت بە سەربەستی کارەکەی خۆی بکات".

تاریق جامباز، پەرلەمانتارانی کوردستان بەراورد دەکات بە پەرلەمانتارانی عێراق "پەرلەمانتاری عێراق مووچەی 30 پاسەوان وەردەگرێت کە خانەنشینیش دەبێ 6 پاسەوانی هەیە، پەرلەمانتاری کوردستان 3 پاسەوانی هەیە کە خانەنشین دەکرێ یەک پاسەوانی هەیە، 5 ملیۆن دیناری لیژنەکان وەردەگرن لەگەڵ مووچەی 30 پاسەوان جگە لەمووچەی خۆیان، خۆ پەرلەمانی کوردستان پلە دوو نییە، بۆ ئەوان جەوازی دیپلۆماسییان هەیە ئێمە نیمانە؟".

ئەو پەرلەمانتارە نموونەی زیاتر دەهێنێتەوەو دەڵێت"لە لوبنان پەرلەمانتار نەکخانەنشیندەکرێتبەڵکومنداڵەکانیشی جەوازی دیپلۆماسییان دەبێت، لەتورکیاش لەساڵی 1979ەوە خانەنشینکردن هەیە و لە لوبنانیش لە 1971ەوە هەیە".

هیوا میرزا، ئەندامی لیژنەی دارایی لە خوولی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان گوتی کەمکردنەوەی مووچەکان و دیاریکردنی بڕە پارەی خانەنشینکراوی کاری ئەوان نییە "ساڵی ڕابردوو لە لیژنەی دارایی چەندین جار باسی ئەم مووچەیەم کرد، بەڵام ئەوە لەدەسەڵاتی لیژنەی داراییدا نییە، بابەتی مووچە پێویستی بەدەستکاری هەبووە، ئەو مووچەیەی دیاریکراوە بۆ فەرمانبەر و وەزیرێک جیاوازییەکەیان زۆرە، ئەو جیاوازییە وایکردووە مووچەی پەرلەمانتار یان وەزیر بکەوێتە بەر ڕەخنەو پرسیاری زۆرەوە".

هیوا میرزا، پێیوایە ئەگەر کەمترین مووچەی فەرمانبەر لەهەرێمی کوردستاندا 750 هەزار دیناربێت و بڕوات بەرەو ملیۆن و زیاتر ئەوکاتە فەرمانبەر گلەیی ناکات بڵێت مووچەی پەرلەمانتار 6 ملیۆنە.

لەئێستاشدا وەزارەتی دارایی و حکومەت هیچ پرۆژەیەکی وایان نییە بۆ کەمکردنەوەو دەڵێن ئەگەر پەرلەمانتارەکان پێیانوایە ئەم بڕە پارەیە زۆرە با هەرخۆیان یاسایەک دەربکەن و کەمی بکەنەوە. شێخ بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر مووچەی وەزیر و ئەندام پەرلەمان



> **پەرلەمانتار دەبێت مووچەیەک وەربگرێت بە سەربەستی کارەکەی خۆی بکات**
> تاریق جامبار



> **جیاوازی مووچە لە کوردستان وایکردووە مووچەی پەرلەمانتار و وەزیر بکەوێتە بەر ڕەخنەو پرسیاری زۆرەوە**
> هیوا میرزا

کەمبکرێتەوە یان هەر گۆڕانکارییەک لەمووچەدا بکرێت دەبێت بەیاسا بکرێت، با پەرلەمان لەکاتی خۆیدا بیکات، لە پەرلەمانی پێشووتر هەمان شت دەخرایە بەرباس، گوتمان ئەوە دەسەڵاتی پەرلەمانە، با پەرلەمان یاسا دەربکات وەزیر مانگانە 100 دینار وەربگرێت".

وەزیری دارایی ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەگەر بەراوردی نێوان وەزیر و پەرلەمانتاری کورستان و و بەغدا بکرێت، جیاوازییەکە زۆرە" لەبەغدا وەزیر 13 ملیۆن وەردەگرێت بێجگە لەپارەی پاسەوان و خانوو بۆ گرتن، وەزیر لە کوردستاندا 7ملیۆن و 500هەزار دینار وەردەگرێت و پارەی پاسەوانیشی بۆ نادرێت، پەرلەمانتارێک لەبەغدا بە هەمانشێوە جیاوازی مووچەکەی زۆرە لەگەڵ پەرلەمانتاری کوردستاندا".

ئارام حەسەن، دەرچووی کۆلێژی کارگێری و ئابوورییە، تاوەکو ئێستا دانەمەزراوەو ڕەخنەی زۆرە لەزۆری مووچەی وەزیر و پەرلەمانتار "وەزیر هەیە پێی دەڵێن وەزیری هەرێم نەکاری هەبووەو نەشوێن بۆ مانگانە ئەم هەموو پارەیەی بدرێتێ و خەڵکیش نەتوانێت بەکرێکاری منداڵەکانی بەخێوبکات".

## بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر:

# هەر کەسێک لەرەمەزان لە ناو بازاڕ شت بخواو جگەرە بکێشێ دەستگیر دەکرێت



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

لەیەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان لەناو شاری هەولێر، هەستت بە گۆڕانێک لە بازاڕ دەکرد، خەڵک زیاتر ڕووخسارێکی ماندوویان پێوە دیاربوو، لە هەندێک لە دوکانەکان دەنگی قورئان دەبیسترا، هەر لە تەنیشتیانەوە هەندێک لە چێشتخانەکان پەردەیەکیان دادابووەو، خەڵک دەچوونە ژوورەوەو نانیان دەخوارد.

لەگەڵ دەستپێکردنی مانگی ڕەمەزان لە شارەکانی کوردستان چەند ڕێنماییەک بە ئاراستەی ڕێزگرتن لەو مانگە دەردەچن. کە نابێت خەڵک بە ئاشکرا بخۆن و بخۆنەوە، یان جگەرە بکێشن، بەڵام زۆربەی ئەوانەی بەڕۆژوو نابن، پێیانباشە خەڵک ئازاد بێ لەوەی چ دەکات.

مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ئاماژەی بەوەدا ساڵانە وەزارەتەکەیان ڕێنمایی دەردەکات لە بارەی مانگی ڕەمەزانەوە، لەوانە نابێت چێشتخانەو گازینۆکان بە ئاشکرا بکرێنەوە و دەبێت پەردە بکەن "داوامان لە پارێزگاکان کردووە ڕێز لەو مانگە بگیرێت و هەستی خەڵک بریندار نەکرێت". مەریوان گوتی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژەی بە هیچ جۆرە سزایەک نەداوە بۆ ئەوانەی ڕێزی ئەو مانگە ناگرن "وەزارەتی ئەوقاف زیاتر پێشنیاز دەکات، کە ڕێنماییەکانیان جێبەجێ بکرێت".

سامان نەعمان 31 ساڵ، لە ژێر یەکێک لە پەردەی چێشتخانەکان هاتە دەرەوەو سەیرێکی ئەملا ئەولای کرد، وەک بڵێی شەرم دەکات، سامان باسی لەوە دەکرد، ئەو ناتوانێت بەڕۆژوو بێت، چونکە باوەڕی پێ نییە، بەڵام لەلایەن خزم و هاوڕێکانییەوە بەردەوام تانەی لێ دەدرێت "خەڵک ئازادە چۆن بیردەکاتەوە، پێویستە چێشتخانە بکرێنەوە، حیساب بۆ ئەوانەش بکرێت کە بەڕۆژوو نین".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەسەر ڕێنمایی چەند ساڵە دەڕۆن و لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە پابەند نین بە بڕیارەکان "خەڵکی هەولێر بە گشتی بێ ئەوەی پۆلیس فەرمانی لەسەر بکات ڕێز لە مانگی ڕەمەزان دەگرن، ئەوانەی ڕێزیش لەو مانگە ناگرن بە دڵنیاییەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوانەی شت لەناو بازاڕ دەخۆن یان جگەرە بکێشن لەناو بازاڕ، واتا حیساب بۆ کەس ناکات ئەوانە دەگیرێن".

> **مەشروبفرۆشە مەسیحییەکان زیاتر لە مەشروبفرۆشە موسڵمانەکان ڕێزی مانگی ڕەمەزان دەگرن**
> وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف

بەگوێرەی قسەکانی مەریوان ئەمساڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف، بۆ ڕەچاوکردنی ڕەمەزان، داوای لە هەموو مەشروبفرۆشە مەسیحییەکان کردووە لە مانگی ڕەمەزان کراوە نەبن "مەسیحیەکان هەموو پەیوەست بوون بەو بڕیارە، هەتا دوای فتار دوکانەکانیان ناکەنەوە، ئەوەی سەیرە ئەوانەی مەیخانەیان هەیەو موسوڵمانن، پەیوەست نین بەو پێشنیازەوە، بەتایبەتی لە سلێمانی خۆم چەند ساڵە بینیوومە، دوکانەکانیان کردووەتەوە، بەڵام ئەمساڵ هێشتا نازانم".

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەوەدا ئەو چێشتخانەو گازینۆیانەی ڕووپۆشیان نەکردبێت دادەخرێن و یان ئەوانەی بە ئاشکرا مەشروب دەفرۆشن لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت "ساڵانی ڕابردوو زۆر کەسمان گرتووە، کە لەناو بازاڕ شتیان خواردووە، یان جگەرەیان کێشاوە". گوتیشی "دوور لە دەسەڵات و حکومەت من بە کارێکی بێ ڕەوشتی دەزانم، کە لە مانگی ڕەمەزان لەناوەندی بازاڕ جگەرە بکێشرێت،

> **خەڵک ئازادە چۆن بیردەکاتەوە، پێویستە حیساب بۆ ئەوانەش بکرێت کە بەڕۆژوو نین**
> هاووڵاتییەکی ڕۆژوونەگر

خەڵک نەفرەتی لێ دەکات".

زیرەک جەمال 25ساڵ، شۆفێری تاکسی، کە بەڕۆژووەو لەناو بازاڕ دەسووڕێتەوە دەڵێت زۆرم پێ ناخۆشە کەسێک ببینم لە ڕەمەزان شتێک بخوات،بەڵام هیچ قسە ناکەم، کاری من نییە، بەبڕوای زیرەک ناکرێت بە زۆر خەڵک بە ڕۆژوو بکەیت، بەڵام "لێرە زۆربەی خەڵک بە ڕۆژوو دەبن، بۆیە نابێت هەستی خەڵک بریندار بکرێت".

پێشتردەبووئەوچێشتخانانەیدەیانەوێت لە مانگی ڕەمەزان کراوە بن مۆڵەت لە قایمقامیەت وەربگرن، ئەوەش قەرەباڵغی لەبەردەم دوکانەکان دروستدەکرد بەهۆی کەمی ژمارەی ئەو چێشتخانانەی مۆڵەتیان وەردەگرت، چێشتخانەکانیش ئەوەیان دەقۆستەوەو خواردنی خراپیان پێشکەش دەکرد و چەند قاتیان پارە وەردەگرت، بەڵام ئێستا هەموو کەس بۆی هەیە دوکانەکەی بکاتەوە، تەنیا دەبێت پەردە پۆشی بکات و لەپێش چاوی خەڵک نان نەخورێت.

وەزارەتی ئەوقاف لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوای لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کردووە، بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکان ڕەچاوی مانگی ڕەمەزان بکەن بە هەندێک فیلم و دیمەن پیشان نەدەن کە لەگەڵ ئادابی ڕەمەزان ناگونجێت، مەریوان دەڵێت نازانین کەناڵەکان تا چەند پەیوەست دەبن بە داواکانمانەوە.

## دوکانداران لە بازاڕی ناوەندی هەولێر ناڕازین

# 4 کۆمپانیا بە هۆی گرانکردنی کەلوپەل سزا دراون

**عیسا عەبدولقەهار**
**ڕووداو- هەولێر**

هاووڵاتیان نرخی ئەو خواردەمەنی و کەلوپەلانەیان پێ گرانە، کە کۆمپانیاکان لە بازاڕی ناوەندی هەولێر دیارییان کردووە، 4 کۆمپانیاش بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخەکان سزادراون، بەڵام سەرپەرشتیارێکی بازاڕەکە دەڵێت "نرخەکانی ئێمە هەرزانترن لە بازاڕ، بۆیە دوکانداران لێمان تووڕەن".

خەڵکێکی زۆر لەنێو بازاڕەکە دەبینران، تا بە کەمتر لەو پارەیەی کە لە سوپەرمارکێت و دوکانەکانی بازاڕخەرجی دەکەن، خواردەمەنی و کەلوپەلیان دەستبکەوێت، بەڵام هاووڵاتیان دەڵێن نرخەکان جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ نرخی بازاڕو سوپەرمارکێتەکان نییە، تەنها لە هەندێک خواردەمەنی نا سەرەکی نەبێ.

بەیبون حەسەن، 50 ساڵ، زیاتر لە 3 گەڕەکی بڕیوە تا سەردانی بازاڕی ناوەندی هەولێر بکات و بە هەرزانتر خواردەمەنی دەستبکەوێت"کەچی جگە لە هەندێک خواردەمەنی کە سەرەکی نین، ئەوانیتر هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ بازاڕەکانی دیکە نییە".

بازاڕی ناوەندی هەولێر، دەکەوێتە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر، ماوەی زیاتر لە 10 مانگە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی بە هاوبەشی لەگەڵ پارێزگای هەولێر کراوەتەوە، بەوتەی نوێنەری وەزارەتی بازرگانی "ئەو بازارە بووەتە هۆی ئەوەی کە نرخەکان لە بازاڕو سوپەرمارکێتەکان ودوکانەکان دابەزێت، لە پێناو ئەوەی کە هاوڵاتیان ئیستغلال نەکرێن، چونکە نرخی بەکۆمەڵی خواردەمەنییەکان بە تاک بە هاووڵاتییان دەفرۆشرێت".

ئەبوبەکرسلێمان، نوێنەروسەرپەرشتیاری بازاڕی ناوەندی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە ئێستا زیاتر لە 54 کۆمپانیای بیانی و خۆماڵی لە بازاڕی ناوەندی کەلوپەلەکانیان دەخەنەڕوو"ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای بیانی و خۆماڵی لەو بازارە کار دەکەن، کە دەگاتە زیاتر لە 54 کۆمپانیا". ناوبراو ڕەتیکردەوە کە ئەوان کەلوپەل گرانتر لە بازاڕەکانی دیکە بفرۆشن "لەسەر گران کردنی کەلوپەل چوار کۆمپانیامان سزا داوە".



بازاڕی ناوەندی هەولێر (فۆتۆ: ڕووداو)

ئەحمەد کانەبی، ترسی ئەوەی هەیە، کە خواردەمەنییەکانی ئەو بازارە بەسەرچووبن و دەڵێت "لە زۆربەی سوپەرمارکێتەکان خواردەمەنی بەسەرچوو دەفرۆشرێتە هاووڵاتیان، بۆیە منیش ترسم هەیە، کە خواردەمەنیەکانی ئێرە بەسەرچووبن"، نوێنەرەکەی وەزارەتی بازرگانی ئەو ترسەی هاووڵاتیانی بە ئاسایی زانی و گوتیشی "فەرمانبەرانمان ڕۆژانە چاودێری بازاڕی ناوەندی و چاودێری خواردەمەنیەکان دەکەن، ئەگەر بزانن خواردەمەنیەکی بەسەرچوو هەیە، ئەوا خاوەن کۆمپانیاکانی لێ ئاگادار دەکەینەوە".

پێشتر بازاڕی لەو شێوەیە لە کوردستان هەبووە، بەڵام زیاتر فەرمانبەران سوودیان لێوەردەگرت، چونکە نرخەکان بۆ فەرمانبەران داشکاندنی تێدا بوو، بەڵام ئێستا هەموو هاووڵاتیەک دەتوانێت سوودی لێوەربگرێ.

مافیەروەر ئەسعەد ئەحمەد، نوێنەری پارێزگای هەولێر لەو بازارە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە نامانەوێت تەنها فەرمانبەر سوود لەو بازارە ببینێ، بەڵکو دەمانەوێت نرخەکان لە بازارەکانی هەولێر دابەزێت، تا هاووڵاتیان ئیستیغلال نەکرێن، هەموو هاوڵاتیەک سوود لەو بازارە ببینێ و نرخەکان بۆ هەموو کەس هەرزان بێت".

تەنها لە ڕۆژانی شەممە، کە ڕۆژی پشووی فەرمانبەرانە ئەو بازارە دەکرێتەوە، هاووڵاتیان و فەرمانبەران دەیانەوێت لە ڕۆژانی دیکەی هەفتەش سەردانی ئەو بازارە بکەن، بەڵام سەرپەرشتیاری بازارەکە، گوتی "دەمانەوێت تەنها ڕۆژێک بێت لە هەفتەدا، تا هاووڵاتییان و فەرمانبەران و هەوڵ بدەن، لەو ڕۆژە سەردانی بازاڕەکە بکەن، بەڵام ئەگەر زیاتر بازاڕەکە بکەینەوە، ئەوا لەوانەیە خەڵک بە میزاج بێت بۆ بازاڕەکەمان، بۆیە بە نیازنین لە ڕەمەزاندا ماوەی کردنەوەی بازاڕەکە زیاد بکەین".

دوکانداران گلەییان هەیە، کە ئەوبازاڕە نرخی کەلوپەلی هەرزان کردووە. نوێنەری پرێزگای هەولێردەڵێت "دوکانداران لە بازاڕە جیاجیاکانی هەولێر لێمان بێزاران ناهێڵن بازاڕەکەمان زۆرتر بکەینەوە، چونکە ئەوان دەڵێن نابێ نرخەکان ئەوەندە هەرزان بکرێت".

لەو بازاڕە داشکاندنی هەندێک کەلوپەل و خواردەمەنی دەبینران، کە بەبڕوای نوێنەرەکەی پارێزگای هەولێر "جێگای خۆشحاڵییە بازاڕێکی هەرزان هەبێت، کە یارمەتی هەژاران بدات".

## مووچەی خانەنشینانی کوردستان زیاد دەکرێ

**ڕووداو-هەولێر**

وەزارەتی دارایی عێراق ئامادەیی نیشانداوە بۆ خەرجکردنی زیادەی مووچەی خانەنشینان و پەرلەمانی عێراقیش لە مانگی 9ی ئەمساڵدا بڕیاری لەبارەوە دەدات و ئەم زیادکردنە خانەنشینەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە.

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژە یاسایەکیان ڕەوانەی پەرلەمان کردووە بۆ زیادکردنی مووچەی خانەنشینی، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا پشووی پەرلەمانەو لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانیشەوە داوای دانیشتنی تایبەتی بۆ نەکراوە، لە مانگی 9ی ئەمساڵدا بڕیاری لەبارەوە دەدرێت".

د.ئیسماعیل، ئاماژەی بەوەدا کە بەپێی ئەو پرۆژە هەموو خانەنشینێک 70 هەزار دەچێتە سەر مووچەکەی و هیچ خانەنشینێکیش مووچەکەی لە 220 هەزار دینار کەمتر نابێ.

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، جەختی لەوەشکردەوە کە ئەم زیادکردنە کوردستانیش دەگرێتەوە"بەدڵنیاییەوە بە خانەنشینانی کوردستان دەڵێم ئەم زیادکردنە ئەوانیش دەگرێتەوە".

## ڕاپۆرت

### بەرهەم ساڵح پەیوەندی هەولێر و بەغدا بەرەو پێش دەبات



ڕووداو - دەنگەکانی عێراق

وتەبێژی حکومەتی عێراق، عەلی دەباغ ڕایگەیاند بوونی بەرهەم ساڵح بە سەرەکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی سەرخستنی گفتوگۆی نێوان بەغداو هەولێر دەدات. ناوبراو گوتی بوونی بەرهەم ساڵح بە سەرەکوەزیرانی هەرێمی کوردستان "زۆر گرنگە بۆ مەسەلەی گفتوگۆ، چونکە پەیوەندی باشی هەیە و دیپلۆماسییەکی بەرزی هەیە لە بواری چارەسەرکردنی گەلێک لە فایلە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و ناوەند" وتیشی "ئێمە دڵنیاین کە بەرهەم پەیوەندییە دووقۆڵییەکان پێشدەخات."

## کابینەی نوێ لە 21 وەزارەت پێکدێت

# وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە بۆ پارتی و دارایی بۆ یەکێتییە



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

ڕووداو-هەولێر

یەکێتی و پارتی لەدابەشکردنی وەزارەتەکاندا ڕێککەوتوون وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە دەدرێتە پارتی و دارایی دەدرێتە یەکێتی و وەزارەتێک دەدرێتە تورکمان و وەزارەتێکیش بۆ مەسیحییەکانەو وەزارەتەکانی دیکەش بەیەکسانی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا دابەشدەکرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە (ڕووداو)لەچەند سەرچاوەیەکی بەرپرسی یەکێتی و پارتییەوە کۆی کردووەتەوە، هەردوو حیزب ڕێککەوتنێکی سەرەتاییان هەیە بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە تەنیا دابەشکردنی وەزارەتە سیادییەکانەو وردەکاری دابەشکردنی وەزارەتەکانی دیکەی نییە جگەلەوەی کەهەر یەکەیان 8 وەزراەتی دیکەی بەردەکەوێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەپارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەئێستادا هەردوو حیزب ڕازی بوون لەسەر ئەوەی وەزارەتی دارایی بدرێتە یەکێتی و وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەش بۆ پارتی بێت".

هەرچەندە تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە کێ بۆ ئەو پۆستانە دیاری دەکرێت، بەڵام سەرچاوە ئاگادارەکەی پارتی، گوتی "پارتی زۆری پێباش بووە، شێخ بایز، لەوەزیری دارایدا بمێنێتەوەو ئەم بۆچوونەشی بەیەکێتی و خودی شێخ بایز گوتووەو ڕەنگە هۆکاری سەرەکی پێدانی ئەم پۆستەش بەیەکێتی خودی شێخ بایز بێت، هەرچەندە تەکلیف لە شێخ بایز کراوە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە شێخ بایز نەیەوێت ئەم کارەبکات" ئەو سەرچاوە زانیاری ئەوەشیدا کە "بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ تاوەکو ئێستا دیارنییە، چونکە ئەگەری ئەوە بەهێزە کەریم شنگاری ببێتە جێگری سەرۆکی حکومەت، بەڵام ئەگەر نەبووە جێگری سەرۆکی حکومەت ئەوا هەر خۆی وەزیری ناوخۆ دەبێت و بۆ وەزیری پێشمەرگەش تاوەکو ئێستا بڕیار نەدراوە زەعیم عەلی دابنرێتەوەو زۆر بەرپرسی سەربازی پارتیش چاوی لەو پۆستەیە".

### حیزبە کوردییەکانی دیکە وەزیریان نابێت

پاش ئەوەی گۆڕان و چوار حیزبەکە بڕیاریاندا وەک ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە، جگە لە یەکێتی و پارتی هیچ حیزبێکی دیکە پۆستی وەزیری وەرناگرێت، هەرچەندە تاوەکو ئێستا دیارنییە کە بزوتنەوەی ئیسلامی خاوەن 2 کورسی پەرلەمان و چەپەکانی خاوەن کورسییەکی پەرلەمان بەشداری حکومەت دەکەن یان نا، بەڵام ئەو سەرچاوەی پارتی ئاماژەی بەوەدا کە "ئەگەر ئەو دوو حیزبە بەشداریش بکەن، ئەگەری ئەوە زۆر لاوازە وەزیریان بدرێتێ و لەوانەیە بە بریکاری وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی بەشدارییان پێبکرێت و ئەگەر لەحکومەتیش پۆست بدرێتە چەپەکان بۆ باڵی مەکتەبی سیاسیی زەحمەتکێشانە".

لەبارەی بەشداریکردن بەکەمە نەتەوایەتییەکانی تورکمان و مەسیحی، ئەو سەرچاوە ئاماژەی بەوەکرد، ئەگەری ئەوە زۆرە وەزارەتێک بدرێتە تورکمان و وەزارەتێکیش بدرێتە مەسیحییەکان" ئەم وەزارەتانەش بۆ ئەو دوو لیستە تورکمانی و مەسیحییە دەبێت کەیەکی 3 کورسییان بەدەست هێناوە، هەرچەندە ئەو لایەنانەش کورسییان هەیەو ئەگەر بەشداربن حەقە پۆستیان بدرێتێ لەحکومەت، بەڵام بۆ بەرچاوی لایەنی نێودەوڵەتی کورد دەیەوێت پیشانی بدات کەگرنگی بەکەمە نەتەوایەتییەکان دەدات".

### لە ئەنجومەنی وەزیران چی دەگۆڕێت؟

جگە لەسەرۆکی حکومەت بەشێکی بڕیارە گرنگەکان لەلایەن سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوەو تەنانەت سەرۆکی دیوان دەسەڵاتی چەندین بڕیاری گرنگی هەیە. پێدانی پۆستی سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی و جێگرەکەی بۆ پارتی یەکلایی بووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا پۆستەکانی دیکەی ئەنجومەنی وەزیران یەکلایی نەبووەتەوە، هەرچەندە چەند سەرچاوەیەکی یەکێتی لەڕۆژی سوێند خواردنی پەرلەمانتاران و سەرۆکی هەرێمدا ئاماژەیان بەوە دەکرد کە سەعدی پیرە، دەبێتە سەرۆکی دیوان، بەڵام سەرچاوەیەکی بەرپرسی یەکێتی ئەو زانیارییانەی ڕەتکردەوەو تەئکیدی لەوە کردەوە کە" د.نوری عوسمان، لەجێگای خۆیدا دەمێنێتەوەو گۆڕانکاری لەهیچ پۆستێکی ناو ئەنجومەندا ناکرێت و تەنیا ڕاوێژکارەکانی سەرۆکی حکومەت دەگۆڕدرێت و ئەوەش شتێکی ئاساییە".

لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، گوتی" ئەو قسە ڕاست نییە کەمن ببمە سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران پاش ئەوەی کاک مەسعود بەنامەیەک تەکلیف لە د.بەرهەم دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت، گفتوگۆکان دەست پێدەکات و هەموو شتێک یەکلایی دەبێتەوە".



نێچیرڤان بارزانی و بەرهەم ساڵح و زەڵمای خەلیلزاد لە دانیشتنی سوێندخواردنی پەرلەماندا (فۆتۆ: ڕووداو)

# کێشەکان دەرگای کۆنگرە بە یەکێتی دەکەنەوە

## پێش کۆنگرە 10 ئەندامی نوێ بۆ سەرکردایەتی یەکێتی دادەنرێن

نەوزاد مەحمود
ڕووداو- سلێمانی

یەکێتی لەمانگی 10 پلنیۆم دەبەستێ و جێگای ئەو 10 ئەندامەی سەرکردایەتی پڕدەکاتەوە کەباڵی ڕیفۆرمیان پێکهێناوەو لەپلنیۆمیشدا کاتی بەستنی کۆنگرە دیاری دەکرێ.

چەند کارێرێک بەر لەوەی وەک خۆ ئامادەکردن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، نامەی دەست لەکارکێشانەوە بۆ نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بنووسێت، د.بەرهەم ساڵح بە (شەرقولئەوسەت)ی گوت "یەکێتی دەبێت هەڵبژێردرێتەوەو لە ڕەگەوە گۆڕانکاری لە پەیکەری یەکێتیدا بکرێت و سەرکردایەتیەکەی تازە بکرێتەوە، چونکە ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئاکامەکان خراپ دەکەونەوە".

کێشەکان لەوە زیاتر دەرفەت بە یەکێتی نادەن کۆنگرەی سێ دوابخات و بەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی 25ی تەموز، تاڵەبانی ناچارکرد، سەرکردەکانی نێو یەکێتی هانبدات بۆ ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەو زۆربەی سەرکردەو چاودێرانیش لەو بڕوایەدان، ئیدی یەکێتی ناچارە دوا دەرگا بە ڕووی کێشە نێوخۆییەکانیدا بکاتەوە، کە ئەویش کۆنگرەی سێیەمە.

عارف ڕوشدی، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی چاودێری و پشکنینی یەکێتی ڕایگەیاند لەو نزیکانە یەکێتی کۆنگرە دەبەستێ و لە ئامادەکاری وردو چڕوپڕ دان بۆ ئەو کۆنگرەیە. ڕوشدی گوتی "یەکێتی بەهۆی پێشهاتە سیاسییەکان و هەڵبژاردنەکانەوە نەیتوانی پێشتر کۆنگرە ببەستێت".

بەو پێیەی کە یەکێتی دوور لەنەوشیروان و هاوڕێکانی ولەدوای ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، کۆنگرەی سێیەمی خۆی دەبەستێت، چاوەڕوان دەکرێت سێیەمین کۆنگرەی حیزبی و یەکەمین کۆنگرەی خاڵی لە ململانێ و گفتوگۆی جیاوازی فکری و باڵباڵێن بەڕێوەببات و سەرکردەکانی ئێستای نێو یەکێتی بە کۆنگرەی هەستانەوەی یەکێتی و باڵی ڕیفۆرمی سەرکردایەتی و گۆڕانیش بەکۆنگرەی تەسفیەکردن ناوی دەبەن.

### هێشتا کاتی کۆنگرە نادیارە

هێشتا وادەی بەستنی کۆنگرە دیار نییە. لەتیف شێخ عومەر، یاریدەدەری تاڵەبانی بۆ کاروباری هەڵبژاردن گوتی "بەدڵنیاییەوە پێش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان کۆنگرە دەبەستین".

ڕۆژی 8/16 بەسەرپەرشتی عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە کۆبوونەوەو چەند لیژنەیەکی دیکەش لەو چوارچێوەیەدا دروستکران، لەوانەش لیژنەی پەیرەو پرۆگرام و کاروبارە هونەرییەکانی کۆنگرە. یاریدەدەری تاڵەبانی بۆ کاروباری هەڵبژاردن دەڵێ بێگومان پەیرەو پرۆگرامی یەکێتی دەگۆڕدرێت و لیژنەکە چەند دانەیەکی ڕەشنووسی پەیڕەو پرۆگرام ئامادە دەکەن و لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دەدرێت. گوتیشی "یەکێتی دوابڕیاری خۆی لەبارەی کۆنگرەو گۆڕینی پەیرەو پرۆگرامەوە داوە". مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئەوەی پشتڕاستکردەوە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان کۆنگرە دەبەستن.

### یەکێتی بەڕێگەی فەتحدا

بەشێک لەکێشەکانی یەکێتی، هەمان ئەو کێشانەن کە چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا ڕێکخراوی فەتحی فەلەستینیان گەیاندە کۆنگرەی شەشەم. ئەزموونە لێکچووەکانی نێوان ئەو ڕێکخراوە فەلەستینیەو ئەو پارتە کوردییە، زیاتر لە ململانێی کاراکتەرە سەرەکییەکانی وەک (نەوشیروان و تاڵەبانی) و (ئەبومازن و قەدومی)دا خۆیان دەبیننەوە.

لەنێو ڕێکخراوی فەتح دا، فاروق قەدومی کەسی دووەمی نێو ڕێکخراوەکە بوو، چووە دەرەوەو وەڵامی ئەو نامەیەشی نەدایەوە کە ئەبومازنی کەسی یەکەمی ڕێکخراوەکە بۆ بانگهێشتی کۆنگرە بۆی ناردبوو، هەروەک چۆن نەوشیروانیش دوای چوونە دەرەوەی لەیەکێتی، وەڵامی ئەو نامەیەی نەدایەوە کە تاڵەبانی چەند مانگێک پێش ئێستا بۆی نارد، تا گفتوگۆ بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان بکەن.

ڕێکخراوی فەتح دوای بەستنی کۆنگرەی شەشەم و گفتوگۆی گەرمی نێو بیروڕا جیاوازەکانی ڕێکخراوەکە، سەرکەوتنی کۆنگرەی ڕاگەیاندو جارێکی دیکە ئەبو مازن بەسەرۆکی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرایەوە. فەرید زامدار ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر، کە ساڵانێک لەنێو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا بووە، جەخت لەو بەراوورده سیاسییە دەکاتەوەو پێیوایە یەکێتیش کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و بێ کێشە دەبەستێ. فەرید گوتی "ڕۆیشتنە دەرەوەی ئەو کادیرانە کاریگەری لەسەر کۆنگرەی سێی یەکێتی نابێت، وەک چۆن لەڕێکخراوی فەتحیش هەمان شت ڕوویدا".

### تاڵەبانی لەگەڵ نەوشیروان دانانیشێت

دوو ڕای جیاواز لەنێو بەرپرسانی یەکێتی هەیە بۆ ئەگەری دانیشتنی تاڵەبانی و نەوشیروان بەر لەکۆنگرە، شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی سەبارەت بەو دانیشتنە گوتی "لەسیاسەتدا هیچ شتێک دوور نییە". کەچی مستەفا چاوڕەش ئەوە بە مەحاڵ دەزانێ و دەڵێ لەو ماوەیەی ڕابردوو کەشەکە بەشێوەیەک ئارام نەبووەتەوە تا پێشبینی شتی وابکەین. چاوڕەش گوتیشی "زەمینەی گفتوگۆ ئاستەم بووە".

سەرکردەیەکی یەکێتی لەو بڕوایەدا بوو دوور نییە تاڵەبانی بەر لەبەستنی کۆنگرە لەگەڵ نەوشیروان کۆ ببێتەوە "مەرج نییە وەک سەرکردەیەکی یەکێتی قسە لەگەڵ کاک نەوشیروان بکات، چونکە ئێستا ئەو لیستی جیاوازی خۆی هەیە". ئەو سەرکردەیە لەو باوەڕەدایە دانیشتنەکە سوودی دەبێت "چونکە ئەگەر کاک نەوشیروان بیەوێت، لەدوورەوەش دەتوانێ کێشە بۆ کۆنگرەی یەکێتی دروست بکات".

### ڕای ریفۆرم ڕوون نییە

جەمال محەممەد، کە لەگەڵ پێنج ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی چوونەتە دەرەوەو باڵی ڕیفۆرمیان پێکهێناوە ڕایگەیاند ئەوان هێشتا بڕیاریان نەداوە چ بکەن. جەمال محەممەد دەڵێ "ئێمە لەگەڵ لیستی گۆڕان داین کار بۆ ئەوانیش دەکەین، بەڵام هەڵوێستی ئێمە بۆ کۆنگرە و بەشداریکردن تێیدا وەک لیستی گۆڕان نییەو وازمان لەهەندێ مەسەلە نەهێناوە". جەمال گوتیشی یەکێتی بەحسابی خۆی ئێمەی دەرکردووە "بەڵام ئەوە بڕیارێکی ناشەرعییەو بائێمە بانگ بکەن و لەکۆبونەوەیەکی سەرکردایەتیدا ئەو بڕیارە بدەن کە خۆشمان ئامادە بین".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، یەکێتی بۆ کۆنگرە بانگی ئەوانە ناکات کە لەیەکێتی چوونەتە دەرەوە و جەمال محەممەدیش دەڵێ ئەو کۆنگرەیە بە کات بەڕێکردن و تەسفیەکردن و ئاهەنگگێڕان کۆتایی دێت. بەڵام یاریدەدەری تاڵەبانی بۆ کاروباری هەڵبژاردن ڕەتیکردەوە کە کۆنگرە بۆ تەسفیەکردن بێ "ئێمە ئیش لەسەر تەسفیەکردن و موئامەرە ناکەین و ئەوانە تەسفیەیان پێویست نییە، پێویستە خۆیان بڕۆن، چونکە کارکردن لەناو حیزبێکدا بەو شێوەیە دەچێتە خانەی خەتمایلی و جاسوسیەوە".

### تاڵەبانی دەبێتەوە سکرتێر

لەکۆنگرەی دووەمی یەکێتیدا کە لەساڵی 1992 بەسترا، بووە کۆنگرەی تێکەڵکردنی باڵەکان سەرجەم باڵەکان تاڵەبانیان وەک سکرتێری گشتی هەڵبژارد. ئەگەرچی ئەو باڵانە پاش ماوەیەکی کەم بەجووڵە هاتنەوەو پاش کوژانەوەی ئاگری شەڕی نێوخۆش ململانێکانیان زەق بوونەوە، کەچی تاڵەبانی تاکە سکرتێری هەڵبژێدراو بوو کە توانی بەگوتاری "چەپکە گوڵەکە"و "یەکێتی ڕیزەکانی یەکێتی" ساڵانێک ئەو کێشانە بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت.

هێشتا وادەی کۆنگرە ڕوون نییە، زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی بوونەوە بە سکرتێری تاڵەبانی وەک زەروورەت دەبینن و تاڵەبانیش لەدیمانەیەکی پێشتری واشنتۆن پۆستدا گوتی "سەرۆکایەتی عێراق کاتییە، بەڵام یەکێتی هەتاهەتاییە". شێخ جەعفەر مستەفا دەڵێ "بەڵێ مام جەلال هەڵدەبژێردرێتەوەو هەموومان کۆکین لەسەر هەڵبژاردنەوەی ئەو"، مستەفا چاوڕەشیش گوتی "هەموومان بە پێویستی دەزانین مام جەلال ببێتەوە سکرتێری گشتی، چونکە ڕکابەری نییە".

### کۆنگرە چی پێیە؟

بەڕای فەرید زامدار، ئەوە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتییە کە زۆرترین ئامادەکاری بۆ کرابێ "بۆیە پێموابێت کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دەبێت". هەروەها لەتیف شێخ عومەر دەڵێ بیروڕا زۆرن بۆ ئەوەی کۆنگرە جیدی و پڕ بەرهەم بێت و بێگومان خەڵکی نوێ و گەنج دێنە نێو سەرکردایەتیەوەو گۆڕانکاری و چاکسازی زۆریش لەنێو مەڵبەند و کۆمیتەکان دەکرێ. ئەو یاریدەدەرەی تاڵەبانی زیاتر گوتی "ئیتر دەبێت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، کە عەقڵی نەخشەداڕێژەرو عەقڵی بڕیاردەری حیزبن، سەرقاڵ نەبن بە ئەرکی دیکە و تەنها بە ئەرکی پلاندانان و بەرنامە داڕشتنەوە سەرقاڵ بن".

بەڵام جەمال محەممەد ئەندامی سەرکردایەتی لەباڵی ریفۆرم، دەڵێت کۆنگرە خاڵی دەبێ لەگۆڕانکاری "بە چەپڵەو ئاهەنگ کۆتایی دێت و تەنها بۆ کات بەڕێکردنە".

### 10 ئەندامی نوێ دەچنە سەرکردایەتی یەکێتی

2009/8/22، بەسەرۆکایەتی تاڵەبانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی کۆبووەوەو لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا لە مانگی 10ی ئەمساڵدا یەکێتی پلنیۆم ببەستێت، بەپێی ئەوزانیارییانەی (ڕووداو) لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستی کەوتووە "مەبەستی سەرەکی یەکێتی لە پلنیۆم دانانی 10 ئەندامی نوێیە لەسەرکردایەتیدا بۆ ئەوەی جێگای ئەو 10 ئەندامەی سەرکردایەتی بگرنەوە کەباڵی ریفۆرمیان دامەزراندووە".

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی"بڕیارمانداوە لە مانگی 10ی ئەمساڵدا پلنیۆم بگرین و لەپلنیۆمیش بڕیار دەدرێت کەی کۆنگرە دەگیرێت". چاوڕەش لەبارەی هاتنی باڵی ریفۆرم بۆ کۆنگرە، پێداگیری لەوە کرد کە" ئەوانەی لەدەرەوەی یەکێتین ناتوانن بێنە پلنیۆمەوە، ئەوانەش بەشداری پلنیۆم دەکەن یەکێتی داوایان دەکات و ئێمەش دوا لەوانە ناکەین بێنە پلنیۆمەوە کەچوونەتە دەرەوەی یەکێتی".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی ئەوەشی نەشاردەوە کە" ئەو بۆشاییانەی لەسەرکردایەتی یەکێتیدا دروست بووەو هەیە لەپلنیۆمدا بڕیار دەدرێت پڕبکرێتەوە چونکە پلنیۆم دەسەڵاتی کۆنگرەی هەیە".

## یەکێتی پەرلەمانێک بۆ حیزبەکەی دروست دەکات

ڕووداو-هەولێر

بەپێی ئەو پرۆژەیەی کە بۆ پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئامادە کراوە، هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نابێت پۆستی حیزبی وەربگرێ و ئەرکیشی تەنیا چاودێریکردنی ئۆرگان و مەکتەبەکانی یەکێتیی دەبێت و بۆ چاودێریکردنی کارەکانیشی یەکێتی پەرلەمانێکی حیزبی دروست دەکات.

لەبەهاری 2008دا، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ دانانی پەیڕەو پرۆگرامێکی تازە بۆ یەکێتی، لیژنەکە سەرەتا لە عارف ڕوشدی، فەرید ئەسەسەرد، ئاسۆ عەلی و ڕزگار عەلی پێکهاتبوو، بەڵام دواتر ئاسۆ عەلی و ڕزگار عەلی لە لیژنەکە کشانەوە و هەر یەک لە عارف ڕوشدی و فەرید ئەسەسەرد پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیان بۆ کۆنگرەی سێ ئامادە کردو ڕادەستی مەکتەبی سیاسی یەکێتیان کرد.

فەرید ئەسەسەرد، لەو بارەیەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێڕەوەکە لای مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەو پێیان باش بووەو تاوەکو ئێستاش هیچ تێبینییەکیان لەسەر نەبووە".

بەپێی پرۆژەکە کە پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کراوە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی جگە لە ئەندامییەتی مەکتەبی سیاسی نابێت هیچ پۆستێکی دیکەی حیزبی وەربگرن. فەرید ئەسەسەرد، ڕوونیکردەوە "ئەندامی مەکتەبی سیاسی نابێت بەرپرسی مەکتەبەکان و مەڵبەند و ئۆرگانە حزبییەکانی دیکەی یەکێتی بێت، بۆ ئەو پۆستانە دەکرێت ئەندامی سەرکردایەتی یان خەڵکی دیکە دابنرێت، ئەرکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی و چاودێریکردنی ئۆرگانە حزبییەکانی یەکێتییە".

> **یەکێتی حزبێکی سۆسیال دیموکراتەو پێویستی بە پەرلەمانێکی وا هەیە**
> فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی

### دامەزراندنی پەرلەمانێک

لەکۆنگرەی دووەمی یەکێتیداد. فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، داوای ئەوەی کرد شتێک لەشێوەی پەرلەماندا دروستبکرێت بۆ یەکێتی و ناوبنرێت ئەنجوومەنی ناوەند، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی یەکێتی لەپرۆژەیەکدا ئەو بابەتەی نوێ کردەوە.

فەرید ئەسەسەرد و عارف ڕوشدی، لەو پرۆژەی کە بۆ پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئامادەیان کردووە باسی دروستکردنی ئەو پەرلەمانەیان کردووە. ئەسەسەرد، دەڵێت "پرۆژەکەمان تەواو کردووەو پێشکەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتیمان کرد، لەوێ باسی ئەو پەرلەمانە کراوەو ئێستا خیلاف لەسەر دامەزراندنی نییە، خیلاف لەسەر دەسەڵاتەکانی هەیە".

ئەسەسەرد، بوونی ئەم پەرلەمانە بەپێویست دەزانێت و دەڵێت "یەکێتی کە ئەندامە لە سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵ و حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، پێویستی بە پەرلەمانێکی وا هەیە، ئەم پەرلەمانەش کاری تایبەتی خۆی هەیە کە تایبەتە بە حیزب". بەپێی گوتەی ئەسەسەرد، تا ئێستا ئەرکەکانی ئەم پەرلەمانە دیارینەکراون، کە ئایا چاودێر دەبێت بەسەر حیزبەوە یان ئەرکی دیکەشی هەیە.

هەروەها عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەبارەی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی گوتی "حیزب لە کۆنگرەدا بڕیاری لەسەر دەدات"، لەبارەی دروستکردنی پەرلەمانێک بۆ یەکێتی، عیماد گوتی "ئەوە ڕاسپاردەی کۆنگرەی دووەمەو دامەزراندنی دوا کەوتووەو کار بۆ دامەزراندنی دەکەین".

> **ئەوە ڕاسپاردەی کۆنگرەی دووەمەو دامەزراندنی دوا کەوتووەو کاری بۆ دەکەین**
> عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

# ڕیپۆرتاژ

## لەحکومەتی نوێدا چەند وەزارەتێک بۆ ژنان دەبن



ڕووداو- هەولێر

سۆزان شەهاب گوتەبێژی لیستی کوردستانی ڕایگەیاند کە ژمارەی وەزارەتەکانی کابینەی نوێی حکومەت لە 20 وەزارەت تێناپەڕن و گوتیشی "بەشی ژنان لەو وەزارەتانە زۆر دەبێت" بەبێ ئەوەی ژمارەی وەزارەتەکان بڵێت. سۆزان شەهاب ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەشداریی ژنان لەم حکومەتەدا بەشدارییەکی بەهێز دەبێت و گوتی "داوای ڕێژەیەکمان کردووە کە گونجاوبێت لەگەڵ ڕێژەی ژنانی نێو پەرلەمان کە 30% دیاریکراوە.

### جەمال محەممەد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی –باڵی ریفۆرم وبەرپرسی پێشووی مەڵبەندی دەرەوە:

# یەکێتی هەرگیز نابێتەوە یەکێتییەکەی جاران

**ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی –باڵی ریفۆرم وبەرپرسی پێشووی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی جەمال محەممەد دەڵێ لە ئەوروپا کەمینە لەگەڵ یەکێتی ماون وزۆرینەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لەگەڵ لیستی گۆڕانن و دەڵێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا گۆڕان لە لیستی هاوپەیمانی زیاتر دەنگ دەهێنێ لە ئەوروپا. جەمال محەممەد کە یەکێتی بە بەدزینی پارەی مەڵبەندی دەرەوەو کۆمیتەی فەرەنسا تۆمەتباری دەکات، ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ " هەتا لەگەڵ ئەوان بووم کەسێکی زۆر پاک بووم، بەڵام کە لەگەڵیان نەمام کردمیان بەدز"**

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو–سلێمانی**



جەمال محەممەد دەڵێ، لە هەموو ناخۆشییەکانی یەکێتیدا من لە پێشەوە بووم (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو: چەند جارێک گوتت زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخستنەکانی یەکێتی لەئەوروپا ئێستا لەگەڵ گۆڕانن، ئایا ئەمەبەهۆی ئەوەبوو کە ئێوەخۆتان لەگەڵ گۆڕان بوون، یان جەماوەری گۆڕان لەناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا، لەئەورووپاش خۆڕسکانە بەردەوام زیاد دەکات؟**

**جەمال محەممەد:** مەسەلەکە خۆڕسک نییە، ئەوانەی لە دەرەوەن خەڵکانێکن هوشیارترن لەڕێگەی ئینتەرنێت و پاڵتاکەوە ئاگایان لەهەموو دونیا هەیە، ئەوانە تەحەمولی کەموکوڕی ناکەن، چەند جارێک کە بەرپرس یان کارگێری کۆمیتەیەک بەسەردان هاتوەتەوە بۆ کوردستان و دواتر گەڕاوەتەوە بەتەلەفۆن پێیگوتوم کە ئیتر تاقەتی نەماوەو واز دێنێت لەکارکردن، چونکە لێرە کەموکوڕی بینیوە. هەواڵە نێوخۆییەکانی کوردستان کاریگەری زۆرە لەسەر زیاد بوونی ڕێکخستنەکانی گۆڕان

> **هەتا لەگەڵ ئەوان بووم کەسێکی زۆر پاک بووم، کە لەگەڵیان نەمام کردمیان بەدز**

لەئەوروپا. پێشتر کە باڵی ریفۆرم لەئەوروپاوە سەریهەڵدا، کوردانی ئەوروپا لەگەڵ ئەوباڵە بوون و ئێستاش پشتیوانی لە لیستی گۆڕان دەکەن. خەڵکانێکی ئێجگار زۆریش هەن کە هەر یەکێتیش نەبوون ئێستا لەگەڵ گۆڕانن. ئێستا قەرەباڵخترین کۆڕوسیمینارو کۆبوونەوە لەئەوروپا، ئەوانەی لیستی گۆڕانە.

**ڕووداو: ڕێکخستنەکان بەژمارە گەیشتوونەتە چەند و کێ چالاکییەکانی گۆڕان لەئەوروپا بەڕێوەدەبات؟**

**جەمال محەممەد:** لەسەرتاسەری ئەوروپا کۆمیتەی پشتگیریی لە لیستی گۆڕان دروستبووە، لە وڵاتێکی وەک سویسرا بەرپرسی کۆمیتەو دوو کارگێڕ وسەرجەم بەرپرسی کەرتەکان، لەگەڵ یەکێتی نەماون و بۆخۆیان کۆمیتەیەکیان دروستکردووەو پشتگیریی لەلیستی گۆڕان دەکەن. لەبەریتانیا ماوەی سێ ساڵە چوار کارگێڕ و چەند بەرپرسی کەرتێک جیابوونەتەوەو هەرلەوکاتەوە ڕایانگەیاندووە کە سەر بەباڵی ریفۆرمن. بۆیە ئێستا کەمینە لەگەڵ یەکێتی ماونەتەوە. ئێستا لە ئەوروپا سێ بیروبۆچونی جیاواز هەیە، یەکەم ئەو ریفۆرمییە کۆنانەی لەسەرەتاوە باڵی ریفۆرمیان دروستکرد، دووەم ئەوانەی کە لەگەڵ ڕەگن، هەرچەندە ئەوان زۆر کەمن و سێیەم ئەوانەن کە هیچ نەبوون و تەنها خەڵکی ڕۆشنبیرن و ئەوانەش ژمارەیەکی زۆرن و ئێستا ئەو سێ بیروبۆچونە جیاوازە لەهەر وڵاتێکدا کۆمیتەیەکیان دروستکردووەو پشتیوانی لە لیستی گۆڕان دەکەن. ئێمە وەکو مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی 17 کۆمیتەمان هەبوو، لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی لەبەر ئەوەی کورد کەم بوو کۆمیتەمان نەبوو، بەڵام چەند خەت و ختوتێکمان هەبوو. بەپێی ژمارەش نزیکەی 16هەزار ڕێکخستن هەبوو.

**ڕووداو: ئێوە وەک ئەندامانی سەرکردایەتی باڵی ریفۆرم، چوونە نێو لیستی گۆڕانەوەو هەڵوێستی خۆتان ئاشکراکرد، بەڵام ئەوەی کە لە لیستی گۆڕان جیاتان دەکاتەوە، تێڕوانینتانە بەرامبەر کۆنگرەی سێی یەکێتی، ئایا ئێوە هێشتا یەکێتیشن؟**

**جەمال محەممەد:** ئێمە لەگەڵ لیستی گۆڕان هیچ جیاوازیمان نییەو خۆمان بەگۆڕانیش دەزانین، بەڵام ئێمە ئەو 10 کەسە کە شەش ئەندامی سەرکردایەتی و چواری مەکتەبی سیاسیە، هەتا ئێستا لەناو یەکێتی دەرنەکراوین وئیستیقالەشمان نەنوسیوەو خۆشمان بەخاوەنی یەکێتی دەزانین. هەر کاتێک یەکێتی ڕۆژی کۆنگرەی دیاریکرد، ئەوکات ئێمەش هەڵوێستمان ڕوون دەکەینەوە.

**ڕووداو: بەڵام لیستی گۆڕان کار بۆ ئەوە دەکات پەیڕەو و پرۆگرامی حیزب دابڕێژن، لەم سەروبەندە چۆن ئێوە هێشتا خۆتان بەخاوەنی یەکێتی دەزانن؟**

**جەمال محەممەد:** یەکلایی دەکەینەوە لەداهاتوودا .ئێستا هەموومان لەناو گۆڕانداین وەک حیزب نا، بەڵام هەوڵدەدەین ئەو بزووتنەوەیە ڕێکبخەین. دەمانەوێ ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە فراوانەی گۆڕان لەشتێکدا کۆ بکەینەوە، کە لەگەڵ ئەم حیزب و ڕێکخراوانەی ئێستای کوردستان جیاوازی هەبێت. گۆڕان تەنها نایەوێت سیستم بگۆڕێت، بەڵکو دەمانەوێ تەشکیلەو هەیکەل و

> **بە پلە یەک مام جەلال بەرپرسیارە لەو دۆخەی بەسەر یەکێتیدا هات**

پێکهاتەی ڕێکخراوەیش بگۆڕین.

**ڕووداو: دەگوترێت نەوشیروان پێی خۆش نییە ئێوە وەک باڵی ریفۆرم بچنە نێو لیستی گۆڕان؟**

**جەمال محەممەد:** کاک نەوشیروان بۆخۆی سەرکردەی ریفۆرم بووە لەناو یەکێتیدا، بەڵام کاتێک یەکێتی پێ چاک نەکراوە، یان ڕێگەی لێگیراوە ئەوە بکات، لەبەرامبەردا هاتووە ئەوەی دروستکردووە، کاک نەوشیروان بۆخۆی بەهەماهەنگی هەموومان ئەمەی کردووەو کاتێک کاک نەوشیروان لەیەکێتیش هاتووەتە دەرەوە، ئێمە ڕۆژێک لەڕۆژان لەیەکتری دانەبڕاوین.

**ڕووداو: ئێوە بۆچی چاوەڕێی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیتان نەکردو هاتنە دەرەوە، لەکاتێکدا یەکێتی دەڵێ کۆنگرەیەکی جیدی دەبەستین؟**

**جەمال محەممەد:** پێمان وانەبوو کۆنگرەیەکی جیدی بێت، ئێمە چەند ساڵە لەناو یەکێتی هەر دەڵێین چاکسازی دەکەین و هیچیش دیار نییە، مام جەلال خۆی پرۆژەیەکی بڵاوکردەوەو ناوی نا پرۆژەی جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت و من خۆم لە دوو لیژنەدا ئیشم دەکردو زۆر دڵخۆش بووم پێی، بەڵام هەندێک برادەر، کە هێشتا پرۆژەکە لیژنەی بۆ دروست دەکرا هەوڵی مراندنی پرۆژەکەیان دەدا.

**ڕووداو: واتە پرۆژەکەی مام جەلال لەلایەن سەرکردەکانی یەکێتی پووکێنرایەوە؟**

**جەمال محەممەد:** بەڵێ، تەنانەت بەشێک لەو سەرکردانەش کە خۆیان بەخەتی گشتی دەزانن، مام جەلال بۆ خۆشی ئاگادار بوو، من لەگەڵ مام جەلال قسەم کردو باسی ئەو کادرانەی ئەوروپام بۆ کرد کە لە یەکێتی زویر بوون، پێیگوتم برۆرەوەو هەموویان ئاشت بکەرەوەو کاریان بدەرێ با ئیش بکەنەوە، کەچی هێشتا من نەگەڕابوومەوە، کاک ئەرسەلان نووسراوێکی نووسی و گوتی بڕیارماندا بەدەرکردنی هەموو ئەو کادرانەی ڕەگیان دروستکردووە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە هێشتا خۆمان لەناو لیژنەکانی چاکسازیدا بووین بۆ ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی یەکێتی.

**ڕووداو: بەڕای تۆ کێ بەرپرسە لەو دۆخەی یەکێتی تێکەوت؟**

**جەمال محەممەد:** بە پلە یەک مام جەلال، دوایی ئەوانی دیکە، بەڵام هەرلەیەکەمەوە دەست پێدەکات.

**ڕووداو: ئێستا سەرکردەکانی یەکێتی دەڵێن دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت، یەکێتی و سلێمانی دەبەینەوە دۆخەکەی جاران، تۆ لەو باوەڕە دایت بتوانن ئەوە بکەن ؟**

**جەمال محەممەد:** هەرگیز یەکێتی ناچێتەوە دۆخی جاران.

**ڕووداو: دەڵێی لەئەوروپا کەمینە لەگەڵ یەکێتی ماوە، لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ئەوانیش دەنگ دەدەن، کەواتە چاوەڕێ دەکەن گۆڕان لەو هەڵبژاردنە دەنگی زیاتر بهێنێت؟**

**جەمال محەممەد:** بەپێی ڕێژە لیستی گۆڕان نەک هەر لەنێو ڕێکخستنەکانی ئەوروپا، بگرە لەناوچە جێناکۆکەکانیش زۆرینە دەهێنێت. من پێموایە لیستی گۆڕان لەناو کوردانی ئەوروپا بەشی شێر دێنێت.

**ڕووداو: کاتێک باڵی ریفۆرمی سەرکردایەتیتان ڕاگەیاند، یەکێتی تۆمەتباریان کردیت بەدزینی پارەی مەڵبەندی دەرەوەو کۆمیتەی فەرەنسا، ئەوە تاچەند ڕاست بوو؟**

**جەمال محەممەد:** من ئەو پرسیارەم زۆر پێ خۆش بوو، دوای ئەوەی دیدارێکم لەکەناڵی KNN بڵاوبووەوە، هەر بۆ بەیانی ئەو برادەرانە هەندێک شتیان لەسەر من بڵاوکردەوە، دیارە ئەو دیدارە کاریگەری لەسەر دانابوون. دەڵێن گوایە من 8 هەزار دۆلاری کۆمیتەی فەرەنسام لایە، خۆی ئەوە 8 هەزار دۆلار نییەو 8700 دۆلارە. ساڵی 2006 کۆمیتەی فەرەنسا لەبەر ئەوەی هەندێک وردە کێشەی هەبوو، مەڵبەندی دەرەوە بڕیاریدا یارمەتییەکانیان بوەستێنێت، پارەکە هەندێکی لای برادەرێک ماوەتەوە کە ناوی کاک شاخەوانەو ئەو پیاوێکی پاکەو تەنانەت لەگەڵ بۆچوونی سیاسی منیشدا نەبووە.کە مەڵبەند لە 2008/10/8 حەلکرا، ئەو 8700 دۆلارەی تەسلیمی من کرد. ئەو پارەیە 5 هەزار دۆلاری بۆ مەکتەبی ڕێکخستن خەرجکراوەو بەنووسراوی ڕەسمیش مەکتەبی ڕێکخستن و کاک ئەرسەلان بایز ئاگادارکراوەتەوەو لەساڵی 2008دا مەکتەبی ڕێکخستن ئەو پارەیەی دایە کاک بەرزان فەرەج، کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەوێ بووەو 3700 دۆلارەکەی دیکەش بەنووسراوی ڕەسمی تەسلیمی کاک بەرزان فەرەج کراوە. هەروەها تۆمەتی دزینی پارەی ڤیزام بۆ دروستکراوە، پارەی ڤیزا کە وەردەگیرا ئەوە لەڕێگەی کۆمیتەکانەوە بووەو هیچ پەیوەندی بەمنەوە نییەو کاک سەردار عەزیز کە لەهۆڵەندایە ئاگای لەوە هەیەو هەموو ئەو پارانەش لەدیکۆمێنت و ئەرشیفدا ماون. لەلایەکی ترەوە، بۆ هەموو مەڵبەندی دەرەوە مانگی 50 هەزار دۆلارمان هەبووە، لەکاتێکدا پارەیەکی زۆر کەمەو لەبەر ئەوەش کەمبووە کە من بەرپرسی مەڵبەندی دەرەوە بووم، چونکە ئەگەر من بەرپرسی مەڵبەندی دەرەوە نەبوومایە 150هەزار دۆلاریش دەدرا، ئەو پەنجا هەزارە نوسراوی مام جەلالم لایە کە لەساڵی 2004دا نووسیویەتی و دەڵێ 40 هەزاری بۆ مەڵبەندو کۆمیتەکانەو 10هەزاریشی بۆ بەردەستی بەرپرسی مەڵبەند، کە دیارە لەو بەردەستە بەردەوام یارمەتی خوێندکاران و ژنان و ڕێکخراوەکانی لێدراوە و بۆ هاتوچۆ و کرێی خانوو بووە. بەداخەوە هەتا من لەگەڵ ئەوان بووم کەسێکی زۆر پاک بووم، بەڵام کە لەگەڵیان نەمام کردمیان بەدز.

**ڕووداو: بەداگیرکردنی خانوویەکیش تۆمەتبار کراویت، وا نییە؟**

**جەمال محەممەد:** من یەکەم فەرماندەی کورد بووم کە لەدوای ڕاپەڕین هاتوومەتە ئەم وڵاتە،

> **لیستی گۆڕان نەک هەر لە ئەوروپا، بگرە لەناوچە جێناکۆکەکانیش زۆرینە دەهێنێت**

لە هەموو ناخۆشیەکانی یەکێتیدا من لەپێشەوە بووم. لە کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 کە هەموو کورد چوونە دەرەوەی سلێمانی، من لەئەزمڕ مامەوە، هەموو کەس و بەرپرسێکی یەکێتی خانووی 2000 مەتری و 2500 مەتری کە هەبووە بۆیان تاپۆ کردووە، ئەم خانووەی من تاپۆ نەکراوە لەبەر ئەوەی من لەسەر ئەو باڵە بووم. لەناو یەکێتی تەنها 200مەتر زەویم وەرگرتووەو کاتێکیش کە بریندارببووم، زەوییەکەیان بۆفرۆشتم و پارەکەیان بۆ ناردم بۆ نەخۆشخانە.

**ڕووداو: لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا سەرکردەکان و هەوادارانی گۆڕان بەوە هەواداڕانی یەکێتیان سارد دەکردەوە کە دەیانگوت یەکێتیش بۆ پارتی دەکات و سەرۆکی هەرێم و حکومەت هەر بۆ پارتی دەبێت، ئێستا یەکێتی سەرۆکی حکومەت وەردەگرێت، ئایا هەر بەڕاستی ئەوە پێشبینیتان بوو یان بۆ سارد کردنەوەی دەنگدەری یەکێتی بوو؟**

**جەمال محەممەد:** من پێموانییە ئەوە تەوەجوهاتی ڕەسمی لیستی گۆڕان بوو بێت لەسەرەوە، بەڵکو ئەوە بۆچوون بوو، من بۆ خۆم پێشبینی ئەوەیانم دەکرد کە ڕوویدا، ئێستەش پێموایە د.بەرهەم چوار ساڵ سەرۆکی حکومەت نابێت و بۆڕاستکردنەوەی باری گلاوی یەکێتی بۆ ماوەیەک سەرۆکی حکومەت دەدرێتەوە یەکێتی. هەرچەند نازانم بۆ ماوەی چەندە، بەڵام ماوەیەکی زۆر نییە.

**ڕووداو: دەگوترێت پارتی یەکێتی لاواز کردو وا ئێستاش هەڵیدەسێنێتەوە، ئەمە بۆچوونێکی ڕاستە؟**

**جەمال محەممەد:** پارتی یەکێتی لاواز نەکرد، بەڵکو یەکێتی خۆی خۆی لاواز کردووە، یەکێتی بە کردارو ڕەفتارو بێبەرنامەیی خۆی لاواز کردووە.

# هەڵەبجەییەکان ئومێدیان بە بەڵێنەکانی مالیکی نییە

### سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیان: مالیکی وەک پێویست بایەخی بەقسەکانمان نەدا



**نەوزاد مەحمود**
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو- هەڵەبجە**

هەڵەبجەییەکان و بەرپرسە ئیداری و ناحکومییەکانی هەڵەبجە چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد کە نووری مالیکی لەسەردانەکەیدا، هەمان ئەو پرسیارانەیان لێبکاتەوە کە سێ مانگ لەمەوبەر لەبەغدا لەبارەی بریندارانی چەکی کیمیایی کردبوونی و بەدرێژی وەڵامی درابووەوە، بەڵام لەوەش خراپتر پرسیاری دووەمی مالیکی بوو، کە لە بارەی ئەو تیمەوە کردی کە خۆی ناردبوونی بۆ هەڵەبجە.

دوای کۆبوونەوەکەی لەگەڵ هەریەک لە تاڵەبانی و بارزانی لە هاوینەهەواری دوکان، ڕۆژی 2009/8/3 مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەک پێشبینی دەکرا سەردانی هەڵەبجەی شەهیدی کردو، لەکاتی سەردانەکەشیدا بە دوو پرسیار هەڵەبجەییەکانی لەو چاوەڕوانییە نائومێدکرد. هەر دوای سەردانەکەی مالیکیش بۆ هەڵەبجە بەرپرسانی کورد، سەردانی هەڵەبجەیان کردو هەڵەبجەیان بە پرۆژەی تازە دۆلار باران کردو تاڵەبانیش بڕیاریدا لەسەر ئەرکی خۆی پارکێک بە بڕی 4 ملیار دینار بۆ هەڵەبجە دروست بکات.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، دەڵێ بەداخەوە مالیکی کاتێک هاتە هەڵەبجە هەمان ئەو پرسیارانەی کرد، کە پێشتر لە بەغدا لەئێمەی پرسی "ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ کە پێشتریش لەبەغدا کاتێک قسەمان بۆ کردووە، وەک پێویست بایەخی بەقسەکانمان نەداوە".

سەربارەی بێئاگاییەکانی مالیکی لەو بەڵێنانەی پێشتر بە هەڵەبجەی داوە، قایمقامی هەڵەبجە دەڵێ سێ داواکاری دیکەمان خستە بەردەم مالیکی. فوئاد ساڵح ڕەزا، قایمقامی هەڵەبجە گوتی "ئەو داواکارییانە بریتیبوون لە بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە، قەرەبووکردنەوەی خەڵکی هەڵەبجەو چارەسەرکردنی بریندارەکانی".

دانیشتووانی هەڵەبجەی شەهید، کە ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ سەردان و بەڵێنی بەرپرسان هەیە، بەگەشبینییەوە لەهاتنی ئەو سەرۆک وەزیرانەی بەغدا ناڕوانن و پێیانوایە کە ئامانجی بەسەرکردنەوەی هەڵەبجە نەبووەو تەنها بۆ چەند مەسەلەیەکی سیاسی هاتووەتە هەرێمی کوردستان.

نەجمەدین مەحمود، 29ساڵ پێیوایە کە هەر سەردانێک بۆ هەڵەبجە هەندێک ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی لەپشتەوەیە، بەڵام لەلای نەجمەدین ڕوون نییە کە چ ئامانجێک لە پشت هاتنەکەی مالیکیەوەیە "ئەوەندە بەڵێن دراوەو دواتر هیچ دیار نەبووە، نازانین بڕوا بە قسەکانی مالیکی بکەین یان نا".

عومەر ساڵح، 21ساڵ، کە بۆخۆی لەڕێورەسمی پێشوازیکردنی مالیکیدا ئامادەبووە، تاکە ئامانجی مالیکی لەو سەردانە دەبەستێتەوە بە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراقەوە "ئەو هات کێشەی سیاسی خۆی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد یەکلایی بکاتەوەو لەوێشەوە سەرێکی لەهەڵەبجەدا".

ڕۆژی 2009/6/1 وەفدێک کە لە بەرپرسە ئیدارییەکان وڕێکخراوە ناحکومیەکان وکۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە پێکهاتبوو سەردانی نوری مالیکیان کرد لەبەغداو چەند داواکارییەکیان خستە بەردەمی، کە بریتیبوون لە چارەسەرکردنی بریندارانی هەڵەبجە، ئاوەدانکردنەوەی شارەکە، قەرەبوو کردنەوەی خەڵکی هەڵەبجەدا. لەسەر بڕیاری مالیکی لە نێوەڕاستی مانگی 7ی2009دا تیمێکی تەندروستی سەردانی هەڵەبجەیان کرد بۆ پشکنینی بریندارانی هەڵەبجەو 630 برینداری ئەو شارەیان بینی، بەڵام بەپێی قسەکانی مالیکی لەکاتی دانانی تاجە گوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدان، ئاگاداری ڕاپۆرتی ئەو تیمە نییە کە بۆ خۆی ناردوونی و پرسیاری لە کۆمەڵەی قوربانیان کردووە لەبارەی سەردانی ئەو تیمە.

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیان گوتی "پرسیاری تیمەکەی خۆی لە ئێمە دەکرد، لەکاتێکدا خۆی ناردبوونی و دەبوو پاش گەڕانەوەیان لەگەڵیان دابنیشتایە". گوتیشی "ئەو جۆرە پرسیارانە بایەخ نەدانی مالیکیان بەهەڵەبجەو داواکارییەکانی پێشتری ئێمەی دەگەیاندو کەسوکاری شەهیدانی نائومێد کرد". هەر دوای سەردانەکەی مالیکی بۆ هەڵەبجەی شەهید، تاڵەبانی بڕیاریدا لەسەر بودجەی تایبەتی خۆی بە بڕی 4 ملیار دینار پارکێک بۆ هەڵەبجە دروست بکات و وەزیری تەندروستیش سەردانی شارەکەی کردو بڕی 200 هەزار دۆلاری بۆ چەند پرۆژەیەک تەرخانکردو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش 6 ڕۆژ دوای مالیکی چووە هەڵەبجەو بڕی 250 هەزار دۆلاری بۆ دروستکردنی پارکێک پێشکێشی ئیدارەی شارەکە کرد.

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات ئەو زنجیرە سەردان و ئاواکارییەی بەرپرسانی یەکێتی بۆ هەڵەبجە بەتەحەدداکردنی مالیکی زانی و گوتی "سەرکردە کوردەکان خۆش نییە بەلایانەوە کاتێک بەرپرسێکی عەرەبی دەچێتە ئەو شارە، زۆر گلەیی ببیستن لەبارەی نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەو شارەدا".

مالیکی یەکەمین سەرۆک وەزیری عێراقییە کەسەردانی هەڵەبجە دەکات و ساڵی پێشتریش بەڵێنی دابوو کە لە16/3دا سەردانی هەڵەبجە بکات و پەردە لەسەر ئەو پەیکەرەی عومەری خاوەر لابدات کە لەسەر ئەرکی خۆی و لەلایەن هونەرمەند زاهیر سدیقەوە دروستکرابوو، بەڵام نەهات.



نووری مالیکی لە کاتی سەردانیدا بۆ هەڵەبجە (فۆتۆ:AFP)

## 8 پێشمەرگەی رۆژهەڵات دەکوژرێن



رووداو – هەولێر

لە ئاکامی تێکهەڵچوونی سێ حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان ( حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، 8 پێشمەرگە گیانیان لە دەستدا.ئارام مودەریسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ( رووداو) گوتی " تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کامیاران روویداوە ودەنگۆی ئەوەی هەیە دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە لەو تێکهەڵچووونەدا گیانیان لە دەستداوە، بەڵام زانیارێکی ورد لە سەر ژمارەی کوژراوانی دوو لایەن لە بەر دەستدا نیە".هەروەها 2 پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات کوردستان، لە نێوان سنە و کامیاران دەکەونە ناو کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانیان لەدەستدەدەن.

### داوادەکات هەرێمەکان هێزی پاراستن و بەرگریی تایبەت بەخۆیان هەبێت

# نەخشەی ئۆجەلان هەرایەکی گەورە لە تورکیا دەنێتەوە

عەبدوڵڵا گول سەرۆک کۆماری تورکیا:

**ئۆجەلان لایەنی گفتوگۆ لەگەڵکراو نییە**

CHP:

**ئۆجەلان دەڵێ، داوای فیدڕالی ناکەین، بەڵام داواکارییەکانی لە فیدراڵیزم زیاترن**

MHP:

**نیازی دابەشکردنی تورکیا ئاشکرابوو شتێکی شاراوەیان نەما**

DTP:

**ئۆجەلان پێشنیازی پارتی ئێمە دەربارەی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی راست دەبینێت و بەگونجاوی دەزانێ لەگەڵ مۆدێلی ئەوروپا**



**هێمن خۆشناو**
**رووداو- هەولێر**

سەرئەنجام، پارێزەرانی ئۆجەلان رۆژی 2009/8/17 هێڵە گشتییەکانی ئەو نەخشەرێگایەیان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ئاشکراکرد کە تایبەتە بە چۆنێتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەتورکیاو بڕیاربوو عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی PKK، لە 8/15 رایبگەیێنێ.

ئۆجەلان، رۆژی چوارشەممەی رابردوو8/19 لەدیداری ئاسایی هەفتانەیدا لەگەڵ پارێزەرەکانی، رایگەیاند کە هێشتا پرۆژەکەی تەواونەکردووە، بەڵام پارێزەرەکانی پاش ئەو دیدارە هێڵە گشتییەکانی ئەو پرۆژەیەیان ئاشکراکرد. پرۆژەکە لەسەرئاستی تورکیا مشتومڕێکی زۆری هێناوەتە ئارا. حکومەتی تورکیاو سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، جگە لەپارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP، ئەو پرۆژەیە بەتوندی رەتدەکەنەوەو وەک مەترسی بۆ سەر یەکێتی خاکی تورکیا لێی دەڕوانن.

نەخشەرێگاکەی ئۆجەلان وەک ئەوەی پارێزەرەکانی بڵاویانکردووەتەوە، داوالەکورددەکات دان بە کۆماری تورکیادا بنێن، لەبەرامبەریشدا داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکات مافە دیموکراسییەکانی کورد بسەلمێنێ. ئۆجەلان پێشنیازی دابەشکردنی تورکیا دەکات لەڕووی کارگێڕییەوە، بەشێوەیەک کە دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە هەرێمەکان. خاڵێک کە توندترین کاردانەوەی لەبەرامبەر پێشان دراو گفتوگۆیەکی زۆری ناوەتەوە، ئەوەیە کە ئۆجەلان داوادەکات هەرێمەکان هێزی پاراستن و بەرگریی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

یەکەمین کاردانەوە بەرامبەر پرۆژەکە، لەلایەن بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیاوە پێشان درا کە لەلایەن حکوومەتەوە دەستنیشانکراوە بۆئەوەی دەربارەی پرۆسەی کرانەوە بەڕووی کێشەی کورد دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ پارت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پێکهاتە جیاوازەکانی تورکیا بکات. ئاتالای لەبارەی پرۆژەکەی ئۆجەلانەوە بەرۆژنامەوانانی راگەیاند "لایەنی گفتوگۆکار لەبارەی کرانەوە بەڕووی پرسی کورد، میللەتە، پێشتریش گوتوومانە ئەمە کاری دەوڵەتە، بۆیە پێویستە هەموو کەس لە هەڵوێستی ئاژاوەگێری کە دەبێتە مایەی لەباربردنی ئەم قۆناخە دووربکەوێتەوە".

هەر لەوبارەوە عەبدوڵڵا گیول سەرۆک کۆماری تورکیا، سەبارەت بەنەخشە رێگاکەی ئۆجەلان بۆ رۆژنامەوانان گوتی "ئیمرالی لەبیرخۆتان بەرنەوە. ئەوان لەم پرۆسەیەدا لایەنی گفتوگۆ لەگەڵکراو نین". هەروەها گوتی "لەتورکیا کێشەیەک هەیە، هەرکەس هەوڵدەدات بەخۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئەگەر دەوڵەت بەدەستپێشخەری خۆی کێشەکانی چارەسەر نەکات، هەندێک لایەن ئەو کێشەیە دەقۆزنەوەو بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی مەرامەکانیان بەکاری دێنن".

وەکو چاوەڕوان دەکرا، لەهەمبەر ئەو پرۆژەیەدا هەردوو پارتی ئۆپۆزسیۆن، CHP و MHP توندترین کاردانەوەیان نیشاندا. مستەفا ئۆزیورەک، گوتەبێژی فەرمی پارتی گەلی کۆماری CHP، لەوبارەوە بەتایبەت بۆ (رووداو) دواو نەخشە رێگای ئۆجەلانی وەکو پرۆژەی دابەشکردنی تورکیا ناوبرد. ئۆزیورەک گوتی "ئۆجەلان دەڵێ، داوای فیدڕالی ناکەین، بەڵام داواکارییەکانی لە فیدراڵیزم زیاترن. ئۆجەلان داوای دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەڕێوەبەرایەتییە هەرێمییەکان دەکات، ئەمەش بنەمای دابەشکردن و پارچەکردن و جوداخوازییە لەتورکیا". ئۆزیورەک هەر لەدرێژەی ئەو لێدوانەدا گوتی "باشە عەبدوڵڵا ئۆجەلان و PKK چی دادەمەزرێنن، ئایا لەناو دەوڵەت دەوڵەتێکی جیاواز دادەمەزرێنن؟ لەناو سنووری میساقی میللی وڵاتێکمان هەیە، ئێستا لەژێر ناوی دیموکراسیبوون هەوڵ دەدەن نەتەوەیەکی جیاواز بخولقێنن، ئەمە بەتەواوەتی پرۆژەی دابەشکردنی تورکیایە".

پارتی بزووتنەوەی میللی MHP، لەلای خۆیەوە، نەخشە رێگاکەی بۆ هێرشکردنە سەر پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار قۆستەوە. ئۆکتای ڤوڕال پەرلەمانتاری سەر بە MHP، لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەکانی تورکیا لەوبارەوە گوتی "پەسەندکردنی دەستەواژەکانی رێکخراوێکی تیرۆریست سووکایەتیکردنە بەگەل، پێویستە ئەوانەی ئەمە دەکەن شەرم بکەن. ئەوانەی چاوەڕێی ئەو نەخشە رێگایەن، کۆپی ئەو نەخشەیە دێنن و کاری لەسەر دەکەن، پێویستە شەرم دایانبگرێت. نیازی دابەشکردنی تورکیا ئاشکرابوو شتێکی شاراوەیان نەما".

بەپێچەوانەی لایەنە سیاسییە تورکەکانەوە، پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک DTP، نەخشە رێگاکەی ئۆجەلان بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەگونجاو دانا. بەنگی یلْدز پەرلەمانتاری DTP، بە (رووداو)ی راگەیاند "بەڕێز ئۆجەلان پێشنیازی پارتی ئێمە دەربارەی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی راست دەبینێت و بەگونجاوی دەزانێ لەگەڵ مۆدێلی ئەورووپا، بەراوردکردنی ئەمە بە سیستەمی ولایەت راست نابێ. ئەو سیستەمەی لە ئیتاڵیا و ئیسپانیا پەیڕەو کراوە مۆدێلێکی چارەسەرییە لەدەرەوەی فیدراڵیزم. بەڵام لەم شێوازەی چارەسەریدا دەوڵەتی ناوەندی بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە هەرێمییەکان بەجێدێڵێت، جگە لەمەسەلەی سوپا و بەرگری دەسەڵاتەکان دەدرێن بە هەرێمەکان".

بەرپرسانی سەر بە پارتی عەدالەت و گەشەپێدان AKP مکوڕبوون پێشان دەدەن کە ئەوان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری، ئۆجەلان بەلایەنی گفتوگۆکار نازانن.

بەکر بۆزداغ، سەرۆکی فراکسیۆنی AKP لەپەرلەمانی تورکیا، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند "تەنیا پەرلەمانی تورکیا خاوەنی دوابڕیارە. ئەوەی کۆماری تورکیای دامەزراندووە ئەو پەرلەمانە بووەو هەر ئەویش خاوەنی ئیرادەی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەیە، پێشتریش گوتوومانە، هیچ رێکخراوێکی نایاسایی لەو مەسەلەیەدا لایەنی گفتوگۆلەگەڵکراو نییە، چارەسەری لەناو میللەتەوە هەڵدەقوڵێ و پرۆسەی چارەسەری لەچوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەت بەڕێوە دەچێت".

پسپۆڕانی سیاسی پێیانوایە ناهاوسەنگییەک لە نەخشەکەی ئۆجەلاندا بەدیدەکرێت. باسکن ئۆران، پسپۆڕی بواری سیاسی لەزانکۆی ئەنقەرە، ئاماژەی بەوەکرد کە ناهاوسەنگییەک لەلێدوانەکانی ئۆجەلاندا هەیە، بەڵام ئەوەشی بەشتێکی ئاسایی لەقەڵەمدا، چونکە وەک ئەو گوتی "ئۆجەلان تەنیا تەلەڤزیۆنی TRT دەبینێ، هەواڵی راست دەربارەی تورکیا نابیستێ و رێگای نادەن چاوی بەکەس بکەوێ، بۆیە دەوڵەت بەرپرسیارە لەو هەڵانەی ئۆجەلان دەیکات".

ئەو پرۆفیسۆرە لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "ئۆجەلان جەخت لەوە دەکاتەوە کەئەو داوای فیدراڵی ناکات، لەلایەکی دیکەش دەڵێ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە هێزی بەرگری خۆیان دەبێت. باشە هێزی بەرگری چییە؟ هێزی بەرگری واتە دروستکردنی هێزی سەرباز و پۆلیس. ئەمە وەک سیستەمی فیدراڵی ئەمریکاش نییە. لەوێ سوپا سوپایەکی فیدراڵییە، ئەو لەلایەک دەڵێت داوای سیستەمێکی فیدراڵی ناکەم، جەخت لەیەک ئاڵا و یەک دەوڵەتی ناوەندی دەکاتەوە، لەلایەکەی تریش دەڵێت پێویستە کورد هێزی بەرگری خۆی هەبێت. ئەمە ناهاوسەنگییە".

## بۆچوونی سیاسەتکارانی کورد چییە

**رووداو- SABAH**

کورد چیی دەوێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پوختەی بۆچوونی سیاسەتکارانی کوردە، کە ستوونیووسی تورک ئەردال شەفەق لە رۆژنامەی"سەباح"ی تورکیدا بڵاوی کردەوە.

### فیدرالیزم

کەمال بورقای سیاسەتکاری کوردی باکوور دەڵێ: وەک نموونەیەکی چارەسەری ئێمە داوای فیدرالی دەکەین، جگە لە چەندین شتی دیکە وەک خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا، بەڵام دەشزانین کە ئەم شتە بە شەوو رۆژێک نایەتە دی. لەم کاتەدا پتر بایەخ بەوە دەدەین کە لە تورکیادا کۆتایی بە شەڕ بهێنین. لە بەراییدا دەبێ دەست لە سەر چەک هەڵبگیرێت و ئاگربەست دەست پێ بکات و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە سەر چیا بێنە خوارێ و بواری کاری سیاسییان پێ بدرێت. بە بێ ئەم شتانە واتە نە کورد و نە تورک ئامادەی فیدرالی نین. دەبێ لە کەشی تەندروستدا گفتوگۆ دەربارەی ئەو شتانە بکرێت.

### ئاڵا و سروودی نیشتیمانی:

مەسعوود تەک ئەمینداری گشتیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە باکوور دەڵێ: ئایا کورد جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی پێویستە، بۆ ئەوەی بە مافە رەواکانی بگات؟ ئایا ناکرێ کورد بە مافە رەواکانی خۆی بگات، تەنیا لە رێی یەکسانییەکەوە نەبێت کە لە سەر بنەمای فیدرالی بێت؟ ئایا ناتوانین لەگەڵ برا تورکەکانمان لە نێو یەک پەرلەمان و حکومەتدا بژین، کە یەک ئاڵا و یەک سروودی نیشتیمانی و یەک هێزی چەکدارمان هەبێت، کە زمانی دایک لە پەروەردە و فەرمانگەکاندا بەکار بێت؟ بۆ نا؟ بە بڕوای من ئەوە زۆر بە ئاسانی دەکرێت.

### نموونەی باشووری کوردستان

سیاسەتکاری کوردی باکوور یەشار کایا دەڵێ: سەرەتا دەبێ لە هەموو روویەکەوە پرسەکە بخرێتە بەر گفتوگۆ، هەندێ کورد باسی دیموکراسیی خۆیی دەکەن. ئێمە دەزانین دیموکراسی چییە، بەڵام (خۆیی) یانی چی؟ من لە هەموو ئەو کتێبانەی خوێندوومنەتەوە، هیچ زانیارییەکم دەربارەی ئەو زاراوە سیاسییە بەر چاو نەکەوتووە. شتێکی سەرنجڕاکێشیش هەیە کە هەندێ پارت و رێکخراوی کوردی باس لە مۆدێلی باسک، ئێرلەندا، ئیتالیا و بەلجیکا دەکەن، بەڵام هیچ بایەخێک بە مۆدێلی باشووری کوردستان نادەن. من داوایان لێ دەکەم ئاوڕ لە مۆدێلی باشووری کوردستان بدەنەوە، تا کورتبینیی خۆیان تێپەڕێنن.

### چارەسەری تایبەت نەک خەیاڵی

گۆنای ئەسڵانیش لە ماڵپەڕی (ئاکتول باقیش)دا دەڵێ: تورکیا یان دەگۆڕێ یان دەکەوێتە نێو خەرەندەوە، هەڵبەت بڕیاریش بە دەست بەرپرسانی دەوڵەتەوەیە. بەڵام بەر لەوەی دەست بە گۆڕان بکرێت، هەروەها بە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی راستەقینەی دیموکراسی بێتە دی، ناکرێ هەڕەشەی وا لە کورد بکرێت (ئەگەر داوای سەربەخۆیی بکەن قڕتان دەکەین). ئەمە کارێکی رەوا نییە و نائەخلاقیشە.

ئەو دەشڵێ: سەرەتا ئێوە گۆڕانی دیموکراسی بکەن، پاشان ئەوی دیکە خۆی دێت. خۆ ئەگەر گۆڕانێکی راستەقینەی دیموکراسی بکرێت، ئەوسا کورد و تورک چارەسەری تایبەت دەدۆزنەوە، کە نە لە خەیاڵدایە و لە هەموو مۆدێلەکانی دی جوودا دەبێت.

### سەربەخۆیی خەونی هەمیشەییمە

سەعید ئایدۆغوش لە لای خۆیەوە دەڵێ: بە رای تایبەتی خۆم، تەنانەت ئەگەر هەردوو لایەنی پێک ناکۆکیش بە رەزامەندیی خۆیان رێککەوتن کە بە هاوبەشی لەگەڵ یەکدا بژین و لە ژێر ئاڵای یەک دەوڵەتیشدا، من ئەوسا و ئێستاش هەر خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینم، من دڵنیام هەموو کورد هەمان خەونیان هەیە.

کەمال بورقای:

**ئێمە داوای فیدرالی دەکەین**

مەسعود تەک:

**دەتوانین لەگەڵ برا تورکەکانمان لە ژێر یەک ئاڵادا بژین**

یەشار کایا:

**مۆدێلی باشوور لەبەرچاو بگرن**

# کورد دەترسن ورمێش بە دەردی کەرکووک بچێت

**سابیر قادری**
**رووداو–هەولێر**

دوور نییە پارێزگا (ئوستان)ی ورمێ (ئازەربایجانی رۆژئاوا) بەهۆی هاوردەکردنی ئازەرییەکان، تووشی هەمان چارەنووسی شاری کەرکووک ببێت، وەک چۆن کەرکووک بەهۆی سیاسەتی دەرکردنی هاووڵاتیانی رەسەنی ئەو شارەو هاوردەکردنی عەرەب لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی بەعسدا، گەورەتین گرفتی بەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە.

پارێزگای ورمێ، دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئێران . هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەری زۆرینەی پێکهاتەی ئەو پارێزگەیە پێکدەهێنن. ئەوەش لەکۆنەوە وەک ئامرازێک بۆ نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان ئەو دوو نەتەوەیە، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی بەکارهاتووە.

دیاردەی بە ئازەریکردن و کۆچ پێکردنی کوردانی ئەوپارێزگایە لە سەردەمی ئەفشارییەکان، سەفەوییەکان و پەهلوەییەکان بەشێوازی جیاجیا لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی پەیڕەوکراوەو ئێستاش درێژەی هەیە. هەرچەندە ئامارێکی ورد نییە کە رێژەی راستەقینەی پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایە دەربخات، بەڵام سەرچاوە حکومییەکان باس لە زۆرینەبوونی ئازەرییەکان لەو پارێزگایەدا دەکەن، ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەپێی ئاماری حکومی تەنیا دانیشتووانی شارەکانی مەهاباد، بۆکان، پیرانشار، سەردەشت و شنۆ کە بە تەواوی کوردن، نزیکەی یەک لە سەر سێی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە پێکدێنن.

جەلالی مەحمود زادە، نوێنەری شاری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران کە ماوەیەک لەمەوبەر بیرۆکەی دروستکردنی پارێزگای موکریانی لە پەرلەمان هێنایە بەرباس، نکۆڵی لەوە کرد کە هیچ هەوڵێک هەبێت بۆ شێواندنی دیموگرافیای ئەو پارێزگایە.

ناوبراو گوتی "لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە باس لە بە ئازەریکردنی ئەو پارێزگایە دەکەن، ئێمە رەخنەمان لەوە هەیە کە رێژەی کورد لەو پارێزگایە لە نیوە زیاترە، بەڵام تەواوی پۆستە ئیدارییەکان بە دەست برایانی ئازەرییەوەیە".

نوسەری کتێبی (نقده در سالهای بحران)، کە مامۆستای زانکۆی تارانە و خۆی ئازەرییە، باس لەوە دەکات کە تورکەکانی دانیشتووی نەغەدە لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی لە شارەکانی (ملکان) و (هشترود) هاتوونەتە ئەو شارەو نیشتەجێکراون.

دەسەڵاتدارانی ئێران لە کۆن و نوێ هەموو شێوازێک بەکاردەهێنن بۆ شێواندنی دیمۆگرافیای ئەو پارێزگایە، وەک گۆڕینی ناوی شەقام و شوێن و شوێنەوارە مێژووییەکان و کەمی خزمەتگوزاری لەناوچە کوردنشینەکان. ئاگری کە خەڵکی ورمێیە بە رەخنەلێگرتنەوە باس لە هەوڵەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ بە ئازەریکردنی ئەو پاریزگایە دەکات "سیاسەتی جیاوازیکردن لەنێوان پێکهاتەکاندا زۆر بە زەقی دیارە"، ناوبراو گوتیشی "لەو پارێزگایەدا تەنیا 3 نوێنەری کورد لە پەرلەماندا هەن، کە ئەوە خۆی دەرخەری هەولی بەرنامە بۆ دارێژراوی دەوڵەتە بۆ کەمکردنەوەی سەنگ و قورسایی کورد لەو پاریزگایەدا".

حاسڵی داسا، نوێنەری خەڵکی پیرانشارو سەردەشت لە خولی پێشووی پەرلەمانی ئێران کە پشتگیری پیرۆکەی نوێنەری شاری مەهاباد دەکات گوتی "رۆژگاری سیاسەتی هاوچەشنکردن، بەسەر چووە و هەر هەنگاوێک بۆ سەرخستنی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا، شکستخواردووەو لەبەرژەوندی هیچ کەس و لایەنێکدا نییە".

سیاسەتمەدارانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پشت بە بەڵگەنامە مێژووییەکان دەبەستن بۆ سەلماندنی کوردستانیبوونی پارێزگای ورمێ. رامبود لوتفپوور، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان گوتی "سەرچاوە مێژووییەکان بە روونی دەریدەخەن کە تورکەکان چەند سەدەیەک لەمەوبەر لەلایەن دەسەڵاتدارێتییەوە بۆ ئەو ناوچەیە راگوێزراون و کوردانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیەش کۆچی زۆرە ملیان پێکراوە". هەر بۆیە دەڵێ "باشترین چارەسەر بۆ دیاریکردنی سنووری جوگرافی کوردستان گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان".

بەڵام ئازەرییەکان بوونی کورد لەو ناوچەیە بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانن. قازی پور، نوێنەری ئازەری زمانی خەڵکی ورمێ لە پەرلەمان، ماوەیەک لەمەوبەر لە لێدوانێکدا بوونی ورمێی لەنێو نەخشەی چوار پارچەی کوردستان بە مەترسی وەسفکردو گوتی "ئەوە هەوڵ و بەرنامەی کاربەدەستانی کوردستانی عێراقە، بۆیە داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەم رێگە لەو جۆرە پیلانانە بگرن".

شێواندنی دیموگرافیای پارێزگای ورمێ، ئەو مەترسییەیە کە لە دوارۆژدا، رەنگە کێشەیەکی گەورەتر لە کێشەی کەرکووک، لە رۆژهەڵاتی کوردستانی لێبکەوێتەوە.




نەخشەی پارێزگای ورمێ



## ڕێگە بەگەڕانەوەی بەعسییەکان نادەین



**ڕووداو- مەرسەد**

**کریس هیل باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق رەتیکردەوە کە ئەوان خوازیاری گێرانەوەی بەعسییەکان بن بۆنێو پرۆسەی سیاسی و رایگەیاند کە وڵاتەکەی هیچ بەرژەوەندییەکی لەوەدا نییە. هیل لەوبارەوە لەبەرنامەیەکی کەناڵــی تەلەڤزیۆنی (العربیە)دا گوتی "هیچ بەرژەوەندییەکمان لەگێرانەوەی حیزبی بەعسدا نییە، ئەوە پێچەوانەی دەستووری عێراق و پێچەوانەی لۆژیکیشە".**



## پرۆفیسۆری ئەمریکی کارۆڵ ئۆلێری:

# ریفۆرمخوازێکی زۆر لەنێو پارتی و یەکێتیشدا هەن

**کارۆڵ ئۆلێری پرۆفیسۆری پێوەندییەکانی دەرەوەیە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتن، شارەزاییەکی باشی لە کولتوور و سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا هەیە، بەتایبەتی لە سیاسەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. هەروەها ناوبراو توێژەرە لە سەنتەری ئەمریکی "ئاشتی جیهانی" (The Global Peace) و چەندین جاریش سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و دوا سەردانیشی لە مانگی ئایاری رابردوو بووە بۆ ئەوەی چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بکات.**

**ڕووداو- هاوار عەبدولڕەزاق**

**ڕووداو: چۆن پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانت بینی؟**

**کارۆڵ ئۆلێری:** من ماوەیەکی دوورودرێژە چاودێری هەنگاوەکانی کوردستانی عێراق دەکەم بەرەو دیموکراسی، بەڕاستی زۆر شانازیم بەوەوە کرد کە هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوون.

**ڕووداو: سەرسامبووی بەوەی لیستی گۆڕان ئەوەندە دەنگیان بەدەست هێنا؟**

**کارۆڵ ئۆلێری:** بەپێی دوا سەردانم بۆ هەرێمی کوردستان لە مانگی ئایاری رابردوو، هیچ سەرم نەسوڕما لەوەی لیستی گۆڕان ئەوەندە دەنگی بەدەست هێناوە، ئەو ڕێژەیەش نێزیک بوو لەو ڕێژەیەی کە چاودێرانی سیاسی کوردی (یەکێتی، پارتی و ئەوانی دیکە) پێیان ڕاگەیاندبووم.

**ڕووداو: ئایا گۆڕان دەتوانێ ریفۆرم لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا بکات؟**

**کارۆڵ ئۆلێری:** بە ڕاستی لەو باوەڕەدام ریفۆرمخوازێکی زۆر لە کوردستانی عێراقدا هەن چ لەنێو پارتی ویەکێتی یان گۆڕان، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. لەگەڵ ئەوەش ئێمە هەمووماں دەزانین کە پرس و ئاستەنگەکانی هەرێمی کوردستان چین. بەڕای من لەگەڵ ئەوەی گەندەڵی و خزمخزمێنە هەیە و پێویستە چارەسەر بکرێت، گرینگترین مەسەلەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتەی ریفۆرمی ئەو

### دەنگهێنانی لیستی گۆڕان جێی سەرسوڕمان نەبوو

هەرێمەیە لەگەڵ ریفۆرم لە بەڕێوەبردن، سەرکردایەتی و دامودەزگاکان. ئێمە وەکو هاوڕێیەک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێویستە پارمەتییدان بدەین لە ریفۆرمکردن و مۆدێرنکردنی پێکهاتەی بناخەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێویستە کولتورێکی کراوە دروست بکەین کە بتوانرێت زانیاری لەنێوان وەزارەتەکاندا بگۆڕدرێتەوە و پێویستە ئێمە پێوەندی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرانی گشتیی پتەوبکەین، بە بڕوای من وەزیرەکان دەبێ بۆ خۆیان بەڕێوەبەری گشتیی دەست نیشان بکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکی چالاک و پێشکەوتوو بۆ هەموو وەزارەتێک دابمەزرێنین. بە دڵنیایەوە بڕوام بەوە هەیە کە سەرکردایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەتوانن ئەو گۆڕانکاریانە ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ریفۆرمی پۆزەتیڤانە بەرهەم بهێنن و سیستەمەکە مۆدێرنتر بکەن.

**ڕووداو: لەم دوایەدا گرژییەکی زۆر لەنێوان سەرکردایەتی کورد و حکوومەتەکەی نووری مالیکی دروست بووە، پێتوایە ئەوان بتوانن ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن؟**

**کارۆڵ ئۆلێری:** لەگەڵ نییەتێکی باش و شەفافانە لە لایەن هەردوو لاوە و لەوەش گرینگتر بەشداربوونی ئەمریکا، هەستێکی بەهێزم هەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نووری مالیکی سەرۆک وەزیران بگەنە رێککەوتن لەسەر مەسەلە هەستیارەکان کە بووەتە هۆی پارچە بوونیان، بەتایبەتی لەسەر یاسای نەوت و مەسەلەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بەپێی دەستووری عێراقی.

**ڕووداو: پێتوایە ناکۆکییەکەی نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بگاتە ئەوەی شەڕی ناوخۆی لێبکەوێتەوە؟**

**کارۆڵ ئۆلێری:** نەخێر، من دڵنیام لەوەی لە هەردوولای کورد و عەرەب نیازێکی باش هەیە. زۆر لەمێژە لە عێراق خوێن دەڕژێت، هەموو نەتەوەکان قوربانیان داوە و هیچ نەتەوەیەکیش نابێت هەست بەوە بکات تەنیا خۆیان بۆ ماوەی 30 ساڵی رابردوو

### جێی شانازییە هەڵبژاردنەکانی کوردستان سەرکەوتووانە ئەنجام دران

چاوسێنراونەتەوە و ئازاریان چێشتووە. لەو بڕوایەدام بێجگە لە ئایدۆلۆژیای سیاسی، سەرکردە گرینگەکانی عێراق بەتەواوەتی لەوە گەیشتوون کە چی لەمەترسیدایە و بەهۆی کردەوەکانی ئەمەریکاشەوە، عێراق لەدەست دیکتاتۆر ئازادکرا و ئەوەش نابینم کە هیچ کام لە سەرکردەکانی ئێستای عێراق لەمێژوودا بەوە بناسرێت کە ئەو کەسە بووە خەڵاتی ئازادکردنەی عێراقی فرێداوە. گرینگترین کار بۆ سەرکردەکانی عێراق ئەوەیە باوەش بۆ پلوراڵیزم و دەسەڵات دابەشکردن بکەنەوە و باش ئەوە بزانن کە دەسەڵات بەشکردن لەنێوان ناوەند و بەشەکانی دیکە، وڵات لاواز ناکات و بەپێچەوانەوە دەسەڵات بەشکردن یارمەتیدەر دەبێت لە پەرەپێدانی عێراق بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو کە لە ئاشتیدایە لەنێو خۆیدا و لەگەڵ دراوسێکانیشی.

**ڕووداو: ڕۆڵی واشنتن لەم ناکۆکییەدا چۆن دەبینی؟**

**کارۆڵ ئۆلێری:** پێویستە واشنتن لەنێزیکەوە بمێنێتەوە و چالاکانە و لە پشت پەردەوە لەگەڵ هەردوو لا کار بکات و بۆ پاڵپشتیکردن لە دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤانە بۆ هەموو لایەک.

**ڕووداو: هەستێکی گشتی لەنێو خەڵک و سەرکردایەتی کوردستاندا هەیە کە بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما زیاتر بایەخ بە حکوومەتەکەی مالیکی دەدات و تەنیا ئەو کاتەش لەگەڵ کورددایە کە پێویستیی پێیانە، چۆن ئەم هەستە هەڵدەسەنگێنی؟**

**کارۆڵ ئۆلێری:** بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما کارێکی باش دەکات. ئەوان پاڵپشتی لە عێراقێکی دیموکراسی، پولوراڵیستیکی فیدراڵی دەکەن هەروەکو لە دەستووری

### پێویستە کێشەی گەندەڵی و خزمخزمێنە لە کوردستان چارەسەر بکرێت

عێراقیشدا لە تشرینی دووەمی 2005 ئاماژەی پێکراوە. بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما تیمێکی چالاکی لە عێراق هەیە کە تێدەگەن لەوەی هەموو لایەک دەبێ سازشی زەحمەت بکەن. بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما پاڵپشتی هیچ لایەنێکی نەکردووە و شەو و ڕۆژ کار دەکات بۆ پاڵپشتیکردن لە پەرەپێدانی دیموکراسی لە عێراقێکی فیدراڵی یەکگرتوو.

**ڕووداو: ئایا بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما جیدییە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک؟**

**کارۆڵ ئۆلێری:** بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما زۆر جیدییە لەبارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووکەوە، بەڵام تەنیا سەرکردەکانی عێراق دەتوانن سازشی زەحمەت ئەنجام بدەن کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە.

# پارێزگاری موسڵ خەریکی پێکهێنانی سوپایەکە لەبەعسییەکان

**ڕووداو- موسڵ**

هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی حکومەتی عێراق، ئەسیل نوجێفی پارێزگاری نەینەوایان ئاگادارکردووە کە نزیکەی 18 هەزار کەسی خەڵکی موسڵ لەریزەکانی سوپاو پۆلیسدا جێبکاتەوە. پارێزگاری موسڵ دەڵێت بۆ پاراستنی ئاسایشەو بەرپرسانی کورد لەو پارێزگایە دەڵێن بۆ کۆکردنەوەی بەعسییەکانە لەدەوری خۆی.

بەپێی لێدوانی ئەسیل نوجێفی پارێزگاری نەینەوا، وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆو دارایی لەحکومەتی عێراق لەکاتی دوایین سەردانیدا بۆ بەغدا، بەدەم هەموو داواکارییەکانیەوە چوون و تەنانەت وەزارەتی دارایی رەزامەندیی لەسەر سەرفکردنی بڕی 250 ملیار دینار پێشان داوە لەو پارەیەی کە لەچوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکاندا، لەماوەی چەند ساڵی رابردوو بۆ ئەو پارێزگایە تەرخان کرابوون و بەهۆی خەرجنەکردنیان لەپرۆژەکان گەڕابوونەوە خەزێنەی دەوڵەت. نوجەیفی گەشبینی پێشاندا کە لەئایندەیەکی نزیکداو پاش کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ئەمنیی پارێزگاکە،



### ئەوە دەسەڵاتی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا نییە، بەڵکو دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵە

هەرێم کەمال ئاغا
بەرپرسی مەڵبەندی 6ی یەکێتی

دەتوانن دەست بەهەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە بکەن و هەلی کار بۆ هاووڵاتیان برەخسێنن.

بەڵام خەسرۆ گۆران جێگری پێشووی پارێزگاری موسڵ و بەرپرسی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان گومانی لەو بەڵێنانە دەربڕی و بۆ (ڕووداو) گوتی "پارێزگاری موسڵ پاش گەڕانەوەی لەبەغدا دەڵێت گوایە وەزیرانی بەرگری و دارایی و ناوخۆی بینیوەو ئەوان رەزامەندییان دەبڕیوە بۆ دامەزراندنی 10 هەزار ئەفسەرو سەربازی خەڵکی موسڵ لەسوپای عێراق و نزیکەی 8 هەزار پۆلیس لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی موسڵ، بەڵام ئێمە نازانین ئەو قسانەی پارێزگار تاچەند راستن".

خەسرۆ گۆران هەروەها گوتی "ئەو قسانە ئەگەر راستیش بن، ئێمە وەک لیستی برایەتی نەینەوا بەشێک نین لەو دەسەڵاتەی لەموسڵ هەیە، بایکۆتی ئەنجومەنی پارێزگامان کردووەو بەهیچ شێوەیەکیش ناهێڵین ئەو پۆلیس و سەربازانە لەو ناوچانە بن کە ماددەی 140 دەیانگرێتەوە".

ئەو بەرپرسەی پارتی گومانی لەوە هەیە



### ناهێڵین هیچ پۆلیس و سەربازێک لەو ناوچانە بن کە ماددەی 140 دەیانگرێتەوە

خەسرۆ گۆران
بەرپرسی لقی 14ی پارتی

کە نوجەیفی ئەوە وەک هەلێک بەکاربهێنێ بۆ کۆکردنەوەی کۆنە بەعسییەکان لەدەوری خۆی، گوتیشی "چوون لەو ناوچانەی شەبەک و کاکەیی و مەسیحی لێن لەقەزای حەمدانییە داوایان لێکردوون کە هەر گوندێک 50 ناو کۆبکەنەوە بۆئەوەی بیانکەن بەپۆلیس، دیارە دەیانەوێ بەوشێوەیە ئەو گوندانە لەلیستی برایەتی نەینەوا دووربخەنەوە".

لەلای خۆیەوە، هەرێم کەمال ئاغا بەرپرسی مەڵبەندی 6ی یەکێتی لەموسڵ بەدووری نەزانی کە ئەوە هەر پروپاگەندەیەکی لیستی حەدبا خۆی بێت. هەرێم کەمال ئاغا گوتیشی "پاش تەقینەوەکانی ئەم دواییەی پارێزگای موسڵ، پارێزگار داوای دروستکردنی فیرقەیەکی سەربازی کرد کە خەڵکی موسڵ بن، بەڵام خۆ کەس دەرگای بەڕووی خەڵکی موسڵدا دانەخستووە بچنە سوپاوە، جگە لەوەش ئێستا 23 هەزار پۆلیس لەسنووری پارێزگای موسڵ هەن و ئەو ژمارەیە کەم نییە".

بەرپرسی مەڵبەندی 6 لەگەڵ ئەوەی بەدووری زانی بودجەی عێراق رێگە بەدامەزراندنی فیرقەیەکی نوێ بدات، گوتیشی "ئەوە دەسەڵاتی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا نییە، بەڵکو دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵە، بەتایبەتی کە نووری مالکی خۆی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانەو ئەو دەتوانێ ئەوجۆرە بڕیارانە بدات".



پارێزگاری موسڵ ئەسیل نوجەیفی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی سەربازی ئەمریکا و عێراق (فۆتۆ: AFP)

# پەرلەمانی داهاتووی عێراق 25 کورسی بۆ زیاد دەبێ

**میران حوسێن**
**ڕووداو-بەغدا**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند سەرجەم کوتلەکانی پەرلەمانی عێراق رێککەوتوون کە لە هەڵبژاردنی داهاتوو ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بکرێتە 300 کورسی. کە ئێستا 275 کورسییە.

بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بەپێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان زیاد دەکرێ و بۆ 100هەزار هاووڵاتی یەک کورسی دادەنرێ.

سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) رایگەیاند لە پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتوو کە لە ڕۆژانی داهاتوو گفتوگۆی لەسەر دەکرێ سەرجەم لایەنەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران رێککەوتوون لەسەر زیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ 300 کورسی.

ئەو ئەندامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە ساڵی 2005 کاتێک هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق ئەنجامدران، ژمارەی گەلی عێراق بە 27،5 ملیۆن هاووڵاتی خەملێنرا لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە، بەڵام بەهۆی ئەنجامنەدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق، وەزارەتی پلاندانانی عێراق جارێکیتر ژمارەی دانیشتوانی عێراقی بە 31،3 ملیۆن کەس خەملاند "بۆیە سەرجەم پێکهاتەکانی پەرلەمانی عێراق رێککەوتوون لەسەر زیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ 300 کورسی".

زەهاوی ئەوەشی ئاشکراکرد کە هەوڵێک هەیە بۆ هەموارکردنی ئەو برگە دەستوورییەی باس لە دەستنیشانکردنی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان دەکات بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووان، کە هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان بێ "چونکە ژمارەی دانیشتوانی عێراق بەردەوام زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی زیادبوونی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بە بەردەوامی".



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

## دکتۆر ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:

# 750 قوتابی کوردستان لە دەرەوە دەخوێنن، 600یان حکومەت پارەی خوێندنیان بۆ دەدات



**ئەو زوو زوو دەچێتە دەرەوەی وڵات، بە پێی زانیاریش باری تەندروستی تەواو نییە، بەڵام دەڵێت"سەردانەکانم بۆ دەرەوە پەیوەندی بە نەخۆشییەکەمەوە نییە، ئەگەر بۆ نەخۆشی بێ مۆڵەت وەردەگرم". د.ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵا هەندێک بەتەمەنە، بەڵام دەڵێت هەست بە ماندوبوون ناکات "چونکە دەستکەوتمان هەیە". د.ئیدریس هادی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو) دەداتەوە.**

**عیسا عەبدولقەهار**
**رووداو- هەولێر**

### 5%ی ئەو مامۆستایانەی زەویان وەرگرتووە نەبوونەتە خاوەن خانوو

وا بڕیارە 1000 خانوو بۆ مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە شێوەی قیستی درێژ خایەن دروستبکرێ، بەڵام مامۆستایان گلەییان لە نرخی خانووەکان هەیە، چونکە بڕیار بوو بە 43 هەزار دۆلار بدرێتە مامۆستا، بەڵام ئێستا کراوەتە 53 هەزار دۆلار. وەزیری خوێندنی باڵا بێ ئاگایی خۆی لەو پرسە نیشانداو گوتی "ئێمە تەنیا نوێنەرێکمان لەو پرۆژەیەدا هەیە، بەڵام مادام ئەو پرسە هاتۆتە ئاراوە، لەگەڵ لێژنەکە کۆدەبمەوە، تا بزانین چەند کەس ناتوانێ قستەکان بدات، دەبێ دیراسەتێکی زانستی بکەین، ئەوکاتە دەبێ لەگەڵ حکومەت یان لەگەڵ بانکێک یان لەگەڵ بریکار قسە بکەین، دەبێ رێگایەک بدۆزینەوە، بەڵام ئێستا رێکەوتنەکە کراوە،

جیاجیاکانی ئێوارانن، بەردەوام دەبن تا دەردەچن و ناگوازرێنەوە سەر کۆلێژی خوێندنی ئێواران، بەڵام ئەمساڵ ئەو کۆلێژە نوێیە دەخەینە ناو رێبەر".

### دەرچووانی کۆلیژی پزیشکی دادەمەزرێندرێن

ساڵی رابردوو بە بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی دەرچووانی کۆلیژی پزیشکی بەشێوەی گرێبەست دامەزرێندران، ئەمەش ناڕەزاییەکی زۆری لەنێو دەرچووانی کۆلیژی پزیشکی دروستکرد. وەزیری خوێندنی باڵا رەتیکردەوە کە ئەمساڵ ئەو گرفتە دروستبێت و گوتی "ئەمساڵ لە ئاهەنگی دەرچووانی کۆلیژی پزیشکی پێمانگوتن سەرجەمتان دادەمەزرێنین، ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیاریداوە کە هەموویان دابمەزرێنێ".

بەشێک لە باڵەخانەی کۆلێژەکان پێشتر بەرێوەبەرایەتی بوون، یان بینای داو و دەزگاکانی سەردەمی بەعس بوون و بە کەڵکی خوێندن نایەن. بۆ چارەسەری ئەو گرفتە د.ئیدریس گوتی "کەمپی زانکۆ بۆ زانکۆکان دورست دەکەین، دیزانی زانکۆی سەلاحەددین خەریکە تەواو دەبێ، کەمپی زانکۆی دهۆک و سلێمانی دەستپێکراوە". گوتیشی "لەو ماوەیە بینای کۆلێژەکانمان فراوانتر کردووە، هۆڵی خوێندنەکانمان چاککردۆتەوە، واتە کەشێکمان رەخساندووە

### گەشتی زانستی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نەبوو

سەرەتا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە گەشتی زانستی قوتابیان بۆ خوێندنی 2008-2009 نەکرێ، بەڵام دواتر کراو واش لێکدرایەوە کە بەهۆی هەڵبژاردنەوە ئەو گەشتانە کراون. وەزیری خوێندنی باڵا رەتیکردەوە کە گەشتی زانستی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەبێ "ساڵانە ئەو گەشتە دەکرێ، پارساڵ بڕیارماندابوو کە نەکرێت، بەڵام کرا خۆ پار هەڵبژاردن نەبوو، ئێمە داوامان لە زانکۆکان کردبوو، بەرنامەیەک دابنێن، تا گەشتی زانستی لەگەڵ گەشتی تەرفهیی جیا بکەنەوە" گوتیشی "ئێمە رێگر نین لە گەشتی زانستی، بەڵام دەمانەوێت ئەو شتانە رێکبخەین، قوتابی بە ناوی گەشتی زانستی دەردەچێ، بەڵام دەبێتە گەشتێکی تەرفیهی".

هەر چەندە ماوەی چەند ساڵێکە بڕیار دەدرێ کە سیستمی پەڕینەوە (عبور) نەمێنێ، بەڵام لەژێر فشاری رێکخراوەکانی قوتابیان ساڵانە ئەو سیستمە پەیڕەو دەکرێ. د.ئیدریس لەو بارەیەوە گوتی "رێکخراوەکانی

حکومەتیشمان دەوێت، چونکە ئەگەر قوتابی ساڵێک بمێنێتەوە، ئەوا دەبێ ساڵێک مەسروفاتی بکەی".

### 1300 کارمەند و مامۆستامان ئیفاد کردووە

بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین گلەیی ئەوە دەکەن کە نانێردرێنە دەرەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفراس و لێکۆڵینەوەکان، بەڵام د.ئیدریس هادی ئەوەی رەتکردەوەو گوتی "هەر مامۆستایەک گلەیی هەیە، با بێت بزانم چۆن نەچووتە دەرەوە، هەر مامۆستایەک توێژینەوەیەکی هەبێ لەهەر کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی ئێمە رەزامەندیمان بۆ داوە، هەموو خەرجیەکانیش لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمە". گوتیشی "تا ئێستا زیاتر لە 1300 مامۆستاو کارمەندمان ناردۆتە دەرەوە، بەڵام ئەگەر مامۆستایەک هیچ توێژینەوەیەکی نەبێ، بیەوێت هەر وا بچێتە دەرەوە، ئەوا با لەسەر حیسابی خۆی بچێتە دەرەوە، مۆڵەتی هاوینەی پێ دەدرێت".

### دکتۆراکەی مەلا بەشیر یەکسان نەکراوە

زانکۆی ئیمام ئەوزاعی باوەڕپێکراو نیە، بەڵام ئەو قوتابیانەی کە لەو زانکۆیە دەرچوون، لە کوردستان دادەمەزرێن. وەزیری خوێندنی باڵا لە بارەی ئەو زانکۆیە گوتی "تا ئێستا ئەو زانکۆیە لە لای ئێمە باوەڕ پێکراو نییە، بڕوانامەکانیشمان یەکسان نەکردووە".

مەلا بەشیر خەلیل، دکتۆرای لە زانکۆی ناوبراو وەرگرتووەو لە زانکۆی سەلاحەددینیش وانە دەڵێتەوە، د.ئیدریس لەو بارەیەوە گوتی "د.بەشیر پێشتر ماستەرەکەی لە ئیدارەی سلێمانی یەکسان کرابوو، بەڵام دکتۆرایەکەی یەکسان نەکراوە".

## تا کاژێر 2ی شەو کار دەکەم

### پێداچوونەوە بۆ دانانی سەرۆکی زانکۆکان دەکەین

بەپێی یاسا بۆ ماوەی چوار ساڵ سەرۆکی زانکۆ لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین زیاتر لە چوار ساڵە لە پۆستەکەیەتی. د.ئیدریس بۆ ئەو پرسە گوتی "پەرلەمان یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای پەسەند کردووە، بەپێی ئەو یاسایە، مەرجێکی تایبەت هەیە بۆ دانانی سەرۆکی زانکۆ، ئێمە پێداچوونەوە دەکەین، ئەوەی ئەو مەرجانەی تێدا بێت و ئەدای خۆی باش کردبێت دەتوانێت خۆی کاندید بکاتەوە، ئەگەرنا دەگۆڕدرێت".

### سەردانەکانم بۆ دەرەوەی وڵات بۆ نەخۆشی نییە

یەکێک لەو وەزیرانەی زوو زوو سەردانی دەرەوەی وڵات دەکات وەزیری خوێندنی باڵایە. دەگوترێت بەشێک لەو سەردانانەی د.ئیدریس پەیوەندی بەوەوە هەیە کە باری تەندروستی تەواو نییە. بەڵام د.ئیردیس رەتیکردەوە کە سەردانەکانی پەیوەندی بە باری تەندروستییەوە هەبێ و گوتی "سەردانی من بۆ دەرەوەی وڵات، هەمووی سەردانی زانستی بووە، چونکە ئێمە داوەتنامەمان زۆر بۆ دێت، سەردانەکانمان زۆر کەمە، بەڵام هەمووی بەپێی بەرنامەیە، بۆ نموونە دوای سەردانی ئێمە بۆ ئەمریکا، 6 وەفدی گەورە هاتوونەتە وەزارەت بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە سەردانەکانی بۆ دروستکردنی پەیوەندین" گوتیشی "لە سەردانەکان هەوڵدەدەین کورسی خوێندن بۆ قوتابیانمان دابین بکەین، تا ئێستا نزیکەی 750 قوتابی ئێمە لە دەرەوە دەخوێنێ، کە 600یان حکومەتی هەرێم پارەی خوێندنیان بۆ دەدات، هەروەها کۆمەڵێک قوتابیمان لە بواری شوێنەوار بۆ هۆڵەندا ناردووە، ئەمە مانای ئەوەیە، کە سەردانەکانمان ئاکامێکی هەبووە".

لە بارەی نەخۆشییەکەشی گوتی "سەردانەکانم پەیوەندی بە نەخۆشیمەوە نییە، ئەگەر بۆ نەخۆشی بچمە دەرەوە مۆڵەت وەردەگرم، بەڵام تا ئێستا بۆ نەخۆشی سەردانی دەرەوەم نەکردووە".

وەزیری خوێندنی باڵا تا ئێستا چەند پۆستێکی وەزاری لە کوردستان و بەغدا وەرگرتووە، لە قسەکانیشیدا دەرکەوت کە زۆر ماندووە. ئەو لەبارەی کارکردنییەوە دەڵێت "ئێمە پابەند نین بە دەوام، هەتا ئیش هەبێ ئیش دەکەین، لێرە تا 6ی ئێوارە کار دەکەین لە ماڵەوەش ئۆفیسێکم هەیە تا 2ی شەو کار دەکەم، بەڵام هەست بە هیلاکی ناکەین، چونکە هەست دەکەین دەستکەوتمان هەیە".

ناوبراو ئاماژەی بەچەند دەستکەوتێکدا کە لەسەردەمی ئەو کراون "لە ماوەی ئەو 3 ساڵە 9 زانکۆی ئەهلی دروستبووە، بۆردی کوردستانی بۆ پسپۆڕی پزیشکی دروستکراوە، کە پێشتر شتی وا لە کوردستان نەبوو، دەزگایەکی گەورەی توێژینەوە دروستکراوە".

## ساڵی پار 2000 قوتابی سوودی لە سیستەمی پەڕینەوە وەرگرت

قوتابیان و خوێندکاران نوێنەرایەتی سەرجەم قوتابی و خوێندکار دەکەن، ئەگەر داواکاریان هەبێ، پێشکەشی ئێمەی دەکەن،هیچ داوایەکیش لە ژێر فشار وەرناگرین، بەڵکو بە شێوەیەکی زانستی دیراسەی دەکەین، ساڵی پار نزیکەی 2000 قوتابی سودی لە سیستەمی عبور وەرگرت بۆ یەک وانە، ئێمە بەرژەوەندی قوتابیمان دەوێت، بەرژەوەندی

تا کەمپە تازەکە دروست دەکەین، لەو کەمپە تازە شارێکی زانکۆیمان دورستکردووە". سەبارەت بە دوا کەوتنی کەمپەکەش د.ئیدریس گوتی "کەمپەکە کاری دەوێت، ئێستا تەنها بۆ دیزاینی کەمپی زانکۆ 4 ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە، راستە دواکەوت، بەڵام باشترە لەوەی کە نەکرێ".

## تەنها بۆ دیزاینی کەمپی زانکۆ 4 ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە

گرێبەستەکە مۆرکراوە".

بەهۆی بڕیاری راگرتنی پێدانی زەوی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ لە وەرگرتنی زەوی بێبەش بوون. بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە د.ئیدریس دەڵێت"ئێستا ئەو پرۆژەی خانووە لە جێگای دابەشکردنی زەویە، ئەزموونیشمان هەیە لە دابەشکردنی زەوی، چونکە مامۆستا نابێتە خاوەنی خانوو، لە ماوەی 20 ساڵی رابردوو تا ئێستا 5% لە مامۆستایان نەبوونەتە خاوەنی خانوو، چونکە زەوییەکە وەردەگرێت و دەیفرۆشێتەوە".

### کۆلیژی ئێواران سەر بە زانکۆکانی کوردستان دەبن

چەند کۆلیژێکی ئێواران هەن، بەڵام بڕیارە ئەمساڵ خوێندنی ئێواران ببێتە کۆلیژێکی سەربەخۆ، لەکاتێکدا لە زانکۆکاکانی کوردستان کێشەی کەمی مامۆستا هەیە. وەزیری خوێندنی باڵا رەتیکردەوە کە ئەو کۆلیژە سەر بە زانکۆکانی کوردستان نەبێ. گوتیشی "ئەوانەی ئێستا لە خوێندنی کۆلێژە

## 3 ساڵە بەغدا 150 کورسی خوێندن لە دەرەوە بۆ کوردستان دابین ناکات

**رووداو- هەولێر**

زیاتر لە 3 ساڵە حکومەتی عێراق 150 کورسی خوێندن لە وڵاتانی دەرەوە بۆ قوتابیانی کورستان دابین ناکات، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیش دەڵێ "تائێستا چەندین جار بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی





خوێندنی باڵای عێراق گۆڕاوە، بۆیە کێشەمان بۆ دروستبووە، هەندێک جاریش هەڵەی برادەرانی ئێمە بووە، کە لەکاتی خۆی نەچوونەتە بەغدا".

زیاتر لە سێ ساڵە، 232 کورسی خوێندن بۆ قوتابیانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقەوە وەرگیراوە، کە بڕیاربوو 115 کورسی بۆ قوتابیانی دکتۆرا و 35 کورسی خوێندنیش بۆ قوتابیانی ماستەر بێت، بەڵام جگە لە دابینکردنی 82 کورسی خوێندن بۆ قوتابیانی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە، هیچ کورسیەکی دیکە بەقوتابیانی کوردستان نەدراوە. بەپێی گوتەی د.ئەحمەد دزەیی، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زۆر هەوڵدراوە کورسیەکانی دیکەش دابین بکرێن، بەڵام بێ سوود بووە. سەلام خۆشناو، جێگری وەزیری خوێندنی باڵای عێراق، لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ (رووداو) گوتی قوتابیانی کورد کە ناویان گەڕاوەتەوە ناچن بۆ بەغدا کاروبارەکانیان راپەڕێنن بۆ

ئەوەی بتوانن سوود لەو کورسیانەی خوێندن وەربگرن کە لە دەرەوە بۆیان دابینکراون.

ناوبراو هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ گۆڕینی بەڕێوەبەری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق و هەڵەی کارمەندانی وەزارەتی خوێندنی باڵای ئێرە کە لە کاتی خۆی نەچوونەتە بەغدا، بۆیە لەو کورسیانە بێ بەشبوون.

ئێستاش حکومەتی عێراق ئەوەی کردووەتە کێشە و تەنیا ئەو قوتابیانە دەنێرێتە دەرەوە کە 3 ساڵ بەر لە ئێستا ناوی خۆیان تۆمار کردووە، بەڵام د.ئەحمەد دەڵێ "ئەوانەی پێشتر ناوی خۆیان تۆمار کردووە بەشێکیان لێرە خوێندنیان تەواو کردووە، بەشێکیشیان ناچنە دەرەوە، بۆیە ناکرێ ئێمە دەستبەرداری 150 کورسی خوێندن بین".

د.ئەحمەد دەڵێ ئەو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی راگەیاندووە، کە حکومەتی عێراق 150 کورسی خوێندن لە زەماڵەی ساڵانی 2005 و2006 بۆ قوتابیانی کوردستان دابین ناکات "بە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانم گووتووە ئەو کێشەیەمان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقی هەیە".

وەزارەتی خوێندنی باڵا، لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستاندا داندرا و، بەپێی لێدوانی د.ئەحمەد تا وەکو ئێستا 802 قوتابی بۆ خوێندن ناردووەتە وڵاتانی دەرەوە. بەپێی مەرجەکانی وەزارەت نابێ قوتابی دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە دەرەوەی وڵات بمێنێتەوە. د.ئەحمەد دەڵێ " ئێمە وەکو پێویست سوودمان لە بودجەی لێکۆڵینەوە و زەماڵەی بەغدا نەبینیوە، بۆیە لەسەر بودجەی خۆمان قوتابیمان ناردووەتە دەرەوە بۆ خوێندن، جگە لە خەرجکردنی پارەی سەفەر کردن،مانگانە 1200 دۆلار دەدەینە هەر قوتابییەک کە لە دەرەوە دەخوێنێ، چونکە زانکۆکانی ئێمە پێویستی بە مامۆستایە".

لە چەند رۆژی رابردووئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق بڕیاریدا 500 قوتابی، کە 67 قوتابی لە کوردستان دەگرێتەوە بنێریتە وڵاتانی دەرەوە بۆ خوێندن. د.ئەحمەد گوتی" ئەو پرۆژەیە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان دانراوە، ئێمەش هەر کەسێک حەز بکات لە دەرەوەی وڵات بخوێنێ ناوی دەنووسین و بەپێی مەرجەکان دەینێرێن".

### بێی رەزامەندیا دهوکێ

# دەست ب ڤەگواستنا پەرتووکان بو زاراڤێ بەهدینی کریە

**عەبدوڵڵا نهێلی**
**رووداو-دهوک**

کێشە بێشا خاندنا زاراڤێ بەهدینێ ل دەڤەرا بەهدینان دەربویە، پتر ژ دوو هەیڤایە وەزارەتا پەروەردێ بەرسڤا نڤیسارا فەرمیا خەلکێ دهوکێ نەدایە، لسەر ڤێ چەندێ را ژی لژنەیک هاتیە بێک ئینان و دەست ب وەرگێرانا پەرتوکێن قوناغا دواناڤنجی هاتیە کرن، سەروکێ ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ ژی راگەهاند چاوا سلێمانیێ پەرتوکێن سیستەمێ نوی نەوەرگرتن، وەسا مەژی ماف هەیە بێ وەزارەتێ زاراڤێ بەهدینی بخوینین.

پشتی سەرهەلدانا 1991 هەرێما کوردستانێ دەست بخواندنا زاراڤێ سورانی کر و پاشان ل سالا 1998 ل دەڤەرا بەهدینان بو بەهدینی و پاشان بو سورانی و بەهدینی بێگڤە، ل دەسپێکا سالا چویی یا خاندنێ تا قوناغا شەشێ بنەرەتی ل دەڤەرا بەهدینان زاراڤێ بەهدینی هاتە خاندن، ئەڤ سالە لایەنێن بەرپرسێن دهوکێ بریار دایە قوناغا حەفتێ بنەرەتی ژی ببیتە بەهدینی.

ژێدەرەکێ بەرپرس ژ رێڤەبەریا گشتی یا پەروەردا دهوکی دیارکر کو دەمەکە لژنەیەکا تایبەت یا شارەزا دباری زمانی دا دەست ب وەرگێرانا پەرتوکێن قوناغا حەفتی بنەرەتی ژ زاراڤێ سورانی بو بەهدینی هاتیە کرن، لبەرە ئەڤ سالە قوناغا حەفتی بنەرەتی ب زاراڤێ بەهدینی بهێتە خاندن.

ژبەر وەزارەتا پەروەردێ ئەوی ژێدەری نەخاست ناڤێ وی بهێتە ئاشکرا کرن بو رووداو دبێژی"بەری نوکە مە چەندین نڤیسار لسەر داخازا خەلکێ دهوکێ دابونە وەزارەتا پەروەردێ بو خاندنا زاراڤێ بەهدینی ل دەڤەرا بەهدینان، بەلێ وەزارەتێ بەرسڤا چ نڤیسارێن مە نەدان، ئەم نەچاربوین مە ئیمزار و داخازێن دایک و بابێن زاروکێن دهوکێ گەهاندنە ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ، ئەوان پشتەڤانیا مە کر و ب رێکا خو نڤیسارەک دا وەزارەتا پەروەدێ، بەلێ هەر بێ مفا بوو، لەورا بریار ئەوە قوناغا حەفتێ بنەرەتی ژی ئەڤ سال ببیتە زاراڤێ بەهدینی.

ژلایێ خوڤە سەروکێ ئەنجومەنێ چڤاتا پارێزگەها دهوکێ دیارکر کو پتر ژ دوو هەیڤایە ئەنجومەنێ دهوک نڤیسارەک دایە وەزارەتا پەروەدێ بو خاندنا قوناغا بنەرەتی ل دەڤەرا بەهدینان ب زاراڤێ بەهدینی، بەلێ ب بخابنیڤە دبێژی"مخابن ئەڤە هندە دەوام نێزیک بوو هێشتا وەزارەتێ پەرسڤا نڤیسارا مە نەدایە، لەورا ئەم نەچاربوینە، مە لژنەیەک ل نڤیسکارێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد تایێ دهوک و هند ماموستا و شارەزاێن زمانی بێک ئینایە و لسەر بودجێ گەشەپێدانا پارێزگەها دهوکێ دەست ب وەرگێرانا پەروتوکان ژ زاراڤێ سورانی بو زاراڤێ بەهدینی کریە.

د.فازل عومەر سەروکێ جڤاتا پارێزگەها دهوکێ رەخنە ژ سیاسەتا وەزارەتا پەروەدێ گرت و بو رووداو دبێژی"ئەو ئەزمونێن وەزارەتا پەروەدێ ددرێژاهیا چەندین سالێن چویدا لسەر پەیرەوکرنا زاراڤێ سورانی و گوهرینا وی بو بەهدینی و چارەکا دی بو سورانی ل دەڤەرا بەهدینان، قوتابێن ڤێ دەڤەرێ توشی مەزنترین ئاریشە کرینە و سال بو سالێ رێژا دەرچونێ لڤێ پارێزگەهێ بەرەف کێمیێ دچیت و هەتا ئەڤ سالە هاتیە دبن 15%، پشتی مە چەندین دیفچون کرین دیاربوو کو ئەگەرێ سەرەکی زاراڤێ سورانیە، لەورا مە بریار دایە و بێ رازەمەندیا وەزارەتێ مە دەست ب وەگێرانا پەرتوکان کریە دێ ێن بەردەوام بین، ئەگەر خو وەزارەت ڤێ چەندێ رەت ژی بکەت، چونکە ل دیف مادێ چارێ ژ یاسایا عیراقێ ماف دایە کوردان ب زمانێ خوە بخوینن، و مافێ خەلکێ دهوکێ یە ب زاراڤێ خوە بخوینن، چونکە هەر دوی مادەی دا هاتیە و لدیف برگا پێنج ئەو دەڤەرا بڤێت دشێت ب زاراڤێ خوە بخوینن و



پشتی راپرسیەکێ دکەن، خەلکێ دهوکێ ژی هەمی دگەل هندێ دایە ب زاراڤێ زاروکێن وان و ب زاراڤێ بەهدینی بخوینن.

گوتژێ"هەبونا دوو زاراڤێن سەرەکی ێن کوردی راستیەکا مێژویی یە و کەس نەشێت ماندێل بکەت، ئەم نە وەکو هندەک ژ وان کەسێن دەڤەرا سورانە کو دژی زاراڤ و هەبونا بەهدینا بین، بەلکو دنڤیسارا مە دا هاتیە دەڤەرا بەهدینان ب زاراڤێ بەهدینی بخوینن، و وانەیەک ژی ب زاراڤێ سورانی بهێتە خاندن، دیسان ل دەڤەرا هەولێر و سلێمانی ژی وانەیەک ب زاراڤێ سورانی بیت، هەوەها لژنەیەک لسەرتاسەرێ کوردستانێ بهێتە ب بێکئینان و زمانەکێ ئێکگرتی یێ خاندنێ بو هەرێما کوردستانێ بهێتە دروستکرن.

هەر دوێ داخویانێدا دکتوری دیارکر کو دەڤەرێن فەقەتیا ژی وەکو شنگار، شێخان، زمار و تلکێف شەش سالە ب زاراڤێ بەهدینی دخوینن، و نە ماموستا و نەژی قوتابێن وان نەشێن ب زاراڤێ سورانی بخوینن، لەورا ئەڤ دەڤەرە ژی دێ گەلەک مفایی ژ ڤێ بریارێ وەرگرن.

هەروەها رێسان حەسەن رێڤەبەرێ پەروەدا قەزا تلکێف بەسنا پوچونا دکتور فازلی کر و بو رووداو دبێژی"پشتی ئازادیا عیراقێ خاندنا دەڤەرا مە بویە کوردی و زاراڤێ بەهدینی، هەمی ماموستا و قوتابێن مە بتنێ بەهدینی دزانن، ئەگەر قوناغا حەفتێ ژی هەر ب بەهدینی نەخوینن، دێ دەڤەرا مەژی توشی مەزنترین ئاریشە بیت.

حەسەن سلێڤانەی سەروکێ ئێکەتیا نڤیسکارێن کورد تایی دهوکێ ژی دیار کو کو هەردەم ئەم دگەل هندێ دابوینە کو دەڤەرا بەهدینان ب دەڤوکا خو ئانکو ب زاراڤێ بەهدینی بخوینن، و دبێژی" نوکە ئەو لژنا هاتیە بێک ئینان چەندین ئەندامێن ئێکەتیا مە دناڤ دانە و دێ دبەردەوام بین بو هەر هاریکاریەکێ و وەرگێرانا پەرتوکان، داکو قوتابێن مە ب زمانێ دایکی بخوینن.

## ئەگەر خو وەزارەت رەت ژی بکەت، دێ هەر دبەردەوام بین لسەر ڤەگواستنا پەرتووکان بو بەهدینی

سەروکێ ئەنجومەنێ جڤاتا پارێزگەها دهۆک

# ئابووری

## 15000 سەر مەڕ لە ئوستڕالیاوە بۆ سلێمانی



ڕووداو-سلێمانی
زانا محەممەد قایمقامی قەزای سلێمانی لە لێدوانێکدا بە دەنگەکانی عێراقی ڕایگەیاند، کەڕێگەیان بە بازرگانێکی سلێمانی داوە 15000 سەرمەڕ لە ئوستڕالیاوە بێنێتە سلێمانی بۆ ئەوەی نرخی گۆشت لە مانگی رەمەزاندا لە شارەکە بەرزنەبێتەوە. نرخی کەلوپەل لە بازاڕەکانی کوردستاندا لەمانگی رەمەزاندا زۆر بەرزبووەتەوەو بووەتە جێی ناڕەزایی هاووڵاتییان.

| | دینار | 1 تەن | |
|---|---|---|---|
| $ 100 | 118500 | $ 540 |  |
| € 100 | 165000 | $ 120 |  |

# کوردستان کارەبا لە وزەی خۆر و با بەرهەمدێنێ

## 2 کۆمپانیا دوای 18 مانگ لێکۆڵینەوە بڕیاری کۆتایی دەدەن



**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی کارەبای کوردستان بەهاوبەشی دوو کۆمپانیای ناوخۆ و بیانی دەیەوێ کارەبا لە وزەی خۆر و با لە کوردستان بەرهەمبێنێ، بەڵام بەهۆی نەبوونی داتا لە کوردستان نەتوانراوە بڕیار لەسەر ئەو پڕۆژەیە بدرێ، ڕاوێژکاری وەزیری کارەباش دەڵێ "بۆ یەک مێگاوات کارەبا لەڕێگەی وزەی خۆر و باوە، پێویستیمان بە 5 ملیۆن دۆلارە، بۆیە دەبێ داتا کۆبکەینەوە".

12 شوێن لە پارێزگاکانی کوردستان دەستنیشانکراون، تا لەلایەن کۆمپانیای زاگرۆس و کۆمپانیایەکی ئەڵمانی زانیاری لەبارەوە کۆبکرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆر و با لە چوار وەرزی ساڵ دا، بۆ ئەمەش ماوەی ساڵ و نیوێک بۆ لێکۆڵینەوە دیاریکراوە.

دڵشاد شاکر، ڕاوێژکاری وەزیری کارەبا لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) دەڵێ "ماوەی 18 مانگ مۆڵەت بە هەردوو کۆمپانیا دراوە، تاوەکو لە نێو 12 شوێنی کوردستان گونجاوترین شوێن هەڵبژێرن و داتا لە وزەی خۆر و وزەی با لە ماوەی چوار وەرزی ساڵ کۆبکرێتەوە، چونکە ئێمە دەمانەوێ بگەینە ئەنجامێک لە بارەی ئەو پڕۆژەیە".

دڵشاد شاکر ئەوەشی ڕوونکردەوە بەبێ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە ناتوانن بڕیار لەو پڕۆژەیە بدەن " تا ئەو داتایانە کۆنەکرێنەوە ناتوانین بڕیار بدەین، کە ئایا ئێمە دەتوانین لەهەرێمی کوردستاندا کارەبا لە وزەی خۆر و با بەرهەمبێنین یان نا".

هەرچەندە ڕاوێژکاری وەزیری کارەبا دەڵێ، نایانەوێ لەلایەنی ئابوورییەوە زیانیان پێ بگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕی 2 ملیۆن و 500 هەزار دۆلاریان بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە و کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە تەرخانکردووە "ئەو پارەیە بۆ ئەوەیە تا کۆمەڵێک ئامێر دابنرێن، بۆ ئەوەی خێرایی با و وزەی خۆر بە داتا کۆبکرێتەوەو بە باشی داتاکانمان دەستبکەوێت، چونکە ڕۆژانە داتاکان کۆ دەکرێنەوە". ئەو ڕاوێژکارە دڵنیاشە کە کارەکە لەو ماوەیەی بۆی دیاریکراوە تەواو دەبێت.

تائێستا لە عێراق بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سوود لە وزەی خۆر و ڕەشەبا وەرنەگیراوە، بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە کوردستان دەتوانێ، جگە لە ئاو و گاز، کارەبا لە وزەی خۆر و باش بەرهەمبهێنێت.

ئەوە جگە لەوەی کە ڕیزە گڵۆپێک لە سەر شەقامی سەرەکی هەولێر-پیرمام، کە بە تیشکی خۆر کاردەکەن دانراون. ئەوە لەکاتێکدایە کە هەندێ لە شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن کوردستان شوێنێکی گونجاوە بۆ سوود وەرگرتن لە تیشکی خۆر، چونکە لە زۆربەی ڕۆژانی هەر چوار وەرزی ساڵدا تیشکی خۆر بەدەرەوەیە.

ئەو ڕاوێژکارەی وەزارەتی کارەبای کوردستان گوتی" لەهەموو جیهان سوود لە وزەی خۆرو با وەردەگیرێت و کارەبای لێ بەرهەمدێ، کوردستانیش یەکەم شوێنە لە عێراق، کە دەتوانێ بە وزەی خۆر و ڕەشەبا کارەبا بەرهەمبێنێت".

بەرهەمهێنانی یەک مێگاوات کارەبا لە وزەی خۆر و با، 5 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، لەکاتێکدا لە پڕۆژەی کارەبای وێستگەی گازی هەولێر، یەک مێگاوات کارەبا نزیکەی 700-750 هەزار دۆلاری تێدەچێت "بەڵام وزەی نوێبووەکان، کە سەرچاوەی ئاو و خۆر و با دەگرێتەوە، زۆر پاکن و ژینگە پیس ناکەن و، هەمیشە بەرهەمهێنانی کارەبا هەرزانتر دەکات، چونکە پێویستیمان بە سووتەمەنی نابێ، سەرچاوەکانی سروشتین، بۆیە پڕۆژەیەکی لەو جۆرەمان بە پێویست زانی لە کوردستاندا".

ڕاوێژکاری وەزیری کارەبا ئەوەش دەڵێت کە " ئەو شوێنانەی دوای داتاکان دیاریدەکرێن بۆ دروستکردنی پڕۆژەکە، نابێ شوێنی نیشتەجێبوونیان لێوە نزیک بێت".



بازرگانانی تورک سەرسامن بەو پێشوازییە گەرمەی لە کوردستان لێیانکراوە

# "خەڵکی ئێرە هێشتا بەوە ڕانەهاتوون وەک ئەوروپا و تورکیا پارە بە مۆدەی جلوبەرگ بدەن"



لە پێشانگای جلوبەرگی تورکی لە هەولێر هیچ شتێک بۆ فرۆشتن نەبوو (فۆتۆ:هەردی ئەحمەد)

**ولادیمێر فان ولخنبێرخ**
**ڕووداو-هەولێر**

ڕۆژانی 16-18 2009/8 پێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی بۆ جلوبەرگ و جلی وەرزشی بە بەشداری 60 کۆمپانیای تورکی بەڕێوەچوو. بزنسمانانی تورک سەرسام بوون بەو ڕێژە زۆرەی سەردانیکەران. ڕۆژنامەنووس ڕێبوار کەریم وەلی دەڵێ جلوبەرگی تورکی شێوازی بیرکردنەوەی کوردان دەگۆڕێت.

پێشانگاکەی جلوبەرگی تورکی لەلایەن کۆمەڵەی (اهرام)وە ڕێکخرابوو و لەلایەن خاوەن کارگەکانی لالەلی و کۆمەڵەی بزنسمانانی (LASIAD) و حکومەتی کوردستان و ژووری بازرگانی تورکی پاڵپشتی کرابوو. لەم پێشانگایەدا جلوبەرگ و جلی ئاهەنگ و جلی خەوتن و پێڵاو جانتا و جلوبەرگی لە چەرم دروستکراو و جلوبەرگی وەرزشی و جلی کاوبۆی و کەلوپەلی جوانکاری و بن کراسی ژنان و جلی ژێرەوە و بەرگی کەنار دەریا و جلی بووکێنی و مەمکدان دەبینران.

هۆڵی نمایشی جلوبەرگەکان،شوێنی هەریەک لە بزنسمانان و کەسانی حکومی و پیشەوەرانی بەشەکان و بازرگانەکان و وەکیلی دابەشکەری کەلوپەلی کۆمپانیاکان و تاک فرۆشەکان بوو، بەڵام گازاندەی بزنسمانانی تورک لەدەست ئەو ژمارە زۆرەی سەردانیکەرە کوردەکان بوو کە دەیانویست شتەکان بکڕن لەکاتێکدا هیچ شتێکی ئەو شوێنە "بۆ فرۆشتن نەبوو".

ڕێبوار کەریم وەلی دەڵێت جلوبەرگی تورکی "هێرشێکی کولتوورییە" لەلایەن تورکیاوە. ئافرەتی کورد بە پۆشینی جلوبەرگی کورت و ڕووت ڕانەهاتوون و مرۆڤی کورد خووی بەوە نەگرتووە پارەیەکی زۆر بە مۆدەیەکی جلوبەرگ بدات. وەلی دەڵێت "لە ئەوروپا خەڵکی پارەی زۆر بە جلوبەرگ دەدەن، بەڵام لە کوردستان وانییە. لە ئەوروپا و تورکیا خەڵک لە کۆتایی هەفتەدا هەر بۆ کەیف و خۆشی جلی نوێ دەکڕن، بەڵام لە کوردستان تەنها لە کاتی پێویست جلوبەرگ دەکڕدرێت. ئەمانەش دوو نەریتی جیاوازن. بەڵام لە داهاتوودا لە کوردستانیش ئەمە دەگۆڕدرێت".

سامی ستاماتی بزنسمانی تورک کە نوێنەرایەتی کۆمپانیای بەناوبانگی جیهانی کالڤن کلێین دەکات لەگەڵ وەلی هاوڕایە و دەڵێت "مەبەست لەم پێشانگایە زانینی ئاستی بەکاربەرە بۆ کڕینی شتومەکەکان. لە ئێستادا ئاستەکە نزمە. بەڵام لەوانەیە لە داهاتوودا ئەم مۆدانەی جلوبەرگ ببنە پێویستییەکی خەڵک. گەشەسەندنێکی زۆر خێرا لێرە ڕوودەدات و مۆدەکانیش دەفرۆشرێن. بۆیە ئێمە دەمانەوێت خاوەنی یەکەم مۆدەی ئەم بازارە بین".

ژمارەیەکی زۆری کڕیارانی کورد نرخی شتومەکەکانیان لە ستاماتی دەپرسی. ژنێکی کورد گوتی "ئەمە بە چەندە؟". ستاماتیش بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە "ئەمە لە سەد دۆلار گرانترە". ئافرەتە کوردەکە زۆر نەمابوو باوەڕ بە گرانی نرخەکە نەکات. ستاماتی دەڵێت خەڵکی ئێرە هێشتا بەوە ڕانەهاتوون وەکو خەڵکی ئەوروپا و تورکیا پارە بە مۆدەی جلوبەرگ بدەن. بەڵام ئەو وابیردەکاتەوە ئەمە دەگۆڕێت "ئەگەر خەڵک داهاتیان زیادبکات، دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە پارەیان هەیە. خەڵکی ئێرە ڕەنج و مەینەتی زۆریان کێشاوە، ئێستاش دەیانەوێ بە خۆشگوزەرانی بژین. بازرگانییش یارمەتی وەدیهێنانی ئەمە دەدات".

> **لێرە خەڵک تەنها گرنگی بە نرخ دەدەن و جۆرەکانی جلوبەرگیان بەلاوە گرینگ نییە**
> بزنسمانێکی تورک

بزنسمانی کورد محەمەد ئالتینتاس کە خەڵکی ئیستانبولە، بە هەمان شێوە واهەستدەکات شێوازی بیرکردنەوەی کوردستان جیایە لەوەی تورکیا "لێرە خەڵکی دەیانەوێت جلێک بە 20 دۆلار بکڕن نەک 200 دۆلار. ئەوان گوێ بە مۆدە نادەن".

نیاز چاقوشئۆگلۆ لە PUKO دەڵێت ئەو چاوەڕوانی پێشانگایەکی پیشەگەریی جلوبەرگی وای نەدەکرد. بەڵام هێشتا لەبارەی بری بازرگانی ئێرە دڵتەنگە "خەڵکانی ئێرە زۆر دۆستانەن، بەڵام بازرگانی زۆر سستە". هەروەها ناوبراو ڕەخنەشی لە عەقڵیەتی شت کڕینی کوردان گرت "لێرە جلوبەرگی نایلۆنی چینی زۆر هەیە. خەڵک قوماشی لە لۆکە دروستکراو ناناسن، لێرە تەنها گرنگی بە نرخەکە دەدەن و جۆرەکانی جلوبەرگی ئێرە زۆر هەرزانن. بەڵام من خۆم تەنانەت زەوی ژوورەکەشم بەم قوماشانە پاک ناکەمەوە".

بزنسمانانی تورک بە ئاسایشی باشی کوردستان و ڕەوشی شەقامەکانی سەرسام بوون. ئەوان پێشبینی ئەم پێشکەوتنەیان نەکردبوو. موراد دوداکئۆگلو لە کۆمپانیای ئیزکمەر دەڵێت بە بینینی ئەم پێشکەوتنە تووشی شۆک بووە "دەستییان خۆش بێت، بە 20 بۆ 26 ساڵی دیکە ئێرە دەبێتە دوبەی. من وام هەستدەکرد خەڵکی ئێرە ئێمەیان خۆش ناوێت، بەڵام ئەوان زۆر دۆستانەن. هەموویان دەیانەوێت یارمەتیم بدەن، بەڕاستی خۆشحاڵم"، دوداکۆگلو دەڵێت خەڵکی ئێرە بە بەراورد لەگەڵ ئازەربایجان یان تورکمانستان زۆر ڕاستگۆو بەڕێزن، "خەڵکانی ئەوێ تەنها دەیانەوێت سوودت لێ وەربگرن".

> **بە 20 – 26 ساڵی دیکە ئێرە دەبێتە دوبەی. من وام هەستدەکرد خەڵکی ئێرە ئێمەیان خۆش ناوێت، بەڵام ئەوان زۆر دۆستانەن. بەڕاستی خۆشحاڵم**
> موراد دوداکئۆگلو لە کۆمپانیای ئیزکمەر

موستەفا نوری عەسکەر کە تورکمانێکی عێراقییە و لە کۆمپانیای کینگەسیی تورکییە دەڵێت زۆر لە بازرگانە تورکەکان چاوەڕوانی ئەوە نەبوون لەلایەن کوردانەوە پێشوازییان لێبکرێت "هەولێر زۆر جوانە، بەو هیوایەی وەکو دوبەی دووەمی لێبێت لەجوانیدا، تورکیش لەم بەرەو پێشچوونەدا بەشدار دەبن".

مەحمەد کۆکسال لە کۆمپانیای JKS Tekstil دەڵێت ئەو پێشبینی نەدەکرد خەڵکانی ئاسایی بۆ پێشانگای جلوبەرگ بێن "خەڵکەکە بۆ بازرگانی نەهاتوون، تەنها بۆ جل کڕین هاتوون. ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کوردان نییە، لەگەڵ کوردان بەیەکەوە دەژین. کاتێک لە ئیستانبول هاتین پێشبینی ئەوەمان نەدەکرد".

جومالی مەمیش لە کۆمپانیای دێمیرتاس تێکستیل بە هەمان شێوە دڵتەنگ بوو کە شتومەکی زۆری نەفرۆشتبوو. بەڵام هیواخوازبوو ئەم بەرەو پێشچوونانەی ئێرە بەباشی بەڕێوەبچن " کورد هاوسێی ئێمەن. با هیواداربین ئەم پێشڤەچوونانەیان بەردەوام بن"

# رەمەزان نرخەکان دەفڕێنێ



عیسا عەبدولقەهار
eisaqahar@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

هاووڵاتییان ترسیان لێنیشتووە مانگی ڕەمەزان کە بەمانگی ڕەحمەت و بەرەکەت ناسراوە، ببێتە مانگی بەتاڵکردنەوەی گیرفانەکیان، ئەویش بەهۆی گرانکردنی نرخی خواردەمەنی لەو مانگەدا.قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێریش بەڵێن بە دانیشتووانی شارەکەی دەدات، ڕێگە نەدات نرخی کەلوپەل لەو مانگەدا بەرز بێتەوە.

هەرچەندە هاووڵاتییان ترسیان لە بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلی خۆراک هەیە لە مانگی ڕەمەزاندا، بەڵام هەفتەی ڕابردوو 10 دوکاندار لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی خواردەمەنی سزا دران.

شاکر حەمەدەمین کە هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری هەولێرە زیاتر لە دوو عەلاگە خواردەمەنی کڕیوە تا لە مانگی ڕەمەزان بەکاری بێنێ، بەڵام ئەو لەو جارانە توڕەترە کە هاتووەتە بازاڕ، چونکە نرخەکانی بەدڵی نییەو دەڵێ نرخ بەرزبووەتەوە، ئەمەش ساڵانە لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان دووبارە دەبێتەوە، شاکر دەڵێت"پێویستە لەو مانگە پیرۆزە نرخی خواردەمەنیی هەرزان بێ، بەڵام لە کوردستان پێچەوانەیە، کڕیار بێزار دەکرێت و نرخ بەرز دەبێتەوە".

لەمانگی ڕەمەزان ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی کوردستان بەڕۆژو دەبن، ئەمەش وادەکات زیاتر پێویستیان بە خواردن و خواردنەوە بێت، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو نرخی پەتاتە، شووتی، کە هەردوو بەرهەمی ناوخۆن بەرز و نزمیان بەخۆوە بینی.

نیهاد لەتیف قۆجە قایمقامی هەولێر دەڵێ،بەهۆی ئەوەی کە جووتیاران تووشی گرفت بوون، بۆیە نرخی بەرهەمەکانیان بەرزبووەتەوە "هەر دوکاندارێک نرخی ئەو بەرهەمانەی بەرزکردبێتەوە، سزایەکی توندی دەدەین".

بەڵام هاووڵاتی باست شەریف دەڵێ "بەرزبوونەوەی ئەو بەرهەمانە پەیوەندی بە دروستبوونی هیچ گرفتێکەوە نییە، تەنها لەبەر ئەوەیە، کە لەو مانگە خەڵک زۆرتر پێویستی بە خواردەمەنییە، بۆیە نرخ بەرز دەبێتەوە".

دوکاندار و فرۆشیاران ئاماژە بە بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و کەلوپەل دەدەن، بەڵام دەڵێن پەیوەندی بە مانگی ڕەمەزانەوە نییە. کەیفی نامیق، کە لەپێش باڵەخانەی بازاڕی نیشتمان لە شاری هەولێر سەوزەو میوە دەفرۆشێت، دەڵێ "لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو، کەمێک نرخ لە بازاڕ بەرز بووەوە، بەڵام لەبەر ئەوە نیە خەڵک زیاتر لە مانگی ڕەمەزان خواردەمەنی دەکڕێت، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەیە هەندێکجار لە گومرگ نرخەکان بەرز دەبێتەوە".



بەرزبوونەوەی نرخەکان لە مانگی ڕەمەزاندا بووەتە جێی ناڕەزایی هاووڵاتییان (فۆتۆ:ڕووداو)

هەفتەی ڕابردوو نرخی گۆشت لە بازاڕی هەولێر بەرزبووەوە، لەکاتێکدا گۆشت لە مانگی ڕەمەزان دەبێتە خواردنێکی سەرەکی، بەڵام خەڵکی هەر بەردەوامن لە کڕینی.لەڕێگای لێژنەیەکەوە چاودێری نرخەکانی بازاڕ دەکرێ، قایمقامی هەولێر دەڵێ لە مانگی ڕەمەزان زیاتر چاودێری نرخەکان دەکەین، وەک ئەو ئاماژەی بۆ کرد"تا هاووڵاتییان ئیستغلال نەکرێن".

نیهاد لەتیف قۆجە، قایمقامی ناوەندی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە بەردەوام چاودێری بازاڕ دەکەین، تا لە مانگی ڕەمەزان نرخەکان بەرز نەبێتەوە، چونکە هەندێک دوکاندار بە هەلی دەزانن کە لەو مانگە نرخ بەرز بکەنەوە". گوتیشی" بەڵام هەندێک نرخ کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە لە دەرەوەی کوردستان دێت و بەنرخێکی بەرز دێتە کوردستان، بۆیە بازرگانەکان ناچارن بە هەمان ئەو نرخە بیفرۆشنەوە".

هەفتەی ڕابردوو زیاتر لە 10 دوکاندار سزا دراون، کە سزاکەیان لە نێوان 75 تا 300 هەزار دینار بووە، نیهاد گوتی "هەندێک لەوانەی سزا دراون دوکانەکەشیان داخراوە".

بەڵام جێگری لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان گوتی "لەبەر ئەوەی سزاکان سووکن، بۆیە ناتواندرێت بە تەواوی ڕێگا لەبەرزبوونەوەی نرخەکان بگیرێت".

جووتیار مەجید، جێگری لێژنەی دارایی وئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، کە هەفتەی ڕابردوو ماڵئاوایی لە پەرلەمان کرد بۆ (ڕووداو) گوتی"نابێت حکومەت ڕێگا بدات، کە دوکاندار هاووڵاتییان بێزار بکات، چونکە هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەمەزاندا نرخ بەرز دەبێتەوە".

تا ئێستا بەشێک لە دوکاندارەکان نرخ لەسەر خواردەمەنی و کەلوپەلەکانیان هەڵناواسن بەو هۆیەشەوە لەلایەن لێژنەی چاودێریەوە سزا دەدرێت، نیهاد لەتیف گوتی"ڕۆژانە دوکاندارەکان لەسەر هەڵنەواسینی نرخ سزا دەدەین".

> **زیاتر لە 10 دوکاندار بەهۆی بەرز کردنەوەی نرخ لەسەر خواردەمەنییەکان سزا دراون**
> قایمقامی هەولێر

> **ناتواندرێت ڕێگا لەبەرزبوونەوەی نرخ بگیرێ**
> جێگری پێشووی لێژنەی دارایی وئابووری لە پەرلەمانی کوردستان



لەنێو کۆنترۆڵێکی توونددا لە دەرگا و پرسگەی پەرلەمانی تورکیا چووینە ژوورەوە، لە بەشی فراکسیۆنە 22 کەسییەکەی DTP دا، کوردایەتی لە ژێر وێنەی دامەزرێنەی کۆماری تورکیا (مستەفا کەمال ئەتاتورک)دا دەنگێکی دلێری هەیە. لە چوونە ژوورەوە ئاکین بیردالمان بینی، ئەو پەرلەمانتاری DTPیە، هەرچەندە کورد نییە، بەڵام ڕۆژنامەنووسانی تورکیش بۆ قسەوباس لەسەر کێشەی کورد دەچنە لای ئەو و 21 پەرلەمانتارەکەی دیکەی فراکسیۆنەکەیان، نەک بۆ لای 75 پەرلەمانتاری کوردی نێو فراکسیۆنی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار. ئیبراهیم بینجی پەرلەمانتاری DTP پێیگوتم: "ئەو پەرلەمانتارە کوردانەی AKP پێماندەڵێن ئێوە چۆن دەوێرن ئەو قسانە بکەن؟ ئێمەش پێیاندەڵێین ئێمە ئەو جورئەتە لە خوێندنی گەلەکەمان و ڕەوایی دۆزەکەمانەوە وەردەگرین. ئەگەر ئێوەش باوەڕتان بەوە هەبێت، دەتوانن وەک ئێمە قسە بکەن".

سکرتێرەکەی دەرگای ژوورەکەی بۆکردینەوە. ئەحمەد تورکیش بە نەرمی هەستا و وەک سروشتی خۆی بە نەرمی قسەی لەگەڵ کردین. ئەمساڵ، دوای ئەوەی باراک ئۆباما 3 دەقیقە زیاتری هەموو سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی تورکیا لەگەڵ ئەو دانیشت، تورکیا بۆی دەرکەوت ئیدی ئەحمەد تورک ناوێکە لە جیهاندا شاراوە نییە. بۆیە ئەوانیش دەبێ ئیدی دەستی تەوقەکردن لەگەڵ ئەو نەکێشنەوە.

ئەحمەد تورک دەڵێ: "دوای ئەوەی کە سەرۆک کۆماری تورکیا لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکان دانیشت، زانیم مەبەست لەو ڕیزە دانیشتنە ئەوەیە لەگەڵ من دابنیشن". ئەو مرۆڤێکی خاکەڕایە، هەروەها کراوەشە وەزیرێکی پێشووی دەوڵەتی تورکیا لەلای ئەو دانیشتبوو. ناوی ئەو وەزیرە عەدنان ئەکمەن بوو. ئەو وەزیرە کوردە دەیگوت من ناتوانم لەگەڵ DTP کار بکەم، بەڵام ئەحمەد تورک مرۆڤی لەگەڵ دانیشتن و گفتوگۆیە. ئێمەش گفتوگۆیەکەمان لەگەڵ ئەو دەستپێکرد:

هەڤپەیڤین: ئاکۆ محەممەد



ئەحمەد تورک، سەرۆکی DTP :

# ئەگەر کوردی باکوور بێدەنگ بن کوردی باشوور پەرێشان دەبن

**ڕووداو: لەکاتی هاتنی ئۆباما بۆ تورکیا ڕۆژنامەکانی تورکیا نووسییان ئۆباما سێ خولەکی زیاتر لە سەرۆک فراکسیۆنەکانی دیکە لە کاتی خۆی دایە ئێوە، ئۆباما بە دروستی چ پەیامێکی بۆ ئێوە هەبوو؟**

**تورک:** ئۆباما گوتی کێشەکانی ئەمڕۆی جیهان دەبێ بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن، گرنگ ئەوەیە ڕێگەی گفتوگۆ فراوان بکەین. کێشەی کورد بە شەڕی چەکداری چارەسەر نابێت. منیش گوتم باشە، بەڵام 15 هەزار هاووڵاتی مەدەنی بێ سەروشوێن کراون، لەلایەکەوە ئێوە ڕەخنە لە کورد دەگرن، بەڵام ئەو تاوانانەی دەوڵەت کردوونی نابینن، ئێمە دەمانەوێ ئێوە هەردوولا ببینن. کورد چەوسێنراونەتەوەو کێشەکە بە قسە چارەسەر نابێت. نازانم چی بە حکومەتی تورکیا گوت، بەڵام بە ئێمەی گوت ئەگەر ڕۆژێک کێشەیەک هاتە پێشەوە نوێنەری من لە ئەنقەرەیە دەمەوێ بە منی ڕابگەیەنن. هەروەها گوتی من کوردم خۆشدەوێ، سەرکردە کوردەکانی باشوور دەناسم، بەڵام ئەمڕۆ بۆ جاری یەکەم سیاسەتمەدارێکی کورد لە تورکیا دەناسم. بە دیدارەکە دڵخۆش بوو. من جیددیەتی ئەویشم لەوەدا بینی کە گوتی هەر کێشەیەک بوو بە منی ڕابگەیێنن. ئەگەر بیری لە گێڕانی ڕۆڵێک بۆ چارەسەری نەکردباوە، شتێکی وای نەدەگوت. کێشەی کورد، تەنیا کێشەیەکی نێوخۆیی نییە، بەڵکو بووەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل بووەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ کێشەی کوردیش گەیشتووەتە ئەو ئاستە.

**ڕووداو: گیول پێشوازی لە ئێوەکرد، پێتوایە گیول جدییە لەگوتنەکانی کە دەڵێ پێویستە کێشەی کورد چارەسەر بکەین؟**

**تورک:** جدیبوون بەس نییە و تێری ئەو کێشەیە ناکات. دەوڵەتی تورکیا وەک بنچینە دژی یەکە، لەبەرئەوە زۆر تێکەڵ و پێکەڵە، ئەمڕۆ پرۆژەیەکی جیاواز لە مێشکی سوپادا هەیە و تەنیا باس لە مافی تاکەکەس دەکات نەک مافی گرووپە نەتەوەییەکان، کاتێک کێشەی کورد بکەیە کێشەی تاکەکەسان ئەوکات ئەوە تێری کورد ناکات و کێشەی کورد چارەسەر ناکات. کورد گرووپێکی نەتەوەیین لە هەرێمێکدا کە 90%ی خەڵکەکەی کوردە، ئێمە ناتوانین بیکەینە کێشەی تاکەکەسەکان. ئەوەش زۆر کۆسپ دەخاتە بەردەم چارەسەری کێشەی کورد. ئێمە دەزانین ئەو کێشەیە بە ڕۆژ و ساڵ و دووساڵ چارەسەر ناکرێ، بەڵام پێویستە ڕێگەی یەکتردیتن و دیالۆگ ببێتەوە. عەبدوڵڵا گیول گەیشتووەتە ئەو ڕاستییەی کە ئەو ئاراستەیەی لە سێ ساڵی ڕابردوودا هەبووە ئەو کێشەیە چارەسەر ناکات. گیول پێیگوتم کاتێک بوومە سەرۆک وەزیر، من ئەوکات عەجەمی و نەشارەزا بووم، لەبەرئەوە زۆر کەموکوڕی دروستبوون و هیچم نەکرد، بەڵام ئەمڕۆ پێویستە ئێوەش هەنگاو بهاوێژن و دەوڵەتیش هەندێک هەنگاو بهاوێژێت و، ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. ئەز لەو بڕوایەدام کە دانیشتنی لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکانی دیکە، لەبنەڕەتەوە بۆ ئەوەبوو لەگەڵ ئێمە دابنیشێ. ئەوکاتی لەگەڵی دانیشتم، گوتی من زۆر بەگرنگییەوە تەماشای ئەو دیدارە دەکەم، لەبەر ئەوەش زۆر باسی پرسی پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەنستان و کێشەی قوبرس و قەفقاسیا ناکەم، دەمەوێ ڕاستەوخۆ باس لەکێشەی کورد بکەین. واتە من وای لێتێگەیشتم کە داوەتکردنی سەرۆک فراکسیۆنەکان بۆ ئەوەیە من ڕای خۆمان لەسەر کێشەی کورد بەو بڵێم.

> **ئۆباما پێیگوتم هەر کێشەیەکتان هەبوو حەزدەکەم پێم ڕابگەیێنن**

**ڕووداو: باشووری کوردستان زۆر دەوڵەمەندە لە ڕووی سامانی نەوتەوە، تورکیاش دەروازەی هەرە باشە بۆ باشووری کوردستان، یەک ناوچەش کە بتوانێ سوود بە تورکیا بگەیێنێ باشووری کوردستانە. بەو شێوەیە باشووری کوردستان دەتوانێ چ چارەسەرێک بە تورکیا بداتە قبولکردن بۆ بەرژەوەندی پارچەی هەرە گەورەی کوردستان و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکەی؟**

**تورک:** بەڕاستی ئەوشتە زۆر گرنگە، کاتێک مێشکێک بە ڕێزەوە تەماشای برایەتی گەلان بکات، بەرژەوەندی لەوەدایە. ئێمە دەمانەوێ تورکیا بە چاوی برایەتی تەماشای کوردانی باشووری کوردستان بکات، پەیوەندییە ئابووری و کولتورییەکان لەنێوان هەردوولادا دروستببن، ئێمە دژی ئەوە نین، بەڵکو دەمانەوێ پەیوەندی بەهێز دروستبکەن، بەڵام ئەو پەیوەندییانە بۆ ئەوە نەبن دەنگی کورد ببڕن. بەو لۆژیکە نەبێت: پەیوەندی لەگەڵ کوردانی باشوور دروستدەکەم، بۆ ئەوەی کوردانی ئێرە بێدەنگ بکەم. ئەوە مێشک و بیرکردنەوەیەکی تەسکە، چونکە ئەگەر سبەی کوردی ئێرە بێدەنگ بن، کوردی ئەوێش پەرێشان دەبن. لەبەرئەوە پێویستە دەوڵەتی تورک و خەڵکی تورک بڵێن کورد برای ئێمەن و پەیوەندی کورد و تورک لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر کۆنە، گەلی ئەو پارچەیەش کە ئەمڕۆ خەباتێک بۆ پارچەکەیان دەکەن، پێویستە ڕێزی بگرین، ئەوکات کاریگەری لە سەر کوردی تورکیاش دروستدەبێ بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر ببێ. بۆ ئەوەی کێشەکەش چارەسەر ببێ، دەبێ ڕێگە ببنەوە. بەڵام ئەگەر تورک بەو مێشکە تەماشا بکەن کە کورد پێکهاتەیەکی سەر بە کێشەن و بڵێن: پێویستە ئەوێش کۆنترۆڵ بکەین. بەو مێشکە نزیک ببنەوە، بەڕاستی ئەوە شتێکی دروست نییە.

> **ئێمە دژی پەیوەندی هەرێمی کوردستان و تورکیا نین بەمەرجێک بۆ ئەوە نەبێ دەنگی کورد ببڕن**

**ڕووداو: ئێستا ئەو سیاسەتەی مەسعود بارزانی، مام جەلال و نێچیرڤان بارزانی بەڕێوەی دەبەن لەو بوارەدا چۆن دەبینی؟**

**تورک:** دروست نییە ئێمە ئەمڕۆ لێرەدا ڕەخنە لە سیاسەتی سەرکردەکان بگرین، بەڵام داوای ئێمە ئەوەیە، ئێمە چەند دیالۆگ لەگەڵ گەلی تورک دەخوازین، پێش هەموو شتێک پێویستە دیالۆگ لەنێوان کورد خۆیدا هەبێت. مام جەلال هەمیشە دەڵێ پێویستە PKK چەک دابنێ، ئێمە هەموومان دەمانەوێ چەک نەمێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو چەکە نەمێنێ کوانێ مام جەلال پرۆژەکەت چییە و، داواکاریت لە دەوڵەتی تورکیا چییە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا پرۆژەیەکی چارەسەری ئاشتیانەی هەبێت ئەوکات دەڵێین مام جەلال لەسەر حەقە ئەو شتە دەڵێ، بەڵام ئەو پرۆژەیە نییە.

**ڕووداو: تۆ چەند جار ئەوانت بینیون، نابینی ئەوانیش ئیتر بەگشتی ڕێز لە DTP دەگرن، چونکە ئێوە دەسەڵاتی میللی باکووری کوردستانتان بەدەستەوەیە؟**

**تورک:** ئێمە سەرکەوتن بۆ براکانمان لە باشووری کوردستان دەخوازین. ئێمە دەخوازین ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێز ببن، لە بواری دیموکراسیدا هەنگاوی مەزن بهاوێژن. ئێمە دەخوازین ئەوان ببنە هاوکاری ئەوەی بە دیالۆگ لە هەرێمەکانی دەرەوەی باشووری کوردستانیش کێشەی کورد چارەسەر ببێ. هاوکاری چارەسەری سیاسیانەی کێشەی کورد بن.

> **ئەگەر مەلحەمێکمان هەبووایە پێش باشوور لەسەری خۆمان دەدا**

**ڕووداو: تورکیا دەتوانێ زۆر کێشە بۆ باشووری کوردستان دروستبکات، هۆکاری سەرەکی جێبەجێنەبوونی مادەی 140 تورکیایە. ئێوە کە خاوەن فراکسیۆنن لە پەرلەمانی تورکیادا، دەتوانن چ لۆبیێتییەک بۆ باشووری کوردستان بکەن؟**

**تورک:** ئێمە دەزانین سیاسەتێک هەیە کە دەیانەوێ ڕۆژ بە ڕۆژ مافی کورد لەوێ کەم بکەن، کۆنترۆڵ بکەن، ڕێگرییەکانی جێبەجێبوونی مادەی 140 تەنیا حکومەتی عێراق نەبوو، بەڵکو تورکیاش دەستی لەوەدا هەیە. ئێمە دەڵێین بۆ هەر کێشەیەکی عێراق، پێویستە گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە ئەو کێشەیە لەنێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن، هیچ پێوەندییەک لەدەرەوە دروست نەبێ، بۆ پێشخستنی بوارەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی هاوکاری دەرەوە هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نین لەسەر مافی کورد و عەرەبان پێوەندی و دەستتێوەردانی دەرەوە دروست ببن.

**ڕووداو: ئێوە لەوبوارەدا دەتوانن لەنێو تورکیا و پەرلەماندا هیچ بۆ باشووری کوردستان بکەن؟**

**تورک:** ئەگەر ئێمە ئەو مەلحەمەمان هەبووایە پێشتر لەسەری خۆمان دەدا. ئەوکات کە سەری خۆمان دەرمان دەکرد، تەماشامان دەکرد دەتوانین چ سوودێک بە هەرێمی کوردستان بگەیێنین. بەڵام هەمیشە بە ئاشکرا دەڵێین پێویستە تورکیا هیچ یارییەک لە نێوخۆی عێراق دا نەکات.

**ڕووداو: زۆرجار کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەپرسن کەی کورد لەجیاتی ئەوەی دەنگ بداتە AKP و 70 پەرلەمانتاری کوردی بۆ بنێرێتە پەرلەمان، دەنگ دەدەنە DTP بۆ ئەوەی هێزی کورد لە پەرلەمانی تورکیادا گەورە بکەن؟**

**تورک:** ئەوە شتێکی بێ مانایە، با کوردی باشوور ئەوە نەڵێن، ئەوە نیشانەی کەموکوڕی نییە. ئێمەش دەزانین لە سەردەمی سەدامدا سەدان کورد موستەشاری سەدام بوون، چەند کورد لەلای سەدام بوون، لەبەرامبەریشدا چەند کورد بۆ ئازادی تێدەکۆشان. ئێستاش دەوڵەتی تورکیا هێزی قوروجی (جاش) دروستدەکات، پارە و بەرژەوەندی دەداتە خەڵک. ئەوە شتێکی ڕاست نییە کە دەڵێن بۆچی DTP دەنگی هەموو کورد وەرناگرێت.

**ڕووداو: مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمان زیاتر بێ، کاریگەری دەبێ لەسەر چارەسەری کێشەی کورد؟**

**تورک:** ئەگەر 550 ئەندام پەرلەمانیشمان هەبن کێشەی کورد بەوە چارەسەر نابێت. ئەگەر عەقلیەتی دەوڵەت نەگۆڕدرێ، کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەر نابێت. مەسەلەکە ئەوەیە. مەسەلەکە هێندە ساکار نییە. ئەوە مەسەلەی تێکۆشانی گەلێکە، ئەگەر گەل لە ئامادەیی و چالاکی دابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، ئەوکات کێشەکە چارەسەر دەبێ. ئەگەر ئەمڕۆ 300 کوردیش ببنە ئەندامی پەرلەمان کێشەکە لەسایەی ئەو عەقڵیەتەی ئێستا دەوڵەت هەیەتی چارەسەر نابێت.

*ئەو هەڤپەیڤینە، لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ سازکراوە.



ئەحمەد تورک

(فۆتۆ:ڕووداو)



رۆژنامەنووسی هۆڵەندی ئارنۆڵد کارسکێنس:

# ڕۆژێک دێت سنوورەکانی کوردستان دەکێشرێن

**ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی ئارنۆڵد کارسکێنس دەڵێت کاتێک سەددام حوسێن خەریکی قڕکردنی کوردان بوو، ئەوە هەڵەبجە بوو کوردی بە دنیا ناساند. ئەو ڕۆژنامەنووسە کە ئێستا بۆ ڕۆژنامەی دە پێرسی هۆڵەندی کاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی دەکات و لە برۆکسەل دەژیت، لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەو ساتانە دەکات کە بۆ یەکەمین جار هاونیشتیمانییەکی خۆی وەک ئەڵمانییەک خۆی پێدەناسێنی و پەسنی سەددامی بۆ دەدات. ماوەیەک دواتر کارسکێنس بۆیدەردەکەوێت کە ئەو دۆستە ئەڵمانییەکەی کەسێک نییە جگە لە فرانس ئانراتی هاونیشتیمانیی خۆی کە کەرەستەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژیی بە حکومەتی سەددام حوسێن فرۆشتووە. ساڵانی پاشتر نووسینەکانی کارسکێنس لە سەر فان ئانرات دەبن بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ دادگاییکردن و سزدانی ئەو بازرگانە لە وڵاتەکەی خۆیدا بە 17 ساڵ زیندانی. "فان ئانرات گەورەترین تاوانباری جەنگە لە مێژووی هۆڵەندادا."**

**شەڤین دەوڵەمەند**
**هۆڵەندا (ڕووداو)**

**ڕووداو: چۆن فان ئانراتت ناسی یان ناسییەوە؟**

**کارسکێنس:** بۆ یەکەمجار ئەوم لە دووەمین ڕۆژی جەنگی کەنداو لە ساڵی 1991 دا لە هوتێلی بە ناوبانگی ڕەشید ناسی. چونکە نەماندەتوانی بڕۆینە دەرەوەی هوتێلەکە هەوڵمدا بچمە ناو ئەو خەڵکەی لەوێن و فان ئانرات بە ڕادیۆکەی دەستییەوە سەرنجی ڕاکێشام. چونکە ئەو کات زۆر قەدەخە بوو کە ڕادیۆ هەڵکەیت. ئیتر لێی ڕۆیشتمە پێشەوە و قسەم لەگەڵ کرد. ئەویش زۆر کراوە بوو و لەگەڵم کەوتە قسە. ئەو خۆی بە من بە ناوی (فرانز) ناساند و گوتی خەڵکی ئەڵمانیام. ئەو ئەوکات زۆر شتی سەرنجڕاکێشی بۆ باسکردم، بەڵام چونکە هیچیم یادداشت نەکرد، قەت نەمتوانی سوود لەو شتانە وەرگرم. تەنیا شتێک کە وەبیرم بێت ئەوەبوو کە دەیگووت لەو جەنگەدا سەددام حوسێن هەقیەتی و ئەمریکییەکان ناهەقن. ئەو ژمارەیەکیشی دامێ و پێیگوتم ئەگەر بکرێت دواتر پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بکەم و پێیان بڵێم کە (فرانز) ڕەوشی زۆر باشە.

**ڕووداو: تەلەفۆنت بۆ ئەو ژمارەیە کرد؟**

**کارسکێنس:** بەڵێ لەو ناوچانەی جەنگیان لێیە زۆرجار شتی وا ڕوودەدات و پێم ئاسایی بوو. بەڵام سێ مانگ دواتر لە هاوکارێکی ئیسپانیایی بیستم کە (فرانز) ێک هەیە هەندێکجار خۆی وەک ئەڵمانیایی و هەندێک جاریش وەک هۆڵەندی دەناسێنێ و پەیوەندییەکی هەیە بە هێرشە کۆمەڵکوژییەکان بە چەکی ژەهراوی. ئیتر ئەوە بوو بیرم کردەوە ڕەنگە ئەوە هەر فرانزەکەی خۆم بێت و کەوتمە لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە.

من ژمارە تەلەفۆنێکیشیم هەبوو. ڕەنگە ئەوە گێلانەترین کار بووبێت کە فان ئانرات کردبێتی. چونکە ئەگەر ئەو ژمارەیەی نەدابوایە بە من، ڕەنگە ئەوم بە بیر هاتبایەوە، بەڵام هیچم پێنەدەکرا. کە تەلەفۆنم بۆ ژمارەکە کرد، ژنەکەی پێشووی وەڵامی دایەوە و زۆر شتی بۆ باس کردم، بەڵام دەربارەی ئەوەی کە بە وردی فان ئانرات چیی دەکرد لە عێراقدا نەیتوانی هیچ بدرکێنێ و تەنیا ژمارەی دایکوباوکی دامێ

**ڕووداو: ئیتر دوای ئەوە فان ئانراتت دیتەوە؟**

**کارسکێنس:** بەڵێ دیتمەوە، بەڵام زۆر بە خێرایی و نەمتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم. ئەو لە گەڕەکێکی بەعسییەکاندا دەژیا و بۆ من زۆر مەترسیدار بوو کە بچم لە دەرگای ماڵەکەی بدەم. بەڵام بە هەر حاڵ من دەمزانی چیی کردووە و چیی نەکردووە. کۆمەڵێک شتیشم لەسەر نووسی، دوای ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا قسەم کرد و ئەو بەڵگەنامانەی پێویست بوون بۆ بە دواداگەڕان و دەستگیرکردنیم دەستم کەوت.

**ڕووداو: ئێستا دەردەکەوێ کە فان ئانرات پیاوی سەددام بووە. ئایا نەدەترسایت ئەوان بە دواتدا بگەڕێن و هەوڵی ئازاردانت بدەن؟ چونکە هێندەی ئێمە بزانین تۆ دواتر شتی تریشت لەسەری نووسی؟**

**کارسکێنس:** من دەترسام، بەڵام باوەڕم وا بوو کە ئەوان شتەکانم ناخوێننەوە، یان ئەگەریش بیخوێننەوە دەڵێن ئەو کابرایە شێت بووە. قەتیش کەس هیچ باسێکی لەو بارەیەوە لەگەڵ من نەکردەوە. بەڵام دەزانم ئەگەر ئەوان شتێکیان زانیبا سەد لە سەد شتێکیان بەسەر دەهێنام. چونکە ئەگەر ڕژێمی سەددام زانیبای خەریکی شتێکیت، قەت ئەو هەڵەیەیان نەدەکرد کە لێتبگەڕێن بە ئازادی بۆی دەرچیت. ئەو کارەی منیش نموونەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیی درێژخایەنە کە دەرەنجامەکەی سزادانی کەسی لێکۆڵینەوە لەسەر کراوە. ئەمە بۆ ماڵباتی قوربانییان شتێکی خۆشە، بەڵام بۆ منیش وەک ڕۆژنامەوان زۆر خۆش بوو. چونکە زانیم ئەو ماندووبوونەی کە کردم بە خۆڕایی نەڕۆیشت. هەندێکجار بە جانتایەکی پڕەوە دەڕۆیشتم و بە دەستی بەتاڵ دەگەڕامەوە. یان سێ هەفتە دەچوومە سەفەر تەنیا بۆ دەستخستنی چەند ڕستەیەک. دواییش ئەوە ڕوویدا کە دەمەویست: فان ئانرات بە نزیکەی حەڤدە ساڵ زیندان حوکمدرا.

**ڕووداو: تۆ ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا بە جینۆساید دەزانیت؟**

**کارسکێنس:** لە پەرلەمانی هۆڵەندا لەو بارەیەوە گفتوگۆ کراوە و فان ئانرات، بە هۆی بەشداریی لە تاوانەکانی جەنگدا، سزادراوە بەڵام ڕووداوەکانی ساڵی 1988 ی هەڵەبجە وەک جینۆساید نەناسێندراون. دوایێ ئەوە پرسیارێکی ئاکادیمییە. کە چی جینۆسایدە و چی هەو نییە؟ من دەزانم کە کۆمەڵکوژییەکانی بۆسنیا وەک جینۆساید سەیریان دەکرێت، بەڵام بە بڕوای من هەڵەبجە جینۆسایدێکی گەورەترە. چونکە هەموو کەسێکی گرتەوە. لە بۆسنیا جینۆساید تەنیا پیاوانی گرتەوە، بەڵام لە هەڵەبجە چونکە گازی ژەهراوی بەکارهاتبوو سەددام دەیەویست هەموو کەس بە تەمەنی جیاجیا بکوژێت و زۆرتر مەسەلەکە لە ناوبردنی گەلێک بوو. هەرچەندە من یاساناس نیم، بەڵام بۆ من ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویداوە بە ڕاستی جینۆسایدێکی تەواوە. چونکە سەددام تەنیا گازی ژەهراویی نەدەڕژاند، بەڵکو خەڵکیشی گوللەباران دەکرد و گوندی دەرووخاندن. واتە دەیەویست گەلێک جینۆساید بکات.

> **ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا، جینۆسایدێکی تەواوە**

بۆ مەسەلەی دانپیانانیش پێویستە کورد وەک نەتەوەیەکی بەهێز داوای ئەو شتە بکات، نەک وەک گرووپی جیاجیا و بە تەنیا و بچووک. چونکە زۆر گرنگە کە بزاندرێ کێ داوای داننان بە جینۆسایدا دەکات. سەیرکە جولەکەکان وەک گەل داوایان کرد و بە دەستیانهێنا. ئەگەر کوردەکانیش یەکدەنگ بن و بە کۆمیتەی جیاجیا کێشەکە بچووک نەکەنەوە، دەتوانن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دەستکەوتی زیاتر بە دەستبێنن.

**ڕووداو: هاری فان بۆمڵی ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا لە هەڤپەیڤینێکیدا بە ئێمەی گوت هۆڵەندا بۆیە ناوێرێ کارەساتەکە وەک جینۆساید بناسێنێ، چونکە لە داواکاریی قەرەبووکردنەوەی ماددی قوربانییان دەترسێت. پێتانوایە ئەوە ڕاست بێت؟**

**کارسکێنس:** ئەوەیش بێگومان ڕۆڵی خۆی هەیە. چونکە ئەوانەی لە سیاسەتدان هەمیشە دەپرسن دەبێ ئەوە بە چەند پارە لە سەرمان بکەوێت. بۆ نموونە جینۆسایدی ئەرمەنییەکانیش تا ئێستا دانی پیانەنراوە، بەڵام ئەوەی دەبێ بیکەیت ئەوەیە کە مەسەلەکە وا لێبکە هەمیشە بکەوێتە ئەجێندای ئەو سیاسەتوانانەوە. زۆر جار ڕاستییەکان زۆر تاڵن بۆ هەندێک وڵاتی وەک تورکیا و تەنانەت وڵاتانی ئەوروپیش.

**ڕووداو: پێتوایە کە هەبوونی دەوڵەتێک بە ناوی کوردستانەوە پێویستییەکە؟**

**کارسکێنس:** بەڵێ من پێموایە کە کوردستان مافی ئەوەی هەیە کە هەبێت. بەڵام دەبێ بە ڕوونی بگوترێت کە تا کوێ کوردستانە. نابێ هەر ڕۆژە پارچەیەکی دیکەی بخرێتە سەر و دواجاروای لێبکرێت کە تەنانەت ئیستەنبوڵیش بە کوردستان بزاندرێت.

**ڕووداو: زۆر کورد پێچەوانەی ئەمە دەبینن و پێیانوایە بە هۆی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و تواندنەوەوە کوردستانەکەیان ڕۆژ بە ڕۆژ بچوکتر دەبێتەوە!**

**کارسکێنس:** وایە کوردستان وڵاتێکە کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لە لایەن ئەو وڵاتانەوە پارچە پارچە کراوە کە پێیانوابوو کوردستان زۆر گەورە و بەهێزتر دەبێت لەوان. بەڵام هەبوونی دەوڵەتی کوردی مافێکە و من پشتیوانیی دەکەم. بۆیە با کورد جیاوازیش بن پێکەوە، بەڵام با مێشکی یەکتر نەکۆڵن، چونکە بە داخەوە لە ڕابردوودا ئەوەیان کردووە.

پێویستە کورد پرەنسیپە دیمۆکراسییەکان پەیڕەو بکەن. چونکە ئیشێکی چاک نییە کە لە دەست دیکتاتۆرێک ڕزگارییان بووبێت تووشی یەکێکی تر بنەوە. پێویستیشە کورد فێر بن کە ئەوەی دەیانەوێ بە شێوازێکی ناتووندوتیژانە بگەیەننە گوێی خەڵکی تر. من پێموایە کە حکومەتی کوردستانی باشوور لە بەشە نیمچە سەربەخۆکەی عێراقدا هەنگاوێکی چاکی هەڵێناوە. ڕاستە مەسەلەی دیمۆکراسی و ئازادیی بیروڕا لەوێ سەد لە سەد نییە، بەڵام ئەوان پیشانیانداوە کە توانای سەقامگیرکردنی ڕەوشەکە و ئیدارەکردنییان هەیە. پێویستە دژی گەندەڵی و سیاسەتی خاترو خاترکاری شەڕ بکرێت. لەوێ پێویستە نموونەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی سەیری بکرێت و بڵێن ئێمەش دەمانەوێ وامان لێبێت. ئەگەر ئەوە کرا، چیرۆکی کوردان لە میدیای جیهانیدا خواستی زۆرتری لەسەر دەبێت.

**ڕووداو: پێتوایە ڕۆژێک دابێت سنوورەکانی کوردستان بە ڕوونی دیارییبکرێن؟**

**کارسکێنس:** من زۆر لەمێژە هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی ئەوە ڕوودەدات و ئومێدیش دەخوازم کە ڕووبدات. بەڵام کوردیش ناتوانن هەروا لە خۆیانەوە بڵێن ئێمە هەموو خەڵکی تر دەردەکەین. پێویستە پلانیان هەبێت.

## هونەر

### نازداری نوێ بەڕێوەیە



ڕووداو- ئەڵمانیا

کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان نازدار کە لەئەڵمانیا نیشتەجێیە، ئێستا خەریکی دروستکردنی ئەلبوومێکی نوێیە، کە لەبەرهەمەکەی پێشووی (هەی دونیایێ) جیاوازە، ئەو بەرهەمەی نازدار تائێستا نێوی بۆ دانەنراوە لەهەردوو شاری ئیستانبول و ئەدەنەی تورکیا تۆمار کراوەو لە 10 گۆرانی و مەقامێک پێکهاتووە.

# پیاوە قسە خۆشەکە بووە فیلم

## سیروان ڕەحیم: دەمەوێ شتە لەبیرکراوەکان ئارشیف بکەم



**سیروان ڕەحیم**

– ساڵی 1967 لە کەرکووک لە دایکبووە
– چەندین فیلمی بەڵگەنامەیی دروستکردووە
– 5 کتێبی چاپکراوی هەیە و ساڵانێکی زۆر بەرنامەڤان و ئامادەکاری بەرنامەی دیکۆمێنتاری (کاروان)بووە لە تەلەڤزیۆنی مەد و میدیا.
– فیلمی دیکۆمێنتی بەشیر موشیر کە بەنێوی (بلیمەت)ە، دوو کاژێر و چل دەقیقەیە و لەگەڵ دوو کتێبدا، هەر لە بارەی بەشیر موشیرەوە، کە لەلایەن دەزگای ئاراس بەرهەمهێنراون و بڵاوکراونەتەوە.
– ئێستا لە ئەڵمانیا دەژیت.

**ڕووداو–ئەڵمانیا**

کاتێک سیروان ڕەحیم باسی کەسایەتی بەشیر موشیری دەکرد زەردەخەنەیەکی وردە شاراوە ڕووخساری داپۆشیبوو. ئەو هەرچەندە فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریی لەسەر موشیر دروست کردووە، بەڵام هەرواش دەڵێ "بەڕاستی دەبێ فیلمەکە ببینی تا بزانی بەشیر موشیر کاراکتەرێکی چۆنی هەبووە".

### پاش زیاتر لە پەنجا ساڵ

سیروان ڕەحیم، پێشتر زۆر فیلمی بەڵگەنامەیی دروستکردوون، بەڵام ئەو کارەی ئەمجارەی بە "جیاواز" ناودەبات. فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر بەشیر موشیر، کە مرۆڤێکی قسەخۆش و دۆستێکی نزیکی ڕووناکبیرانی کورد بووە لە بەغدا، کارێکی ئاسان نییە. سیروان دەڵێ "بۆ دروستکردنی فیلمێکی وا ناچاری پەیوەندی بە کەسوکاری موشیرەوە بکەیت کە دەست لێ گیربوونیان زۆر زەحمەت بوو. یانیش دەبووایە پەیوەندی بەوانەوە بکەی کە لەگەڵ خۆیدا ژیاون. خۆشبەختانە کۆمەڵێک لەو کەسانە ماون کە شاگردیشی بوون". ئەو شاگردانەی سیروان باسیان دەکات بریتین لە کۆمەڵێک ناوی دیار: "یەکێک لەوان مامۆستا جەمال نەبەزە. هەروەها کەمال فوئاد، عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ، کامیل ژیر و کوردستان موکریانی. بە تایبەتیش ئەو چوارەی یەکەمیان زۆر لێی نزیک بوون". ئەو فیلمسازە باسی ئەوە دەکات کاتێک ئەو شاگردانە زانیویانە خەریکی فیلمێکی وایە "بە عەشقێکی گەورەوە لە مەسەلەکە هاتنە پێشەوە، واتە تۆ نەتدەتوانی تێبگەی کە خۆشەویستی ئەو کەسانە بۆ بەشیر موشیر چییە. من خۆشم تائێستا تێنەگەیشتووم بۆچی ئەوانە ئەوەندە بەشیریان خۆشدەوێت. بە تایبەتیش کە زۆرتر لە پەنجا ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕیوە کە ئەوان لەگەڵ بەشیردا گوزەراندوویانە، کەچی کاریگەریی لەسەریان هەر ماوە".

مام جەلالیش یەکێک بووە لە شاگردەکانی بەشیر موشیر، دوای ڕاپەڕین د.عیزەدین مستەفا ڕەسول کتێبێکی لەسەر ئامادەکرد و مام جەلال ئەرکی چاپکردنی گرتە ئەستۆی خۆی. بەڵام سیروان ڕەحیم نەیتوانیوە بگاتە مام جەلال بۆ ئەوەی ئەویش لەو فیلمە دیکۆمێنتارییەیدا بەشدار بکات.

بەغدا کە زۆرجار ڕووناکبیرانی کورد لە دوکانەکەیدا گفتوگۆ و قسەی خۆشیان کردووە وئەویش بە لێدوانی سەرنجڕاکێش و تایبەت بەشداریی کردوون. سیروان کە بە هۆی فیلمەکەیەوە ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ ڕابردووی ئەو پیرە پیاوە دوکاندارەدا پەیدا کردووە، وێنەیەکی ڕوونی لێدەکێشێت"بەشیر بۆ شاگردەکانی چاوگی قسەی خۆش بووە. پیاوێکی سەرنجڕاکێش بووە. هەروەها خۆشەویستییەکی گەورەی بۆ کورد و کوردستان هەبووە، پیاوێک بووە کە کوردایەتییەکەی زۆر زۆر تۆخ بووە".



### کەسایەتیی سەیر و سەرنجڕاکێش

زۆر لەو فیلمە بەڵگەنامەییانەی بە کوردی دروستکراون بەگشتیی باسی بوویەرێکی گرنگی مێژوویی، یان باسی شارێک و ناوچەیەک دەکەن. سیروان فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەبارەی شێرکۆ بێکەسەوە دروستکردووە، بەڵام بۆچی ئەو کارەی سیروان زۆرتر بووە بە بایەخدان بە ناو و بابەتی لەبیرکراو و کەمتر قسە لەسەرکراو؟ ئەو لە وەڵامدا دەڵێت"من دەمەوێ هەندێک شتی گرنگ هەیە ئارشیڤی بکەم". باسی ئەوەش دەکات کە بۆ نموونە فیلمسازە ئەوروپییەکان فیلمێک دروستدەکەن لەسەر پردێک یان ماڵێک. ئەو هەرچەندە کۆمەڵێک فیلمی دەربارەی کەرکووک و ئەنفال و ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکانی دیکە دروستکردوون، بەڵام ئەوە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان فیلمێکی دیکەی سەبارەت کوردێکی دانیشتووی سویسرا دروستکردووە کە خەڵکی خانەقین بووە و بیست و پێنج ساڵ لەو وڵاتەدا ژیاوە و سەگێکی هەبووە. دەربارەی هۆی هەڵبژاردنی بەشیر موشیر وەک بابەتی فیلم سیروان دەڵێت:"من خۆم کەسێکم حەزم لە قسەی خۆشە، خۆشت دەزانی کۆمیدیا هونەرێکی زۆر گەورەیە. ئەوەی نووسەران و هونەرمەندان یان میدیا بە شێوازەکانی دیکەی دەربڕین نەیانتوانیوە یان کەمتر توانیویانە بیپێکن کۆمیدیا پێکاویەتی. بەشیریش کاراکتەرێکی لەو بابەتەیە. کۆمیدیایەکی سەیر و سەرنجڕاکێش لە کەسایەتی بەشیر موشیردا هەیە. لەبەرئەوە بۆ من سەرنجڕاکێش بوو.

چونکە ئەو خەمڕەوێنە"، هەروەها ڕوونیشیکردەوە " یان لە فیلمێکی بەڵگەنامەییدا خاڵێکی سەرنجڕاکیش دەگریت و قسەی لەسەر دەکەی. واتە لە خاڵێکی سەرنجڕاکێشەوە دەست پێدەکەی. بەشیر ئەو خاڵەیە. ئەو بۆ خۆی خاڵە سەرنجڕاکێشەکەیە".

### بۆ بەشیر موشیر؟

ڕەنگە ئەوەی زۆرتر لای خوێنەری کورد دەربارەی بەشیر موشیر بزانرێ ئەو چیرۆکانە بن کە نووسەرانی دیکە (واتە شاگردەکانی موشیر) لە نووسینەکانیاندا باسیان کردووە. وێنەی ئەو پیاوە کە بە "ئوستاد"یش ناودەبرا، لە زەینی خوێنەری تا ڕادەیەک ئاگادار وێنەی پیاوێکی دوکاندارە لە

### بەشیریستەکان

لە ناو کۆنە شاگردەکانی بەشیردا وا باوە کە هەموو کورد بەشیریستن، بەڵام گوایە ئەوانەی ئەو پیاوەیان لە نزیکەوە ناسیوە و قسەخۆشەکانیان بیستووە نەوەی یەکەمی بەشیریستەکانن و ئەوانەیش کە نەیاندیتووە دەبن بە نەوەی دووەم. لە سیروان دەپرسین بەشیریست بوون مانای چییە؟ ئەویش دەڵێ"ئەوە پرسیارێکی قورسە و پێویستە بەشیریستە پلەیەکەکان وەڵامی بدەنەوە، بەڵام ڕەنگە لە ڕێگەی فیلمە بەڵگەنامەییەکەوە هەست بکەی کە بەشیریست کێیە".

ئەو فیلمسازە کوردە دەیەوێ لە ئایندەدا کار لە سەر پرۆژەیەکی زۆر جیاتر بکات. ئەو دەڵێ"دەمەوێ شتە لەبیرکراوەکان ئارشیڤ بکەم. بۆ نموونە کارێک بکەم لەسەر عەلی مەردان، یان پیرەمێرد. کەسێکی وەک پیرەمێرد نابێ لەبیر بکرێت، چونکە زۆربەی ئەو شتە گرنگانەی ئێستا لە سلێمانی هەن، پیرەمێرد ڕۆڵی تێدا هەبووە. وەک کتێبخانەی گشتی، یان کاتی خۆی هەڵبەستێکی نووسیوە بۆ قوتابخانەی کچان، یانیش بۆ یەکەمین جار ڕێکلامی کردووە بۆ هاوسەرگیری بۆ ئەحمەد شوکری کە بە دکتۆر ئەشۆ ناسرابوو و بەو هۆیەوە ژنی هێنا".

# تورکیا ڕێی نەدا خواستی ئارام تیگران بێتەدی



**کونێ ڕەش- قامیشلۆ**

بەهەشتی ئارام تیگران لە 1934/1/15 لە قامشلۆ هاتووەتە دنیاوە. کوڕی تیگران ساکۆ مێلۆیە (ناوەکەی لە ناسنامەکەی سووریای بەم جۆرەیە: ئارام تیگران میلیک). بە ڕەسەن ئەرمەنی ناوچەی فارقینە لە باکووری کوردستاندا. باپیری ساکۆ مێلۆ، بەر لە جینۆسایدەکە، کوێخای گوندەکەی خۆیان بوو. گوندەکە ناوی (بەبدا) بوو لە ناوچەی پاسووری سەر بە فارقین. لە جینۆسایدەکەدا باپیری ئارام، ساکۆ مێلۆ دەکوژرێ، باوکی تیگران خۆی لە نێو کورداندا دەشارێتەوە، کورد دەیپارێزن و بەم جۆرە ژیانی خۆی لە فارقین و دیاربەکر بەسەر دەبات، تا لە ساڵانی 1930دا لەقامشلۆ دەگیرسێتەوە. لە ساڵی 1966دا لە قامشلۆوە دەچێتە ئەرمەنستان، لە گوندی ئاپۆڤیان نیشتەجێ دەبن. لە ئەرمەنستاندا ئارام چەندین ساڵ وەک کارمەند لە بەشی کوردیی ڕادیۆی یەریڤاندا کار دەکات.

تیگران ساکۆ مێلۆ (باوکی ئارام) و جگەرخوێنی شاعیر دۆستی نزیکی یەک بوون. گەلێک جار جگەرخوێن خۆی لە ماڵی ئەواندا دەشاردەوە. ئارام هەر لە منداڵییەوە حەزی بە ژەنینی ئامێرەکانی موزیک وەک تەمبوور و جومبوش دەکرد. لە تەمەنی 15 ساڵیدا وەک تەمبوورژەنێکی ئەرمەن بە کوردی و ئەرمەنی و سریانی گۆرانیی دەگوت، لە نێو خەڵکی قامشلۆدا ناسرا بوو. لە ڕێی باوکییەوە دۆستایەتیی لەگەڵ جگەرخوێندا بەست و شیعرەکانی ئەوی کردووەتە ستران. گەلێ لە گۆرانییەکانی ئارام هەر هی باوکی خۆیەتی.

ئەو لە تەمەنی 50 ساڵ هونەرمەندایەتیی خۆیدا، بە کوردی، ئەرمەنی، عەرەبی، سریانی، یۆنانی و تورکی گۆرانیی گوتووە. بەڵام بە زۆری هەر بە کوردی گۆرانیی گوتووە و وەک هونەرمەندێکی کوردیش ناسراوە.ئارام تیگران لەم ساڵانەی دواییدا، ژیانی لە ئەسینای پایەتەختی یۆنان بەسەر دەبرد. تا لە ڕۆژی 2009/8/6دا، لەبەر خوێن بەربوونی مێشک کەوتە نەخۆشخانەیەکی شاری ئەسینا و لە بەیانیی ڕۆژی 2009/8/8دا، گیانی خۆی سپارد. لێ سەد مخابن بەرپرسانی تورکیا ڕێیان نەدا لە ئامەد بە خاک بسپێردرێ، کە ئەوە خواستی ئەوبوو، بۆیە ماڵباتەکەی بڕیاریاندا تەرمەکەی لە برۆکسل بە خاک بسپێرن. سەرۆک شارەوانیی ئامەد عوسمان بایدەمیر، بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ئارام تیگران و لەسەر خواستی ئەو، هەندێ لە گڵی ئامەدی لەگەڵ شاندێک ڕەوانەی برۆکسل کرد و ئەو خاکەیان بەسەر گۆڕەکەی ئارامدا کرد.

یەزدانی مەزن بە دلۆڤانیی خۆی شادی بکات.

# قالەمەڕە، ئەفسانەی شمشاڵی کوردی

## " ئەرێ ڕاستە دەڵێن قالە مەڕە مردووە"



**دەشتی سەباح**
**ڕووداو- هەولێر**

سۆزی موزیک و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی هاندەری سەرەکی قەوامی بوو کە بۆماوەی 5 ساڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بگەڕێت و بەکامێراکەی ئەو کەلەپوورە نەتەوەییە وەک دۆکیومێنتێک تۆمار بکات و بیانپارێزێت، فیلمی دۆکیومێنتی (قالە مەڕە)ش یەکێکە لەو کارانەی کە قەوامی پێش کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە دروستیکردووە.

لەگەڵ دەستپێکردنی فیلمەکە، لەسەر سکرینەکە بەزمانی فارسی دەنووسرێت (بە نام خدا) دواتر لەیەکەم گرتەی فیلمەکەدا ڕووخساری قالە مەڕە دەردەکەوێت و هەرخۆی دەڵێت " ئەرێ کاکە گیان ڕاستە دەڵێن قالە مەڕە مردووە"، لەگرتەی دواتر قالە مەڕە شمشاڵ دەژەنێت، لەوکاتەدا کەوێک لەناو دیمەنی چیاکانی کوردستان دێتە سەر سکرینەکەو دەنگی قاسپەی لەگەڵ شمشاڵی قالە مەڕە تێکەڵاو دەبێت و میلۆدییەکی چێژبەخش دروست دەکەن.

(قالە مەڕە)، فیلمێکی دۆکیومێنتارییە، لەدەرهێنانی فیلمسازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حەمید قەوامی و لەسەر ئەرکی خۆی دروستیکردووە، سینەماکار ئیبراهیم سەعیدی وەک ڕاوێژکار لەفیلمەکەدا بەشداریکردووە، قەوامی لەساڵی 1976 لەگەڕەکی ئاغازەمان لەشاری سنە لەدایکبووە، 17 ساڵە خەریکی کاری سینەماییە و تا ئێستا نزیکەی 14 بەرهەمی لەکورتە فیلم و فیلمی دۆکیومێنتاری و ئەڵقەی درامی دروستکردووە، هاوکات لەگەڵ چەندین دەرهێنەر لەوانە بەهمەنی قوبادی کاریکردووە.

قەوامی بۆ دروستکردنی فیلمەکەی چەندین جار سەردانی شاری بۆکان دەکات بۆئەوەی مامە قالە رازی بکات وێنەی بگرێت، لەگوندی حەمامیان کە پاشماوەی بەفر بە زەوییەکەوە دیارە، لەماوەی 22 خولەکدا قەوامی لەزمانی قالەمەڕەوە بەشێک لەچیرۆکی ژیانی ئەو کابرایەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە زۆرجار بە (پەیامبەری شمشاڵ و ئیمپراتۆری شمشاڵ و ئەفسانەی شمشاڵی کوردی) ناوزەدکراوە.

کامێراکەی قەوامی بەدوای قالە مەڕەوەیە، دەچێتە دەرەوە و وەک هەمیشە بەرەو گۆڕستانی حەمامیان کە شوێنەوارێکی دێرینە لەگوندی حەمامیان دەڕوات و بەدەم ڕێگاوە لەناو گۆڕستانەکە



**قاڵەمەڕە:**
**شمشاڵ لێدان تینوێتی ڕوح دەشکێنێ، بۆیە دەست بۆ هیچ شتێکی دیکە نابەم غەیری شمشاڵەکەم نەبێت**

دەڵێت "خودا شمشاڵی بە من داوە مێژووی باوک و باپیرانمانە، هەر شتێک ڕوح پێی خۆشبوو سوودی لێوەردەگرێت، ڕوح پێی گەرد و زیندوو دەبێتەوە، شمشاڵ لێدان ئاوازێکی خۆشە، تینوێتی ڕوح دەشکێنێ، من لەبەرئەوەی دەست بۆ هیچ شتێکی دیکە نابەم غەیری شمشاڵەکەم نەبێت، لەشمشاڵەکەش زیاتر هیچ شتێکی دیکەم نەکردووە، لەزەمانی جحێڵیمەوە لەگەڵ ئەو شمشاڵە ژیاوم و لێمداوە، لەکوچە و کۆڵان و خیابانەکان، لەدەشت و سەحرا بێت هەر منداڵێک پێی گوتبم لێمداوە و دڵم نەشکاندووە"، دوای گەڕانێک بەناو گۆڕەکاندا لەکونجێک دادەنیشێت و دەست بە شمشاڵژەنین دەکات، پاشان دەچێتە سەر گۆڕێک و لەسەر کێلەکە چەند ماچێکی وێنەکە دەکات و دەڵێت "بە قوربانت بم، کاک سوار ئیلخانیزادە منی کردە پیاو بۆ ڕادیۆی تارانی بەشی کوردی و ڕادیۆی سنە و کرماشان، هاوکاری زۆری کردم".

قالە مەڕە کە 2009/5/21 کۆچی دوایی کرد، هەتا تەمەنی 74 ساڵی ژنی نەهێناو هەموو خۆشەویستی ژیانی لەشمشاڵ لێدان و گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی گەلەکەی دیتوتەوە، 77ساڵ شمشاڵ ژەنین و بێزار نەبوون دەبێ نهێنییەکی گەورەی تێدا بێ، نهێنییەک کە تەنیا خۆی دەیتوانی بیدرکێنێ! نهێنییەک کە لەلای زۆربەی هونەرمەندانی گەورەی دنیا هەبووەو هەیە، هونەرمەند برایم فەرشی لەدوای مەرگی ئەو پیاوە دەنووسێت "ئەو پەیامبەرە وەک زەردەشت بەردەباران نەکرا، بەڵام لەئامێزیش نەگیرا".

قەوامی دەڵێت کە گوێم لەقسەکانی بوو چەندینجار لەپشت کامێراوە فرمێسکم ڕژاند، باسی ئەو ڕووداوانەی دەکرد کە بەسەری هاتوون، بەڵام ئەو مرۆڤە گەورەیە ئەوەندە ڕۆحێکی سووک و دڵێکی ناسکی هەبوو بەراستی پیاوی ئاوام نەدیبوو لەئاستێکی بەرزدا بێت و لەهەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا بژیت، ژیانێکی سەختی هەبوو، حەمید قەوامی دەڵێت "بەداخەوە هونەرمەندی کورد تا لەژیاندا ماوە حورمەتی ناگیرێت".



**حەمید قەوامی:**
**هونەرمەندی کورد تا لەژیاندا ماوە ڕێزی ناگیرێت**

## تاراوگە

### کوردێک لە ئەڵمانیا زیندانی دەکرێت



رووداو - ئەڵمانیا
دادگەیەکی ئەڵمانی بڕیاری زیندانیکردنی هەتا هەتاییدا بەسەر (ئۆندەر . ب) تەمەن 27 کە هاووڵاتییەکی کوردی باکووری کوردستانەو لە ئەڵمانیا دەژیت بەتاوانی کوشتنی دەستگیرانەکەی بەناوی موژدە، ئۆندەر ماوەیەک لەمەوبەر بە چەقۆ دەستگیرانەکەی بە بیانووی ناموسپارێزی کوشتبوو.

لەسەر بەهەڵە دەستگیرکردنی هونەرمەند شڤان پەروەر

# کوردانی کەنەدا لێبوردنیان دەوێ و پۆلیسیش نایکات

**رووداو-تۆرۆنتۆ**

ئێوارەی رۆژی شەممە 2009/8/15 هونەرمەندی ناسراوی کورد شڤان پەروەر بەشداری لە فێستیڤاڵی کولتووری کوردی لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا کرد، کە فێستیڤاڵێکی کوردییەو هەموو ساڵێک لە نێوەڕاستی مانگی هەشتدا لە پارکێکی تۆرۆنتۆ ساز دەکرێت، ئەمساڵ بەهۆی بەشداری شڤانەوە، ژمارەیەکی زۆر کورد تێیدا بەشداربوون کەبە 3 هەزار



## نازانم ئەوە خەون بوو یان فیلم بوو

شڤان پەروەر

کەس مەزەندە دەکران. بەڵام ئەو ئێوارەیەی شڤان لەبەردەم ئەو خەڵکە زۆرە بەجۆشەوە گۆرانی دەگوت قەت نەیدەزانی رۆژی دواتر دەبێتە دەنگوباسی سەرەکی تەلەڤزیۆنەکانی ئەو شارە گەورەیەی کەنەدا.

شڤان ئێوارەی رۆژی یەکشەممە لە کاتێکدا لە سەر جادەیەکی خێرای شاری تۆرۆنتۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوکارەکانی خەریکی وێنەگرتنی چەند دیمەنێک بوو بۆ کەناڵی Kurd1 کە لێی کار دەکات، لەلایەن ژمارەیەکی زۆری پۆلیسەوە دەوری ئۆتۆمبێلەکەی شڤان دراو داوایان لێکرا دەمو دەست دەستەکانیان بەرز بکەنەوە ولەسەر زەوی راکشێن.

شڤان وهاوکارەکانی تووشی شۆک وسەرسوڕمان ببوون و نەیدەزانی مەسەلە چییە، پۆلیس بەبێ هیچ پرسیارکردنێک هەموویانی قۆڵبەست کرد وپاشان زۆر بەوردی ئۆتۆمبێلەکەیانی پشکنی وپاش ئەوەی هیچ چەکێکیان نەدۆزیەوە، ئازادیان کردن. کێشەکە لەوەوە سەری هەڵدا کە ئۆتۆمبێلێک بە تەنیشت ئۆتۆمبێلەکەی شڤان پەروەر رەتبوو، کە دەسکی کامێرایەکی رەشی لەنێو ئەو هەمەرەی شڤانی تێدابوو، دیتبوو ئیتر یەکسەر وایزانیبوو ئەوە چەک وتەقەمەنییە، ئیدی دەمودەست پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکات ودەڵێ " ئۆتۆمبێلێک پڕ لەچەکدار لێرەن وخەریکن کاری تیرۆریستی بکەن"! ئەوەبوو هێزێکی گەورەی پۆلیسی تۆرۆنتۆ بە هیلیکۆپتەرەوە روو لە شوێنەکە دەکەن ودواتر بۆیان دەردەکەوێ کە هیچ چەک وتەقەمەنییەک لە نێو هەمەرەکەدا نییە.

شڤان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی The Toronto Star دا بە تووڕەبوونەوە باسی رووداوەکە دەکات ودەڵێ " لە شوفێرەکەم پرسی ئایا تۆ زۆر خێرا لێدەخوڕی بۆیە ئەو پۆلیسانە دوامان کەوتوون؟ ئەویش وەڵامی دامەوە نەخێر من هەر 80-90 لێدەخوڕم، کە لەپردەکە سووڕاینەوە دیتم 5-6 ئۆتۆمبێلی پۆلیس دەوریان داین".

شڤان باس لە مامەڵەی توندی پۆلیسەکان دەکات کە چۆن دەستییان ئازار داوەو کەلەبچەیان کردووەو دەڵێ " زۆر هەوڵمدا بۆیان روون بکەمەوە ئەوان بەهەڵە تێگەیشتوون، بەڵام هیچ سوودی نەبوو وبەسەریان قیڕاندین وگوتیان یەک قسە بکەن یەکسەر دەتانکوژین. بەڕاستی ئێمە دەترساین هەڵەیەک بکەین و ئیدی گوللەبارانمان بکەن وبمانکوژن. نەماندەزانی بۆ وامان لێدەکەن، بەڕاستی نەمزانی ئەوە خەون بوو؟ فیلم بوو؟ یان گەمەیەک بوو؟!".

شڤان بەم رووداوە زۆر دڵی بریندار بووەو دەڵێ " پۆلیس نەک تەنها شەرەفی ئێمەی بریندارکرد بەڵکو شەرەفی هەموو کەنەدای بریندار کرد".

بۆیە پەروەر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە ئەو داوایەک لە دژی پۆلیسی کەنەدا تۆمار دەکات، لەمبارەیەشەوە لەگەڵ پارێزەرێک قسەی کردووە.



دەنگدانەوەی دەستگیر کردنی شڤان پەروەر لە میدیای کەنەدیدا

### بارزانی نارەزایی دەردەبڕێ

فەلاح مستەفا بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی کوردستان رایگەیاند لەسەر داوای مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان حکومەتی کوردستان نامەیەکی نارەزایی ئاراستەی حکومەتی کەنەدا کرد وتێیدا داوا لە کەنەدا کراوە کە داوای لێبوردن لە هونەرمەند شڤان پەروەرو گەلی کورد بکات " چونکە سووکایەتیکردن بە هونەرمەند شڤان پەروەر سووکایەتیکردنە بە گەلی کوردستان".

### رەوەندی کوردی لێبوردنیان دەوێ

رەوەندی کورد لە کەنەدا بەگشتی وتۆرۆنتۆ بەتایبەتی بەم رووداوە زۆر بریندار بوون وداوا لە حکومەتی وڵاتەکەیان دەکەن داوای لێبوردن لە کورد بە گشتی وشڤان پەروەر بەتایبەتی بکات. لەمبارەیەوە خالید مەجیدی جێگری بەرپرسی ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ ئاماژەی بەوەدا کە شڤان بۆ کورد ئەستێرەیەکی ئەفسانەییەو بە هونەرەکەی خەباتی لەپێناو ئازادی ویەکسانی کردووە، بۆیە رەوەندی کورد داوا دەکەن پۆلیسی تۆرۆنتۆ بە فەرمی داوای لێبوردن لە کورد وشڤان پەروەر بکەن.

بە مەبەستی فشاربردنە سەر حکومەت وپۆلیسی کەنەدا، کوردانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە چەندین نامەی نارەزایەتییان ئاراستەی بەرپرسانی هەرێمی ئۆنتاریۆو حکومەتی فیدرالی کەنەدا کردووە، هەروەها لەسەر ماڵپەڕی بەنێوبانگی فەیسبووک Facebook لاپەڕەیەکی تایبەتیان بۆ ئەم مەبەستە کردووەتەوەو تا ئێستا نزیکەی 500 کوردو بیانی پشتگیریان لەو داوایە دەربڕیوە کە حکومەتی کەنەدا داوای لێبوردن لە کورد بکات.

### پۆلیس ئۆنتاریۆ ئامادەنییە داوای لێبوردن بکات!

پۆلیسی هەرێمی ئۆنتاریۆ OPP کە پایەتەختەکەی تۆرۆنتۆیە، تا ئێستا ئامادەنییە

## پۆلیسەکان بە پێی ئەو زانیارییانەی بەدەستییان گەیشتووە هەڵسوکەوتیان کردووەو ئەرکی خۆیان بەجێگەیاندووە

ئەفسەرێکی پۆلیسی ئۆنتاریۆ

لەسەر ئەو بە هەڵە دەستگیرکردنە داوای لێبوردن بکات. جولیان فانتینۆ فەرماندەی پۆلیسی هەرێمەکە پشتیوانی لە کاری پۆلیسەکان کرد وئامادەش نەبوو داوای لێبوردن بکات، دەیڤ رۆس کە ئەفسەرێکی پۆلیسی ئۆنتاریۆیە لەمبارەیەوە بە رۆژنامەی تۆرۆنتۆ ستاری راگەیاند کە ئەگەرچی ئەوان لەو بارودۆخە سەختە تێدەگەن کە شڤان وهاوکارەکانی تێیدا رەتبوون " بەڵام پۆلیسەکان بە پێی ئەو زانیارییانەی بەدەستییان گەیشتووە هەڵسوکەوتیان کردووەو ئەرکی خۆیان بەجێگەیاندووە، خۆشبەختانە هیچ چەکیش لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا نەبوو".

Reklam

## ئەکادیمیای LG بۆ هەواسازی لەشاری هەولێر بەردەوامە لەسەر کردنەوەی خولەکانی بۆ کادیرانی ئەندازیاری

ئەکادیمیای LG بۆ هەواسازی لەشاری هەولێر دەستی بەکردنەوەی خولە زانستییەکانی کرد بۆ کادیرانی تەکنیکی و ئەندازیاری. سەرەتای ئەو کارە بە بەشدارییپێکردنی ئەندازیارانی فەرمانگە حکومییەکان و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد کە لەم چوارچێوەیەدا تائێستا 11 خولی بەڕێکردووەو ژمارەیەکی زۆر فەرمانگەو دامودەزگای حکومەتی لەشاری هەولێر گرتووەتەوە. هەروەها چەندین زانکۆی وەک زانکۆی تەکنەلۆژیا و زانکۆکانی ناوەڕاستی عێراق و بەڕێوەبەرانی فرۆشتن و بریکارەکانی کۆمپانیای (دار الريان) لەهەردوو ناوچەی باکوور و باشوور.

خولەکانی داهاتوو ئەندازیارانی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی و نووسینگەکانی ئەندازیاری لەسەرانسەری عێراق دەگرێتەوە نەک هەر تەنیا لەهەرێمی کوردستان.

ئامانجی ئەم ئەکادیمیایە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، بەخشینی زانیاری پێشکەوتوو بووە بە بەشدارەکانی لەبوارەکانی میکانیکی هەواسازی لەسەر هەموو ئاستەکان. بەشێوەیەک کە هەر خولێک بەرنامەی تایبەت بەخۆی هەبووە لەگەڵ ئاستی ئەو زانیاریانەی دەخوێندرێن و پێشکەش دەکرێن. هەروەها بڕیارە چەندین خولی دیکەش بۆ بەشەکانی فرۆشتن و ناردنەبازاڕ بکرێنەوە بۆئەوەی پەرە بەتواناکانیان بدرێ هەرکەس بەگوێرەی بواری پسپۆڕیی خۆی و بەڕێگەی زانستیانە کە کادیرانی ئەندازیاریی پسپۆڕو بەتوانا لەئەکادیمیا پێشکەشی دەکەن. کۆمپانیای (دار الريان) کە تاکە بریکاری ئامێرەکانی هەواسازیی LGیە لەعێراق، رۆڵی گەورەی هەبووە لەدامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو ئەکادیمیایە کە بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای ئێڵ جی ئەلیکترۆنیکسی کۆری کاری کردووە.

ئەمە یەکەمین ئەکادیمیای لەوجۆرەیە لەعێراق کە جێگای سەرنج و دەستخۆشیی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بووە بەهۆی ئەو رۆڵە دیارەی لەپێگەیاندنی کادیرانی تەکنیکی و ئەندازیاریدا گێڕاویەتی و ئەو زانیارییە نوێیانەی پێی بەخشیون و دواتریش بڕوانامەی دەرچوونی لەخولەکان پێداون.

LG
DER
www.lg-iraq.com







# کاروباری ژنان



## ئەهلە هاتە خەندقاندن

نەجمەددین نێروەیی - ڕووداو

ل 2009/8/17 تەرمێ کچەکێ بناڤێ ئەهلە محەممەد نوری ل گوندێ (ناڤ کەندالا) سەر ب ناحیا باتیڤاڤە ب مری دهێتە دیتن، کەسەکێ نێزیکی خێزانا ئەڤێ کچێ بۆ (ڕووداو) دیار کر کۆ ئەڤ کچە خەلکا باژێرێ زاخۆیە و ئەو چەند ڕۆژ بوون ببوو فەرمانبەرا کومسیونا سەربەخویا هەلبژارتنان ل زاخۆ و ئەڤ کچە ژ لایێ هندەک کەسانڤە هاتیە خەندقاندن و پاشی ترومبێل ژێ دایە سەر تەرمێ وێ و ل جهەکێ کۆ دبێژنێ ناڤ کەندالا هێلایە، هەر وی ژێدەری گووت پیشتی تەرمێ وێ د هێتە هنارتن بۆ پزیشکی داد ئەڤ کچە پاقژ دەردکەڤیت و چ دەست درێژیێن دی نەکرینە سەر.



گوڵاڵە پشدەری
هۆڵەندا

## لە دۆزەخدا جێگایەکی تایبەت هەیە بۆ ئەو ژنانەی پشتی یەکتر ناگرن

لە سەر پرسی ئافرەتان و ژنان، زۆر کەس، بە تایبەتیش پیاوان، بابەتیان نووسیون. بەڵام تا چەند ئەوەی ئەوان کردوویانە و تاوتوێیان کردوون کەڵکیان هەبووە؟ بە بڕوای من نووسین لەو بارەیەوە دەتوانێ تا ڕادەیەک هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا دروست بکات، وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەش کارێکی پێویستە، بەڵام ئاسان نییە.

بە داخەوە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی کە زانیاری دەبەخشن بە ئافرەتان و تایبەتن بەوان، لە بەر چەند هۆیەک، ناگەنە بەردەست ئافرەت، یان ئافرەت کەڵکیان لێوەرناگرێت. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە یەکەم: ئەو ڕاگەیاندنانە تێچوونیان هەیە بۆ ئافرەت وئەگەر ئافرەت دەرامەدێکی نەبێت ناتوانێت بیکڕێت. یان ئەگەر کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێتی نەبێت گەیشتنی بەو زانیارییانە ئاستەمە. دووەم: زۆرینەی ئافرەتان، بە تایبەتیش بە ساڵاچووان، نەخوێندەوارن، ئەوە گرفتێکە کە ئافرەت دوور دەخاتەوە لە وەرگرتنی زانیاری و وشیاری لە سەر پرسەکانی خۆی. سێیەم: کورد بە شێوەیەکی گشتی ئەهلی خوێندنەوە نین و بە تایبەت ئافرەتان زۆرتر خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری ناو خێزان و خۆڕازاندنەوەن. لە لایەکی دیکەشەوە ئێمەی کورد، بە هۆی بارودۆخی ژینگەی ناهەموار و بارودۆخی سیاسیمان و ڕاکردن بۆ وڵاتانی دراوسێمان، زۆرمان نەمانتوانیوە زمانی دایکی خۆمان، کە کوردییە، فێر بین و کەڵکی لێوەرگرین.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم زۆربەی ئافرەت خودی خۆی بەشێک یان سەرچاوەیەکە بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی ئافرەت. چونکە ئافرەتان کەمتر هەڵگری خەمەکانی یەکدین و پشتیوانی یەکتر نین لە خەباتیاندا. بۆ نموونە دایک بە تەواوی هاوکاریی کچەکەی نییە تا بە زۆر بە شوو نەدرێت لە لایەن باوک و برایەوە، یان ئافرەت خۆی کچەکەی خەتەنە دەکات و ئەو مافە سرووشتییەی کە وەک مرۆڤێک هەیەتی لێیدەستێنێت.

ئافرەت زیاتر لە ڕووی نەزانین و کەمیی ڕۆشنبیرییەوە کوێرکوێرانە داب و نەریتی پێشینان جێبەجێ دەکات و هاوکارە لە گەڵ پیاو بۆ پێشێلکردنی مافەکانی و زیانگەیاندن بە ئافرەتانی تر. بەڵام جێگەی داخە کە هەندێک لە ئافرەتان، کە گوایە ڕۆشنبیرن و تەنانەت لە پەرلەمانی کوردستانیشدا دانیشتبوون، ئافرەتیان لە چاڵێکەوە دەخستە ناو چاڵێکی دیکەوە. ئەویش بە پشتیوانی لە پرۆژەیاسای جۆراوجۆر کە بە بۆچوونی من لە بەرژەوەندیی ئافرەتدا نەبوون. پێویستە ئافرەت چاوەڕێی چارەسەری بۆ پرسەکانی لە پیاو نەکات، بەڵکو خۆی هەنگاو بنێت و ئەو تەلیسمە جادووییە بشکێنن و ڕۆڵیان هەبێت لە بەشداریکردن لە بوارگەلی ڕامیاری و زانست و هاوکاربن لە گەڵ ڕێکخراوە بێلایەنەکان و هەوڵ بدەن کە لە لایەنی ئابورییەوە سەربەخۆ بن. ئەڵبەتە دەبێت ئافرەت خودی خۆی سەرچاوەیەکی چەوسێنەر نەبێت و متمانە بە پیاوان ببەخشێت و نەیانترسێنێ بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕێگر نەبن. یان ئافرەتی کورد خۆی وەک هەندێک ئافرەتی ڕۆژئاوایی لێنەکات کە ئازادی بە دژوەستانەوە دەبینن و بەو هۆیەوە شیرازەی خێزان تێکدەدەن.

ئافرەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی و فراوانبیریی خۆی دەتوانێت ڕەگەزی نێر و جیاوازیەکانی بناسێت و لە چوارچێوەیەکی گونجاودا، کە پڕ لە ڕێز و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری شیاوە لە گەڵیدا، مامەڵە بکات و ئەو ڕەگەزە ناچار بکات لە بەرامبەریدا توندڕەو نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ویستەکانی ژن بە بایەخەوە وەرگرێت و وەک خۆی یەکسان ئەژماری بکات.

بۆ ئەوەش گرنگە ئافرەت پشتیوان و پەنای یەکتر بن و ئەو قسەیەی وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا مادلین ئۆڵبرایت لە بیر نەکەن کە گوتویەتی: "لە دۆزەخدا جێگەیەکی تایبەت هەیە بۆ ئەو ژنانەی پشتی یەکتر ناگرن."

# ژنانی کوردستان داوا لە پەرلەمانتارە هاوڕەگەزەکانیان دەکەن ئازابن











چەند پەرلەمانتارێکی ژن لەکاتی سوێند خواردنی پەرلەمانیدا

(فۆتۆ: حوسێن هیممەتی)

نەوزاد مەحمود و لەنیا مەحمود
ڕووداو-سلێمانی

لە هەرێمە ئارامەکەی عێراقدا، کە سەرۆک وەزیرە گەنجەکەی لەماوەی چوارساڵی کابینەکەیدا بایەخێکی زۆری بەپرسی ژناندا، داتاو ژمارەکانی تایبەت بە پرسی ژن دڵخۆشکەرنین، ژنان گلەیی لە ژنە پەرلەمانتارەکان دەکەن، کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا نەیانتوانی لەدەردە کۆمەڵایەتیەکانیان کەم بکەنەوە.

ڕۆژی 2008/11/25 لە فێستیڤاڵی خەڵاتی ژنپارێزیدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان گوتی "زۆر لێم دەپرسن بۆچی ئەوەندە بەخەمی پرسی ژنەوەیت و ئەو بابەتەت هەڵبژاردووە؟". بارزانی بۆ خۆی وەڵامی دایەوەو گوتی "ئێمە بەڵێنی پێشکەوتنمان داوەو ئەگەر مامەڵەمان لەگەڵ ژنان و کچان نەگۆڕین، پێشناکەوین".

خەڵات ئەکرەم، 29 ساڵ، دوای بێئومێد بوون لەو ژنانەی کە چوار ساڵیان لەپەرلەمانە بێدەنگ و بێ ئۆپۆزسیۆنەکە بەسەربرد، دەڵێ "نازانم چییان بۆ کردین"، داواش لە ژنە پەرلەمانتارەکانی خولی نوێ دەکات ئازاو هەڵسوڕاو بن. "پێشنیاز دەکەم لەچەند گەڕەکێکی هەر شارێک توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی دابین بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ژنان".

گوڵشەن خدر درکی بە لاوازییەکانی ئەدای کاری ژنانی نێو پەرلەمان و حکومەت کردووەو دەڵێ "وەک پیاو کاردەکەن و بیر دەکەنەوە". ئەو ژنە تەمەن 24ساڵە پێی باشە ژنان لە پەرلەمان بێنە دەرەوەو بەنێو شارو شارۆچکەکاندا بگەڕێن و گوێ لە خەمی ژنان بگرن "ئەگەر دەیانەوێ لەئازاری ژن تێبگەن، بادوور لەچاوی باوک و براکانمان گفتوگۆمان لەگەڵ بکەن".

ئەگەرچی 18ساڵ بەسەر دروستکردنی دەسەڵاتێکی ئیداری و سیاسی خۆژێینی کوردیدا تێپەڕیوەو پەرلەمانیش یاسای نوێی تایبەت بەپرسە جۆراوجۆرەکان دادەنێت، کەچی هێشتا کولتوری داخراوی کۆمەڵگەی کوردی هەڕەشەیەکی گەورەیە

> **ئەگەر دەیانەوێ لەئازاری ژن تێبگەن، بادوور لەچاوی باوک و براکانمان گفتوگۆمان لەگەڵ بکەن**
>
> ژنێک

لەبەردەم پرسی ژندا. هەر ئەو ژمارە زۆرەی تاوانەکانی دژی ژنان، حکومەتی ناچارکرد، بەڕێوەبەرێتییەک بەنێوی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەکۆتایی 2007 دابمەزرێنێ.

سەبرییە محەممەد دەڵێت ئەو ژنانەی حکومەت دەیەوێ بەهۆی ئەوانەوە ڕووخسارێکی دیموکراسی و شارستانی بەخۆی ببەخشێ تەنیا ناون. سەبرییەی 32 ساڵ بەدڵتەنگییەکی سەرنجراکێشەوە باسی لەوە کرد کە ڕەنجێکی زۆری کێشاوە بە ڕێگەی دادگاوە تاوەکو ڕزگاری بێت لەدەست ئەو مێردەی خیانەتی هاوسەری لێکردووە "ئەگەر ژنە پەرلەمانتارەکانمان پارێزەرمان بن، بۆچی وامان بەسەر دێت".

پەرلەمانتارە ژنەکانی خولی ڕابردوو پێیانوایە لە ماوەی چوارساڵی کارکردنیان پەیامەکەی خۆیان گەیاندووە. شەمسە سەعید، پەرلەمانتار گوتی "زۆربەی ئەو کێشانەی هاتوونەتە بەردەستی ئێمە، لەبارەی خۆسووتاندن و تەڵاق و گەورە بە بچووک وکوشتن بووە". گوتیشی "بەداخەوە گرفت لە یاسادا نییە، لە سەروەرنەبوونی یاسادایە". ئەو ژنە پەرلەمانتارە پەنجە بۆ پیاو رادەکێشێ و دەڵێ "بەشی حەسانەوەی ژن یاسا دانراوە، بەڵام بەداخەوە پیاو ڕێزی ژنان ناگرن".

کەژاڵ مەجیدی پەرلەمانتاریش پێیوایە ژنانی کورد نابێ وابزانن کە ئیشی پەرلەمانتار تەنها ئەوەیە یاسا دەربکات "بەردەوام زانیاریمان لەسەر ڕەوشی ژن کۆکردووەتەوەو لەگەڵ ڕێکخراوی ناحکومی و ژنان دانیشتوین، لەکاتی یاسای باری کەسێتیدا شەڕێکی زۆرمان لەسەر ژنکرد".

لە307 کاندیدی لیست و قەوارە جیاوازەکان بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، 169ژن خۆیان کاندید کردو بەپێی ئەو ڕێژەیەش کەپەرلەمانی کوردستان بۆ ژنان دیاری کردووە، دەبێت 37کورسی پەرلەمان ژنان لەسەری دابنیشن. هاژە شێخ سلێمان پەرلەمانتار لەسەر لیستی عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە یەکەمین ژنی سەرۆک لیست بوو، لەبەرنامەیدایە کارنامەیەکی دەوڵەمەند بۆ پرسەکانی ژنان لەگەڵ خۆی بباتە پەرلەمان، هاژە دەڵێ "کار دەکەین بۆ ئەوەی ژن و پیاو لەئەرک و مافدا بە تەواوی یەکسان بن".

ئەو پەرلەمانتارە نوێیە ڕەخنە لە هەندێک لە پەرلەمانتارەکارنی خوولی ڕابردوودەگرێت کە لەهەندیک پرسی ژناندا کەلە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر کرا (بوێر) نەبوون "بۆ نموونە لەبەرخاتری حیزبەکانیان دەنگیان بۆ یاسای قەدەخەکردنی فرەژنی نەدا".

هاژە بەرنامەکەی ئاشکرا دەکات و دەڵێ یەکێک لەو پرسانەی لە پەرلەمان داوای گفتوگۆلەسەرکردنی دەکات هەموارکردنی یاسای باری کەسێتیە (یاسای باری کەسێتی دەبێ هەموار بکرێ بەتایبەتی ئەو بڕگەو ماددانەی تایبەتن بە تەڵاق وبەخێوکردنی منداڵ لەکاتی جیابوونەوە، هەروەها مەسەلەی میرات کە زۆر لایەنگیری پیاوی تێدایە، هەروەها داوادەکەم پرۆژە یاسای نەهێشتنی توندوتیژی دەنگی لەسەر بدرێت بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی ژناندا بێت).

بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵخۆشن بەوەی توانیویانە کاری جددی بۆ پێشخستنی پرسی ژن بکەن و توانیویانە ئاستی بەشداری کردنی ژن لەفەرمانگەکانی حکومەت بگەیێننە سەرووی 50%وە. نێچیرڤان بارزانی لە وتاری خەڵاتی ژنپارێزیدا گوتی "لەوانەیە خواست و ئارەزووی ئێمە زۆر لەوە زیاتر بێت کە ئێستا کردوومانەو جیاوازی زۆریش هەیە لەنێوان ئەوەی کە ئارەزوومانەو ئەوەی کە دێتەدی لەسەر ئەرزی واقیع".

> **کار دەکەین بۆ ئەوەی ژن و پیاو بە تەواوی یەکسان بن**
>
> پەرلەمانتار هاژە شێخ سلێمان

ئەگەرچی ئەو سەرۆک وەزیرە گەنجە ئێستا لەدواهەمین ڕۆژەکانی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتدایەو، زۆر لەهەڵسوڕاوانی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنی هاندا کاری جیدی بکەن، کەچی هێشتا ژمارەکانی کوشتنی بەناو شەرەفپارێزی و نامووس لەراپۆرتەکاندا مەترسیدارن.

بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ماوەی چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا 22 ژن لە کوردستان کوژراون و 172ژنیش خۆیان سووتاندووە. هەر لەماوەی دووساڵی ڕابردووشدا زیاتر لە500ژن بەهۆی مۆبایلەوە ڕووبەڕوی توندوتیژی بوونەتەوەو لەهەولێرو دهۆکیش ساڵی ڕابردوو 210 ئافرەت ڕەوانەی سەنتەرەکانی داڵدەدان کراون و هەرلەو سنوورە 1775سکاڵای ژنان لەبەڕێوەبەرێتیەکانی پۆلیس تۆمار کراون.

### میشێل ئۆباما وەپێش ئۆپرا کەوت

# مێرکل دیسان بەهێزترین ژنی جیهانە



ڕووداو-Forbes

بە گوێرەی پۆلێنێکی گۆڤاری فۆربس، میشێل ئۆباما خانمی یەکەمی ئەمریکا شوێنی خۆی لە نێو لیستێکی 100 کەسیی خانمانی ناوداری جیهاندا گرت، بۆ چوارەمین ساڵیش هەر ئەنگێلا مێرکل ڕاوێژکار (سەرۆک حکومەت)ی ئەڵمانیا بەهێزترین ژنی جیهانە.

لە یەکەمین دەرکەوتنی لەو لیستەدا، خانمی ئۆباما لە پلەی چلەمیندا هات و وەپێش خانمە بێژەری ناوداری ئەمریکا ئۆپرا وینفری، کە لە پلەی 41ەمیندایە و شاژنی بەریتانیا ئەلیزابیسی دووەم کە لە پلەی 42ەمیندایە، کەوت.

شیلا بیر، سەرۆکی دەزگای فیدراڵی ئەمریکا بۆ بیمەی ڕاسپێری، هەر لە پلەی دووەمدا مایەوە، لە پاش ئەوەی پار بۆ یەکەمینجار هاتە نێو لیستەکەی فۆربسەوە، کە لەگەڵ چەقبەستنی ئابووریی ئەمریکا، ناوبانگی زیاتری بەدەست هێنا.

هەروەها سەرۆکەکانی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکانی پیپسی کۆلا، ئەنگلۆ ئەمێرکان، تیماسک، کرافت فودس، وولپۆینت و، ئەریفا لە ریزبەندی 10 ناوی پێشەوەی لیستەکەی فۆربسدا مانەوە. ئەو لیستە لەسەر بنەمای فاکتەری وەک کاریگەریی ئابووری، ناوبانگی میدیایی و دەسکەوت لە بواری کاردا، گەڵاڵە دەکرێت. بۆ یەکەمین جاریشە هەردوو سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای دوپۆنت و کۆمپانیای سۆنۆکۆ لە نێو 10 ناوی یەکەمی لیستەکەدا هاتن و، جێی سەرۆکی کۆمپانیای زیرۆکس کە بۆ پلەی 15 کشایەوە و، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا کۆندۆلیزا ڕایس کە دوای نەمانی لە پۆستەکەیدا لە کانوونی دووەمەوە لە لیستەکەدا نەما، گرتەوە.

هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە پلەی36 هات، لە پاش ئەوەی پارلە پلەی 28دا بوو، ئەویش کاتێ لە گەرمەی خۆ پاڵاوتندا بوو بۆ سەرۆکایەتی و ببووە ژنی هەرە بەناوبانگی لیستەکە.

نا نسی پیلووسی سەرۆک ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکاش لە پلەی 35دا مایەوە. فۆربس ڕایگەیاند "ژنانی بە توانا لە کاری بازرگانی و کاری خێرخوازی، بە هەنگاوی بوێرانە و نا ئاسایی خۆیان، بەرەو پۆستی سەرکردایەتی هەنگاو دەنێن" هەروەها گوتی "ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو کە ژنان هەستیان وا بوو تەنیا بە یەک کارەوە پەیوەست بن و بە پشوویەکی درێژەوە چاوەڕوان بن تا سەرمووچەیەکیان بۆ دێت".

ئەنگێلا مێرکل (55 ساڵ) یەکەمین ژنە لە 2005دا پۆستی ڕاوێژکاری ئەڵمانیای بەدەست هێنا. گەلێک چاودێریش لایان وایە لە هەڵبژاردنی فیدراڵیی 27ی ئەیلولدا هەر لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە. خانمی ئۆباماش (45 ساڵ) بە هۆی کەسایەتیی سادەی خۆی و پشتیوانیکردنی لە چالاکیی جۆراجۆر، وەک هاندان بۆ خواردنی خۆراکی تەندروست و، هونەر و، هەستی ناسکی لە جل و بەرگدا، گەلێ کەس پێی سەرسامە و بووەتە پێشەنگی چەندین لیستی شۆخترین خانمانی دنیا.

لە نێو ئەو خانمانەی ئەمریکا کە هاتوونەتە نێو لیستەکەوە، دادوەری دادگای باڵا سۆنیا سوتومایر، کە لە پلەی 54 دا هات، هەروەها وەزیری تەندروستی و خزمەتگوزاریی مرۆیی کاترین سیبلیوس کە لە پلەی 56دا هات و، وەزیری ئاسایشی ناوخۆ جانێت نابولیتانو کە لە پلەی 51 دا هات و، سەرۆکی لیژنەی بۆرسە و دراو، ماری شابیرۆ کە لە پلەی 55دا هات.

دیسان لە نێو ئەوانەی لە نوێ هاتوونەتە نێو لیستەکەوە، سەرۆک وەزیرانی بەنگلادیش حوسەینە واجید کە لە پلەی 78دا هات و، نێردەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ نافانیتیم بیلای کە لە پلەی 63دا هات و، سەرۆک وەزیرانی ئایسلەندا یوهانا سیجورداردوتر لە پلەی 74دا هات.

## کۆمەڵایەتی



### ئەڤین سووتا

رووداو-هەولێر
رۆژی 2009/8/17 کچێک لە گەڕەکی سێتاقانی هەولێر، بەناوی ئەڤین تەحسین 24ساڵ، کچی ماڵەوە، بەهۆی سوتانەوە گیانی لەدەستدا، لاشەی ئەڤین 50 %ی سوتابوو، ئەو 5 رۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە، پاشان گیانی لەدەستدا، ئەڤین لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت، بۆ ئەوەی کێک دروست بکات، غازی ماڵەکەیانی داگیرساندووە، غازەکەش تەقیەوەتەوە، بەو هۆیەوە ئاگری تێبەر ببوو، بۆ بەدواداچوون لە چۆنیەتی رووداوەکە، پۆلیس دۆسیەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە.

### کوڕان کۆتایی بە دەسەڵاتی باوک دەهێنن

# لەماوەی 20رۆژدا 3 باوک لە هەولێر بە دەستی کوڕەکانیان دەکوژرێن



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

رووداو-خەبات

خێزان و منداڵەکانی عەبدولرەحمان عەزیزی 55 ساڵ، دوو رۆژ بوو بەهۆی شەڕیانەوە لەگەڵ عەبدولرەحمان چووبوونەوە ماڵی باپیریان، کوڕە گەورەی عەبدولرەحمان لەشەوی 14 – 2009/8/15 باوکی بەر دەستڕێژی گوللەدا و کوشتی. برایەکی عەبدولرەحمان دەڵێت براکەی کەسێکی تووڕە بووەو، زۆرجار لەگەڵ منداڵەکانی بەشەڕ هاتووەو تۆمەتیشی خستووەتە پاڵ ژنەکەی، بۆیە کوڕەکەی کوشتوویەتی.

ناو ناوە هەواڵی کوشتنی باوک لەلایەن کوڕەکانیانەوە لەکوردستان بڵاودەبێتەوە، کوشتنی باوک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتە، بەپێی بەدواداچوونەکانی (رووداو)، لە 7/25 تا 2009/8/15 لەشاری هەولێرو دەوروبەری 3 باوک بە دەستی کوڕەکانیان کوژراون.

بەبڕوای دەروونناسان و کۆمەڵناسان کوڕان لە ئەنجامی فشارێکی بەردەوام لە لایەن باوکیانەوە، ئەو کارە دەکەن و وەک تۆڵەسەندنەوە، پسپۆڕێکیش دەڵێت "کوشتنی باوک بەمانای نەمانی کولتوری توندڕەویە، نەک دەسەڵاتی باوک".

بە بڕوای یوسف عوسمان پسپۆڕی دەروونی، ململانێیەک لەنێوان کوڕو باوکدا هەیە، زۆرێک لە باوکان دەیانەوێت دەست بخەنە ژیانی کوڕەکانیانەوە "دەیانەوێت منداڵەکانیان ئامێرێک بن، بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان، بەڵام ئەوە ناگونجێت، ئەم ململانێیە زۆر جار بە لێکجیابوونەوە یان بە شەڕێکی دەروونی وەک رقلێبوونەوە کۆتایی دێت، بەڵام هەندێکجار بەهۆی ئەو فشارەی لەسەر گەنج هەیە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، زۆرجاریش کوشتنی باوکیان پێ باشترە لە خۆکوژی".

بەرەبەیانی 2009/7/25، لە گوندی کەڵەکینی سەر بەناحیەی شاوێسی هەولێر، پیاوێک بەناوی عومەر جەمیل 25 ساڵ، دوای ئەوەی ژنە سکپڕەکەی دەکوژێت، روو لە ماڵی باوکی دەکات و باوک و برایەکی دەکوژێت و دوو برایشی بریندار دەکات، کێشەکەش پەیوەندی بە عومەرو باوکی هەبووە، لەسەر ئەوەی ژنەکەی کە تۆرابوو بۆی هێنابووەوە. حوسێن مستەفا خزم و دراوسێی عومەر، باسی لە ژیانی عومەر کرد، کە بەردەوام کێشەی لەگەڵ ماڵی باوکی هەبووە "عومەر لە منداڵییەوە کوڕێکی نارێک بوو، راستەڕێ نەدەبوو".

یوسف عوسمان ئاماژەی بەوەدا ئەوانەی باوکیان دەکوژن ململانێیەکی درێژخایەن لە نێوانیان بووە، بەڵام کپکراوە، بووەتە پاڵەپەستۆیەک بۆ سەر منداڵەکان و قەبوڵیان کردووە، بەڵام "لەبەر زۆری و بەردەوامی ناکۆکییەکە بووەتە هۆی تەقینەوەی تووڕەیی منداڵەکان بەرانبەر بە باوکیان، تا تۆڵەی هەموو رۆژگار لە باوکیان بکەنەوە".

گەنجان رەخنە لە باوکیان دەگرن کە نازانن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەقڵیەتی گەنج بکەن، رەنگە گەنجێک بەهۆی سەرگەرمییەوە بەرگەی قسەکانی باوکی نەگرێت و کاردانەوەی خراپی لێکەوێتەوە. سیروان سەعید، 25ساڵ دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین، هەموو ئەو تاوانانەی بۆ خراپی پەروەردەی دایک و باوک گەڕاندەوەو گوتی "ئەگەر ئەوان باش بن هەرگیز کوشتن روونادات، ئەگەر کوڕەکەیان هەرچەند خراپیش بێت، رەنگە تەنیا قسەیان پێ بڵێت نەک کوشتن".

ئارام زاهیر، توێژەری کۆمەڵایەتی،



عومەر جەمیل، ژن و باوک و دوو برای خۆی کوشت

پێیوایە کوشتنی باوک لە ماڵێک روودەدات، کە بەردەوام کێشەیان هەبووە، ئەو خێزانەی کە کێشەی هەبێت بەردەوام چاوەڕوانی رووداوی گەورەتر لە کوشتنی باوکی لێ دەکرێت "کوشتنی باوک بەهۆی کەڵەکەبوونی گرفتەکانی ماڵە، منداڵ وا بە ئاسانی ناتوانێت باوکی بکوژێت"، گوتیشی "میدیاش کاریگەری خراپی هەبووە، وەک لەو فیلمانەی کوشتنی دایک و باوک بە سادەیی پیشاندەدەن".

لە سنووری بەردەڕەشی سەر بە پارێزگای دهۆک، رۆژی 2009/7/26 دوو برا بە لێدان باوکیان کوشت، کە تەمەنی باوکیان 45 ساڵ بوو، ئەوانیش لە 20ساڵ زیاتر بوون، یەکێک لە دراوسێکانیان بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو پیاوە خۆی و منداڵەکانی خراپ بوون بەرانبەر بە خۆیان و بە دراوسێکانیشیان، "بە لێدان کوشتیان و بەناوی دیکە شاردیانەوە".

ئەگەر چی کوشتن و دەرکردنی دایک و باوک زۆرتر لە لایەن منداڵانەوە روودەدات، بەڵام کوشتنی منداڵیش بە دوور نازانرێت لەلایەن باوکانەوە، یوسف عوسمان دەڵێت "باوکیش دەستی دەچێتە کوشتنی منداڵەکانی، ئەی ئەوە مەرگ نییە ئەوەندە منداڵەکانیان ئازار دەدەن، تا خۆیان بکوژن؟".

مام رەسوڵی 77ساڵ، تەمەنی 45 ساڵ بوو، بەهۆی مردنی ژنەکەیەوە ژنێکی دیکەی هێنا، لەو ژنە بووە خاوەنی دوو کچ و کوڕێک، بەڵام کوڕەکەی بەگوێی نەدەکرد، مام رەسوڵ باسی لەوە دەکرد دەیانجار لەگەڵی بەشەڕ هاتووە، جارێکیش هەوڵی کوشتنی کوڕەکەی داوە "دەرمانی مشکم کردە ناو خواردنەکەی، دایکیشی ئاگادار بوو، بەڵام یەک کەوچکی خوارد، گوتی تامی تێکچووە، فڕێیدا، ئەویش زیندان دەرفەتی نەدا، ئەگینا منی دەکوشت، لەگەڵ برادەرێکی کەسێکیان کوشت.

> **کوشتنی باوک بۆ نەمانی توندڕەویە، نەک کوشتنی دەسەڵاتی باوک**
>
> دەروونناسێک

بەبڕوای دەروونناسان کوڕو باوک تاوانبار نین لەو کوشتارە، هەموویان قوربانی کولتورن، یوسف عوسمان دەڵێت، باوکەکەش پێشتر توندوتیژی بەرانبەر بەکارهاتووەو بە منداڵەکەی دەریدەبڕێ "منداڵیش لە ئەنجامی ئەو توندوتیژەی بەرانبەری دەکرێت، لە نەستەوە (لاشعور) بڕیاری کوشتنی باوک دەدات، لەوەشدا کولتور تاوانبارە کە نەیتوانیووە تێگەیشتن لە نێوان کوڕو باوک دروست بکات".

### بەهۆی نمرە کەم هێنان و دەرنەچوون

# ژیلیا خۆی خنکاند و پاڵە خۆی کوشت



> **کە ئەنجامەکە راگەیەنرا، ژیلیا تووشی شۆک بوو، ئەو پێیوابوو نمرەی ئەویان بۆ کەسێکی دیکە دانابوو**
>
> مامی ژیلیا

رووداو-هەولێر

ئێوارەی رۆژی 2009/8/16 لەگەڕەکی کوێستانی هەولێر کچێک بەناوی ژیلیا سامی جەمیل 20ساڵ، خۆی خنکاند، ئەو کچە قوتابی پۆلی دوانزدەی ئامادەیی بوو، مامی ئەو کچە بە (رووداو)ی راگەیاند، لەبەرئەوەی ژیلیا نمرەیەکی کەمی هێناوە بۆیە خۆی خنکاندووە.

لە مزگەوتی بوخاری لەگەڕەکی کوێستانی هەولێر، پرسە بۆ ژیلیا دانرابوو، مامێکی ژیلیا لە سێیەم رۆژی پرسەی برازاکەی قسەی بۆ (رووداو) کرد، بە گوێرەی قسەکانی ئەو، ژیلیا لە پۆلی 9ی بنەڕەتی لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر پلەی دووەمی بەدەستهێناوە، تووشی سەرسوڕمان هاتووە، کە لە پۆلی 12ی ئامادەیی نمرەکەی خراپ بووە.

ژیلیا قوتابییەکی زیرەک بووەو لە قوتابخانەیەکی نموونەیی لە هەولێر خوێندوویەتی، هەرچەندە پێشتر ژیلیا باری دەروونی جێگیر نەبوو، بەڵام لەو کاتەی ئەنجامی پۆلی شەش راگەیانراوە، زیاتر هەستی بە نائارامی کردووە، چونکە ئەو نمرەی بە هی خۆی نەزانیووە.

مامی ژیلیا دەڵێت لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ، هەموو نووسینەکانی خۆی لەلای پسپۆڕی وانەکان باسکردووە، کە لە تاقیکردنەوە چی نووسیووە "ئەوانیش دەیانگووت هەمووی تەواوە، بۆیە لەو بڕوایە دابوو نمرەیەکی باش بەدەستبهێنێت، بەڵام کە ئەنجامەکە راگەیەنرا، تووشی شۆک بوو، بە بڕوای ژیلیا نمرەی ئەویان بۆ کەسێکی دیکە دانابوو".

ژیلیا لە دوای عەسری رۆژی 8/16 دەرفەت لە بێ ئاگایی ماڵەوەیان وەردەگرێت و خۆی بە پانکەی ژوورەوە هەڵدەواسێت، تا بنەماڵەکەی ئاگادار دەبنەوە، بەر لەوەی بیگەیننە نەخۆشخانە گیان لە دەستدەدا، لە نەخۆشخانە بینیویانە شوێنەواری پەتەکە بە ملییەوە دیار بووە، دایکی ژیلیا لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت "ژیلیا دەرگای لەسەرخۆی داخستبوو، برایەکی دەرگاکەی شکاند، بەڵام گیانی لەدەستدابوو".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی بە (رووداو)ی راگەیاند، دەرکەوتووە ژیلیا خۆی خنکاندووە بە پانکەی ماڵەوەیان، لەبەر ئەوەی رووداوەکەش خۆ خنکاندن بوو، کەس بە تۆمەتی خنکانەکەی نەگیراوە، سکاڵاش نەبووە، بەڵام "لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە".

بە بڕوای سامی جەمیل باوکی ژیلیا نزیکەی سێ ساڵە، هەستیان بەوە کردووە، کچەکەیان باری دەروونی تەواو نەبووە "هۆکاری خۆ خنکاندنەکەیشی تەنیا نەخۆشی دەروونی بووە، پەیوەندی بە هیچی دیکەوە نەبووە، بۆیە لەو بارەوە قسەی دیکە ناکەم".

زۆرجار لە کوردستان هەواڵی ئەوانە بڵاو دەبێتەوە، کە بەهۆی ئەوەی لە قوتابخانە دەرناچن یان ئەنجامێکی خراپ بەدەستدێنن، خۆیان دەکوژن، بەڵام بەبڕوای پسپۆڕان ئەوانەی خۆیان دەکوژن پێشتر کێشەیان هەبووە، بەڵام ئەو ئەنجامە بووەتە هۆی تەقینەوەی کێشەکەیان.

رۆژی 2009/8/3 لەگەڕەکی نیشتیمانی هەولێر، قوتابییەک بەناوی پاڵە کامەران سلێمان 17ساڵ، گوللەیەکی لە سەریداو گیانی لەدەستدا، دایکی پاڵە لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت "لەو کاتەی کوڕەکەم لەناو ژوورەکەی خۆی دەیخوێند، لەناکاو گوێمان لە دەنگی تەقەیەک بووەو بینیمان پاڵە خۆی کوشت".

دایکی لە درێژەی ئیفادەکەدا دەڵێت "کوڕەکەم هیچ کێشەی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەی دەرنەچوو بوو"، پاڵە پۆلی 11ەی بنەڕەتی بووە، باری ئابووریشیان خراپ بوو، ئەو نامەیەکی لە دوای خۆی جێهێشتبوو، ئێستا لای پۆلیسە بۆ لێکۆڵینەوە، لە نامەکەدا باسی لەوە کردووە، کە لە تاقیکردنەوەکانی دەرنەچووەو چەندینجار وشەی مردنیشی بەکار هێناوە.

> **کوڕەکەم هیچ کێشەی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە دەرنەچوو بوو**
>
> دایکی پاڵە

# دحەفتیەکێدا تەرمێ دوو گەنجا ژ ئەوروپا گەهشتنە دهوکێ

عەبدوڵلا نهێلی
رووداو-دهوک

دماوێ حەفتیەکێدا تەرمێ دوو گەنجان کو هەر ئێک ب رەنگەکێ ل وەلاتێن بریتانیا و ئەلمانیا هاتینە کوشتن، گەهشتنە باژارێ دهوکێ و ژلایێ کەسو کارێن وانڤە هاتنە ڤەشارتن، بێ کو ئەگەرێ کوشتنا وان بزانن.

ل روژا 2009/8/19 تەرمێ ئیدریس عەبدولرەحمان تەمەن 34 سالی گەهشتە کودستانێ و ل دهوکێ هاتە ڤەشارتن.

گەهاندنا تەرمێن ڤان هەردوو گەنجان ژ ئەوروبا بو دهوکێ و دحەفتیەکیدا، دەنگڤەدانەکا مەزن ل دهوکێ و دەردورێن وێ دروستکریە، چونکە دروستبونا ڤان رووداندا ل وەلاتێن ئەوروبا کو خەلک دبینیت ئەوروبا کوپیتکا ئارامیێ و جێگیربونا یاسایێ تێدانە، بویە جهێ پرسیارێ و سەرسورمانێ بو خەلکێ دهوکێ.

هەڤالەکێ نێزیکی ئیدریس دبێژی"ئیدریس کو برایێ جەعفەر و بەهجەت بەروارێ نە، خودانێن خارنگەها دونیانە، کو ئێک ژ بەرنیاسترین و کەڤنترین خارنگەهە ل دهوکێ، رەوشا ئابووریا وان گەلەکا باشە، ئیدریس ل سالا 1996 بریارێ ددەتە بچیتە دەرڤەی وەلاتی، پاشان خێزانا وی ژی دگەهیتە وی و هەردوو بێکڤە ل وەلاتێ ئەلمانیا ئاکنجی دبن"

بەهجەت موسا خودانێ چایخانا بێخال کو دکەڤیتە رەخ خارنگەها دونیا ڤە و ئێک ژ هەڤالێن نێزیکی ئیدریس بو (رووداو) بەحسێ سالوخەتێن ئیدریسی کر و دبێژی"هندی مە تێکەلیا وی کری ل خارنگەهی و بەری بچیتە ئەوروبا کەسەکێ بێ ئاریشە و دەف کەنی بوو، و چ جاران مە چ ئاریشە ژێ نەدیتن، هەردەما بێچەک توورە بباژی هەر زوو دهاتە خارێ و جارەکا دی دا دەست ب سوحبەتا کەت، پشتی چوویە دەرڤەی وەلاتی ژی بەردەوام هەرسال بسەردان دهاتە کوردستانێ هەتا دوو مەهان بەری بهێتە کوشت هاتبو کوردستانێ و هەردەم مە دیت و هەتانوکە مە گوە لێ نەبویە کو وی خویدارێەک یان ئاریشەک دگەل چ کەسەکێ هەبیت.

هەروەها ئەوی هەڤالێ ئیدریسی، نووچەیێ کوشتنا ئیدریس ب سەرسورمان گوە لێ بویە و دبێژی"دەمێ مەزانی کو ئیدریس و دشەکا خو ل ئەلمانیا یێن هاتینە کوشتن، ئەم گەلەک بێ سەرسورمان بوین، چونکە خەلک ل کوردستانێ ژبەر ئاریشا دچیتە ئەروپا کو جهەکێ ئارامە، بەلێ کوشتنا ئیدریس ئەم یێن سەرسورمان کرین"

کەسەکێ نێزیکی ئیدریس بەحسێ دروستبونا رووداتێ کرو دبێژی"ل دەمژمێر 9:30 روژ 2009/8/11 ئیدریس و دشا خوە ب ترومبێلێ ل باژێرێ شڤاینفورت سەر ب هەرێما باڤیا ئەلمانی دەردکەڤن، ژبەر کو ئیدریس ل وی وەلاتی بازارێ کرین و فرۆتنا ترومبێلا دکر، لەورا پتر ژ (20) هزاردولار دگەل واندابین، پشتی دەمەکێ هەر لوێ شەڤێ خێزانا ئیدریس ل ئەلمانیا ب رێکا پولیسان دهێتە ئاگادارکرن، کو تەرمێ ئیدریس و دشا وی هاتینە دیتن، هەردوو ب گولەیان هاتینە کوشتن.

ژبەرکو دشا ئیدریس پێش وەختی شوی کربوو و پاشان هاتبو بەردان، دایک و بابێن وێ ژی ل ئەلمانیا دژین، تەرمێ وێ تانوکە نەئینایە کوردستانێ، لەورا ئەوی کەسێ نێزیکی ئیدریس کو نەڤیا ناڤێ وی بهێتە بەلافکرن یێ ئامادەنوبو چ زانیاریان لسەر دشا ئیدریس بدەت.

ئیدریس خەلکێ گوندێ گێلکێ سەر ب دەڤەرا بەرواریا یە، بەلێ کەس و کارێن وی ل دهوکێ ئاکنجی نە، ئەو دگەل پێنج زاروک و خێزانا خو چەند سالە ل وەلاتێ ئەلمانیا دژین و ناسناما ئەلمانی ژی وەرگرتیە.

هەروەها ل 2009/8/15 تەمێ گەنجەکێ دی یێ دەڤەرا شێلادزێ سەر ب قەزا ئامێدیێ ڤە بناڤێ وەحید حسێن تەمەن 29 سالی ل ئەوروپاڤە گەهشتە وێ دەڤەرێ و ل شێلادزێ هاتە ڤەشارتن، هەتانوکە مروڤێن وان ژی بدورستی ئەگەرێ گوشتنا وەحید نزانن.



ئیدریس عەبدولرەحمان، تەمەن 34 سال



وەحید حسێن، تەمەن 29 ساڵ



# عێراق چیتر ناتوانێ شانازی بە برنجی عەنبەرەوە بکات

## لە سەفەرنامەی (خەونی یوحەننا) دا وشکبوونی فورات وەک یەکێک لە نیشانەکانی قیامەت باسکراوە

**کامبل ڕۆبەرتسن**
**عێراق- جبایش**

ئەو گوندییانەی جاران بەسـواری بەلەم بەنێو زۆنگاوەکاندا دەسووڕانەوە بۆ کۆکردنەوەی قامیش، ئێستا بەپێ لەسەر زەوییەکی وشک دەسووڕێنەوە. مەنجەڵە ژەنگاوییەکانیان لەسـەر سەر گرتووەو بانگ دەکەنە ئەو ڕێبوارانـەی بەنێو ڕووبارەکەی تەنیشـتیاندا تێدەپەڕن: "ئاوی لێ نییە". هۆیەکە ئەوەیە ڕووباری فورات بەرەو وشکبوون دەڕوا. لە ئەنجامی سیاسـەتە ئاوییەکانی هەردوو دەوڵەتی دراوسێی عێراق، تورکیاو سوریا، هەروەها بەهۆی ئەو وشکەسـاڵی و بێ بارانییەی چەند سـاڵێکە ناوچەکـەی گرتووەتـەوەو بەهۆی ئـەو چەندین سـاڵەش کە جووتیارانـی عێـراق مامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵ ئەو ڕووبارە کردووە، فورات لەچاو ساڵانی ڕابردوو تەواو بچووک بووەتەوەو بەرپرسانی عێراقیش ترسیان لێ نیشتووە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگاتە نیوەی ئەو قەبارەیەی ئێستای.

ڕووباری فورات کە لەپەیدابوونی شارستانێتیدا ڕۆڵی سـەرەکی بینیوەو تەنانەت لە سەفەرنامەی (خەونی یوحەننـا)دا وشـکبوونی وەک یەکێک لـە نیشـانەکانی قیامەت باسـکراوە، ئێسـتا بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوەکـەی، هەرچی کێڵگە کشتوکاڵییەکانی ئەمبەرو ئەوبەری هەیە فەوتاون و ڕاوچییەکانی ماسی بێکار کەوتوون و ئاوەدانییەکانی سەر ڕووبارەکە بەهۆی کۆچی جوتیارانەوە بەرەو شار، ڕوو لەکوێربوونەوەن.

هەرچەندە هەژاران لە هەمووان زیاتر لەو بارودۆخە زیانمەندن، بەڵام ئاسـەواری ئەو کێشەیە بەسەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەوە دیارە، شێخەکان و دیبلۆماتـکاران و تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان کە پاش چەند هەفتەیەک کارکردنی بەردەوام لە بەغدا بۆ پشوودان بەرەو کێڵگەکانیان هەڵدێن. کێڵگەکانی مەرەزەو دانەوێڵە لەسەر هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکە یەکپارچە بوونەتە خۆڵ و بەبیابانبوون. لەکاتێکدا کەناڵە ئاوییەکان بوونەتە زۆنگاوی بچووک، دەیان بەلەمی ڕاوکردن دەبینی کە لەسەر ئەو زەویە وشک و برینگە کەوتوون. ئەو ترومپایانەی جاران ئاویان بۆ کارگەکانی خاوێنکردنەوەی ئاو ڕادەکێشا، ئێستا بەدیار گۆماوێکی زەردباوەوە کەوتوون.



کێڵگەکانی مەرەزە و دانەوێڵە لەسەر هەردوو ڕۆخی ڕووباری فورات یەک پارچە بووەتە بیابان (فۆتۆ:ڕۆیتەرز)

زیا، تەمەن 34 سـاڵ کە ماسیگرێکی خەڵکی (هندیە)یە، لەچایخانەیەک دانیشتووە کە دەکەوێتە سـەر ڕووبارەکەو جمەی دێ لەو ماسیگرانەی بێ کار دانیشتوون. ئەو دەڵێت "پیرەکانی ئێرە دەڵێن بەبیرەوەری ئەوان ئەمە خراپترین وشکەسـاڵییە تائێستا ڕوویدابێت".

چوارچێـوەی ئەم وشکەسـاڵییە لەعێراقدا تا ئەو ناوچانـەی باکوور درێژدەبێتـەوە کە جاران بەپشتبەسـتن بە باران گەنـم و جۆیان دەچاند. بەوهۆیەوە، ڕووبەری زەویە داچاندراوەکان لەوێش بـە ڕێـژەی 95% کەمی کردووە. لـە ڕۆژهەڵاتی عێراقیش باخەکانی خورماو مزرەمەنی بەدەست بێ بارانییەوە دەناڵێنن، چونکە لەدووساڵی ڕابردوودا تێکـڕای بارانبارین بەڕادەیـەک کەمیکردووە کە بەبڕوای پسـپۆڕە ئەمریکییەکان، زەحمەتە عێراق بتوانـێ لەو بڕە گەنم و جۆیـە تێپەڕێنێ کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەرهەمی هێناوە.

ئەم کارەساتە هەڕەشە لە ڕەگوڕیشەی شوناسی عێراق دەکات، نەک هەر لەبەرئەوەی بەوڵاتی نێوان دوو ڕووبار ناسراوە، بەڵکو لەبەرئەوەش کە عێراق لەمەوبـەر یەکەمین وڵاتی جیهان بـووە لەڕووی هەناردەکردنی خورماو جـۆی هەناردەی ئەڵمانیا کردووەو شـانازیی بـەوەوە کـردووە کە برنجی عەنبـەری گرانبەهای ڕەوانـەی دەرەوە کردووە. ئێسـتا تادێ گەنـم و دانەوێڵـەی زیاتر دەکڕێ، جووتیارانی سەر ڕۆخی ڕووباری فورات بەتووڕەیی و بێ هیواییەوە دەڵێن ئیدی برنجی عەنبەر ناچێنن و ڕوو لە چاندنی جۆری هەرزانتر دەکەن. هەرچەندە وشکەسـاڵی دیاردەیەکی نامۆ نەبووە بە عێراق، بەڵام بەرپرسان دەڵێن هەرگیز وەک ئەم ساڵانەی دوایی دووبارە نەبووەتەوە.

وشکەسـاڵی تەنیا یەکێکـە لەفاکتەرەکانی کەمبوونەوەی ئـاوی فورات و دیجلەی جمکی کە تاڕادەیـەک لەحاڵێکی باشـتردایە. عێراقییەکان بەرپرسیارێتی ئەو کارەسـاتە دەخەنە ئەستۆی هـەردوو حکومەتـی تورکیـاو سـوریاو دەڵێن بەهەردووکیـان لانیکـەم 7 بەنـداوی گەورەیان لەسەر ڕووبارە کە دروستکردووە. ئەوان بەبێ هیچ پەیماننامەو ڕێککەوتننامەیەک بەشـی عێراقیان لەئاوی فورات کەم کردووەتەوە تا کار گەیشتووەتە ئەوەی ئێسـتا عێراق سـواڵی ئاو لەدراوسێکانی دەکات.

بەشدارانی کۆنگرەیەک کە تایبەت بوو بەکێشەی کەمئاوی لەناو شـاری بەغدا، بەدەم باسـکردنی کێشەکەوە بوتڵە ئاوی سـعودیەیان دەخواردەوە کـە بە بەراورد لەگەڵ عێراق ئاوی شـیرینی زۆر کەمە. عەلـی بابان وەزیـری پلاندانانی عێراق دەڵێت "عێراق بەتـەواوی تینووی ئاوە. وا بڕوات کشتوکاڵمان نامێنێ و شارەکانمان لەبەین دەچن، هیچ دەوڵەتێک نییە لەبەرامبەر هەڵوێستێکی وادا بێدەنگ بێت".

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو بەم دواییە ڕایگەیاند کە تورکیا بۆ دەربازکردنی وەرزی چاندنی برنج لە هەندێ ناوچەدا، بڕی ئـاوی فوراتی دووهێندەی جـاران بەرداوەتەوە، بەڵام ئەوەش هێشـتا هەر بەشـی نیوەی پێداویسـتی مەرەزەکانی سـەر ڕووبارەکە دەکات. هەرچەندە تورکیا ڕەزامەندیی داوە ئەو بڕە بەوشێوەیە ڕابگرێ و بگرە زیاتریشی بکات، بەڵام لەڕاستیدا هیچ ڕێککەوتننامەیەک نییە وای لێبکات پابەندی ئەو بڕیارە بێت.

ئەو تووڕەیی و بێزارییە لەقەیرانی ئاو، ئەگەری ئەوەی‌هەیە لەچەندساڵی‌داهاتوودابیبێتەسەرچاوەی گرژیی لەنێوان عێراق و وڵاتە دراوسێکانی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەبەرپرسە ئەمریکییەکان و تورکەکان و تەنانەت عێراقییەکانیش لەوەدا هاوڕان کە کێشە ڕاستەقینەکە بۆ سیاسەتی بێکەڵکی عێراق خۆی دەگەڕێتەوە لەڕووی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئاو.

عەبـدڕەزا جۆدە، تەمەن 40 سـاڵ کە لەژێر کەپرەکەی خۆیدا لەنێـو کێڵگەیەکی قامیش لە دەرەوەی کەربەلا دانیشـتووە، دەڵێت "جاران وا ڕاهاتبووین بۆ هەر جێیـەک دەچووین ئاوبوو". عەبدڕەزا خۆی خەڵکی دەوروبەری بەسرەیە، بەڵام ئەوکاتەی‌سەدام‌حوسێن‌بۆکۆنترۆڵکردنی‌ڕاپەڕینی شـیعەکانی باشـوور ئاوی لەهۆرەکان گرتەوە، ناچاربوو لەبەغدا نیشتەجێ بێ. ساڵی 2004 بۆ ڕاوەماسی و بەخێوکردنی گامێش ڕوویکردە کەربەلا چونکە زێـدی خۆی وەبیردێنێتەوە، بەڵام دەڵێت "ئێرە یەکپارچە بووەتە بیابان".

بەدرێژایی هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکە حاڵەتێک لە تووڕەیی و بێزاری بەرامبەر تورکیاو سوریا دەبینی، هەروەها هەمان تووڕەیی بەرامبەر ئەمریکییەکان و کـوردو ئێران و حکومەتـی عێراقیش، چونکە قاتوقڕی هەمووان دەکاتە دوژمن. عەبدڕەزا دەڵێ "ناوچەکانی سـوننە وەکو ئێمە کێشـەی ئاویان نییە"، ئەم قسـەیە زۆر مانـای ناوەکی لەخۆیدا شاردووەتەوە.

بەرپرسـان دەڵێـن هیـچ شـتێک نییە ئەم ڕەوشە خراپە بەرەو چاکبوون ببات ئەگەر عێراق مامەڵەیەکی جدی لەگەڵ سیاسـەتەکانی تایبەت بەئاو نەکات و ڕێگە لە بەفیڕۆدانی ئاو نەگرێ.

بەیانییەکی زووی یەکێـک لە ڕۆژە گەرمەکان لە دیوانییە، ژنێـک لەنزیک ئۆتۆبانەکە خەریکی کۆکردنەوەی ئەو خوێیە بوو کە لە بەهەڵمبوونی ئاوی یەکێـک لە گۆمـاوەکان بەجێمابوو. پاش لەنێوچوونی مەرەزەکانیان بەهۆی کەمئاوی، ئێستا کۆکردنەوەی ئەو خوێیە تاکە سەرچاوەی بژێویی ئەو خێزانەیە "وشـکبوونی مەرەزەکە زۆر گرنگ نییە"، بەدەم ئاماژەکردنەوە بۆ کەناڵی ئاوەکە گوتی "ئاوی خواردنەوەی تێدا نەماوە. بەتەواوی وشـک بووە. ئێسـتا هەر بیر لێدەدەین و پاش ماوەیەک وشک دەکات، ناچارین لەئاوی ڕووبارەکە بخۆینەوە بۆیە منداڵەکانم هەموو نەخۆش کەوتوون".

لە باشـووری ڕۆژهـەڵات کە ئیـدی ڕووباری فورات دەگاتە کۆتایی گەشتە 1730 میلییەکەی و لەگەڵ ڕووباری دیجلە لەباکووری بەسرە بەیەکدی دەگەن، ڕەوشـەکە شپرزەتر دەبێت. ئێستا لەوێ حکومەتی عێراق خەریکی دووبارە وشککردنەوەی ئـەو زۆنگاوانەیە کـە پاش 2003 بـۆ دووبارە زیندووکردنەوەیان ئاوی بـۆ بەردانەوە. لەهەندێ شوێندا ڕانەمەڕ دەبینی لەجێیەکدا دەلەوەڕێن کە جاران ناوەندی ڕووبارەکە بووە. هێشتا جوتیاران و ئەوانـەی گامێشـیان ڕاگرتووە یـان خەریکی کۆکردنەوەی قامیشـن، لەوێن و کاردەکەن، بەڵام دەڵێن لەوە زیاتر ناتوانن بەردەوام بن.

هاشم شێخی، تەمەن 73 ساڵ، کە لەگوندێکی ڕۆژئاوای زۆنگاوەکان ململانێ لەگەڵ وشکەساڵی دەکات، دەڵێـت "دواییـن هەلی ئێمە زسـتانی داهاتووە، ئەگەر ئومێدمان بەکشـتوکاڵ بڕا، ئەوا هەرچی خێزانی ئەم ناوچەیە هەیە باردەکەن".

**لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزەوە**



# ئەنفلوەنزای بەراز داهاتی ئەمریکاو ئەوروپا دەخوات

## وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا داوا دەکات گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ ناشتنی قوربانیانی ئەو پەتایە لێ بدرێت!

**ڕووداو- ئەلشەرق ئەلئەوسەت**

بەشـی هەرە زۆری دانیشتووانی سەر ڕووی زەوی دەکەونە بەر ئەگەری تووشـبوون بـە ئەنفلۆنزای بـەراز، دوای ئەوەی چەنـد ڕاپۆرتێک دووپاتیان کردەوە، کە بەرهەمهێنانی پێکوتی (دەرزی) دژ بە ڤایرۆسـی"H1N1" کەمە و لە ئاسـتی ڕێژەی هەڕەشـە و ئەگەری بڵاوبوونـەوەی ئەو نەخۆشـییەدا نییە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییش WHOمەزەندەکانی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی پێکوتی نوێ کەمکردەوە.

میلتدا هینری بەرپرسـی بەشی پێکوت لە ڕێکخراوەکەدا لە جنێڤـەوە ڕایگەیاند، "داوای وڵاتانی باکـووری گۆی زەوی لەو پێکوتە لەم کاتەدا گەیشـتووەتە پتر لە یـەک ملیار"، بەڵام ڕێکخراوەکە مەزەندە ناکات کە ئەو بڕە پێکوتە بەم نزیکانە بێتە بەرهەم، ئەمەش واتای ئەوەی کە لە پاییزی داهاتوودا دەوڵەتان کەمتر ئەو پێکوتە خەرج دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە پزیشکانێکی دیاری کەنەدا ڕایانگەیاند کە شەپۆلی داهاتووی ئەنفلاوەنزای بەراز، زۆر لە شەپۆلەکەی ئێستا تووندتر دەبێت، داهاتی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای باکووریش دەخوات. هاوکات لـە لەندەنیش بەڵگەنامەیەک کە وەزارەتـی ناوخۆی بەریتانیا ئامـادەی کرد بوو، بڵاوکرایـەوە و داوا دەکات گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ ناشتنی قوربانیانی ئەو پەتایە لێ بدرێت! دەوڵەتی عومانیش بە هۆی ئەنفلاوەنزای بەرازەوە دەسـت پێکردنی ساڵی تازەی خوێندنی تا دوای جەژنی ڕەمەزان دوا خست.

سـەبارەت بە کەمیی پێکوت کـە دەوڵەتانی جیهان لەگەڵ داهاتنی وەرزی پاییز بە دەستییەوە دەناڵێنن، چونکە لەو وەرزەدا پەتایەکە پتر تەشـەنە دەکات، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان ڕایگەیاند، کە ئەو بە دروستی نازانێ بڕی پێکوتی بەرهەمهاتوو چەندە، خەمڵاندنەکانی ئەو ئاماژە دەکەن کە لە باشترین حاڵدا 4،9 ملیار پێکوت لە 12 مانگی داهاتوودا، بەرهەم دەهێندرێت.

گوتیشی ئەو بڕە پێکوتەی دێتە بەرهەم بەشی کوتانی هەموو دانیشـتووان ناکات، تەنانەت بەشی کوتانی زۆربەشیان ناکات. ڕێکخراوەکـە ڕایگەیاند کە لە مـاوەی 2 تا 3 هەفتەی داهاتوو زانیاریی تەواوی بەدەسـت دەگات دەربارەی بڕی بەرهەم هاتوو لە پێکوتەکە. سـەبارەت بەو گوتانەی دەربارەی پێکوتی تازە دەگوترێن، کە گومانی لەبارەوە هەیە، هیچ لێدوانێکی نەدا.

چەنـد ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی گوتیان هەندێ دەوڵەتی وەک یۆنان و هۆڵەندا و ئیسـرایل، کە زیاد لە پێویست پێکوتیان بۆ خۆیان داوا کردووە، دەتوانن هەموو هاووڵاتیانی خۆیان بکوتن.

دەربارەی شـەپۆلی داهاتـووی نەخۆشـیی ئەنفلاوەنزای بەرازیش، ئەو پزیشـکانەی لە دەستەی نووسـەرانی گۆڤاری پزیشـکیی کەنەدیان، کە گۆڤارێکی شایسـتەیە، لە وتارێکدا کە لە دوایین ژمارەی گۆڤارەکـەدا بڵاو کراوەتەوە، داوا دەکەن سـەرکردایەتییەکی توند بـۆ ڕووبەڕوو بوونـەوەی ئەو پەتا تازەیە دابندرێ. سەرنووسـەری گۆڤارەکە دکتۆر پۆل هیبرت و هاوەڵانی گوتیان "دووەمین شـەپۆلی پەتای ئەنفلاوەنزای بەراز داهاتی دەوڵەتانی ئەمریکای باکـوور و ئەوروپا دەخوات." ئەو گریمانەیەشیان لەسەر بنەمای ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە ڕۆناوە، کە لە زستاندا لە بەشی باکووری گۆی زەویدا، بە هەمان ئەندازەی بڵاوبوونەوەی لە بەشـی باشووری گۆی زەویدا، بڵاو دەبێتەوە.

پسپۆڕانی کەنەدا پێشنیازیان کرد دەستەیەکی سەرکردایەتی بۆ هەڵمەتێکی سەراپاگیری کوتان پێک بهێندرێ، سەرکردەی لۆکاڵ و کەسـایەتیی ناسراویش دابمەزرێندرێن بۆ سەرکردایەتیکردنی هەڵمەتەکـە، کە لەم پاییـزەدا بەڕێوە دەچێت و بریتی دەبێت لە کوتان. داواشـیان کرد هەموو دەوڵەتێک بەرپرسێکی گەورە دابمەزرێنێ بۆ هەماهەنگیکردن لە نێـوان هەموو دەزگاکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پەتا نوێیەکە. ئەو پزیشکانە ڕاشیانگەیاند، کەنەدا شـارەزاییەکی تـەواوی نییە کە لە کاتـی ڕوودانی مەترسیەکە پرۆسـەی کوتانی بە کۆمەڵ بەڕێوە ببات، چونکە بەردەوام تووشی گرفتی کوتاندنی ئەو توێژانە دەبێت، کە لە هەمووان زیاتر ئەگەری تووشبوونیان بە ئەنفلاوەنزای بەراز هەیە لە نێو ماڵاندا.



# هاتنە ژوورەوە بۆ پیاوان قەدەخەیە

## ژنانی گوندی ئەوموجای کینیا لە ترسی پیاوان شوورەیەکی دڕکاویان بۆ پاراستنی خۆیان دروست کردووە

**ڕووداو- DPA**

لە یاخیبوونێکی بە کردەنیدا کە گوزارشـت لە کەسایەتییەکی بەهێز و سەربەخۆ دەکات، 14 ژن لە کینیا یەکەمین گوندی تایبەت بـە ژنانیان لە ئەفریقا ئاوەدان کردەوە، ناویشـیان نا "ئەوموجا" کە بە زمانی سـەواحیلی واتە"یەکێتی". تەرزی ژیان لەو گوندەدا بە گوێرەی ئەو ڕێسـا تایبەتانەیە کە ژنانی ئاوەدانکەری گوندەکە بڕیاریان داوە. ئەو ژنانە لە دەسـت پیاو هەڵاتوون، چونکە خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردوون، وەک بەزۆر بە شوودان و خەتەنە کردن، لێدان و دەستدرێژیی سێکسی.

گۆڤاری"دیرشپیگل"ی ئەڵمانی لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا بابەتێکی لەسـەر ئەو گوندەی لە پیاوان قەدەخەیـە و کەوتووەتە ڕۆژاوای نایرووبـی پایتەختـی کینیا بـە دووریـی 350 کیلۆمەتر، بڵاو کردووەتەوە.

سـەبارەت بەو ئەشـک و ناڕەحەتییانەی پاڵی بەو ژنانەوە نا گوندی ئەوموجا ئاوەدان بکەنەوە، ناگوسـی لوکیمو، کە یەکێکە لە خانمانی بەشـدار لە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکە دەڵێ، ئەو بۆ مـاوەی 90 ڕۆژ بە بێ خـۆراک و خواردنەوە، پەراگەندەی بیابان بوو، پاش ئەوەی لە نەوەدەکانی سـەدەی ڕابردوو لە لایەن سـێ سـەربازی بەریتانییەوە، کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بوون، لە نێو گوندەکەیاندا دەستدرێژیی سێکسیی کرایە سەر.

هەروەهـا گوتی"بـەڵام کاتێک لەبارەی ئەو تاوانەی دەرهەقم کرا مێردەکەم ئاگادار کردەوە، پێموابوو لێم حاڵی دەبێت، کەچی کەوتە لێدان و کوتانم و هاواری بەسەردا کردم و دەیگوت، هەی بێ حەیا سەری خێزانەکەمت شۆڕ کرد".

دوای هەڵاتنی لە گوندەکە، لوکیمو تووشی ژنانێکی هاوشێوەی حاڵـی خۆی بوو. ئـەوان بە نێو کێڵگەکاندا دەسـووڕانەوە و بۆ دابینکردنی بژێویی ژیان کەوتنە سـەوزە فرۆشتن. بەڵام بێ سوود بوو چونکە هیچ کەسێک سەوزەی لەو جۆرە ژنانە نەدەکڕی.

هەڵبەت دوای دانووستاندنێکی زۆر کە ئەو ژنانە لەگەڵ حکومەتدا کردیـان بۆ ئەوەی قەناعەت بە دەسـەڵات بهێنن سـەبارەت بە بیرۆکەی"گوندی ژنان"، دوا جار توانیان مۆڵەت بەدەسـت بهێنن. ئەمرۆش لولوسولی، کە تەنیا ژنێکی گوندەکەیە بە ڕەوانی بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکات، ئەرکی پێشوازی کردن لە میوانان و ڕیکلام کردن بۆ گوندەکەیانی بە ئاراستەی هەندەران گرتووەتە ئەستۆ.

ژنانی گوندەکە خشڵ و ملوانکە دروست دەکەن و بە گەشتیارانی دەفرۆشن. لولوسولی دەڵێ "دەبوو هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆمان بدەین ئەگەر نا خۆ هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نەدەهات."

هەڵبەت ئەرکی ژنانی گوندی ئەوموجا ئاسان نییە، وێڕای ئەوەی بە شێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ ماڵی خۆیان لە دنیای پیاوان جودا کردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا پیاوانێک لە گوندەکەی دراوسێی خۆیان جنێویان پێ دەدەن و بەرد بارانیان دەکەن. هەر بۆیە ناچار بوون شـوورەیەکی دڕکاوی بۆ پاراستنی خۆیان لـە و دراوسێیانە، دروست بکەن.







# گەنجان دەڵێن هێشتا زووە بۆ ڕاپکردن

## ڕۆژ کەریم: ڕاپ میوزک نییەو چاولێکەرییە

**کارزان عوسمان**
**ڕووداو-سلێمانی**

سەرەڕای دروستبوونی چەندین گرووپی ڕاپی تایبەت بەگەنجان، بەڵام گەنجانی سلێمانی دەڵێن هێشتا زووە بۆ ئەو هونەرە لە کوردستان.

هونەری (ڕاپ) مێژوویەکی کورتی هەیە لەکوردستان، هەرچەندە ڕەگ و ریشەی ئەم هونەرە لای ئەمریکی و ئەوروپاییەکانە، بەڵام بەو پێیەی هونەرێکی پڕ جوڵەو گەنجانەیە خۆی هاویشتۆتە نێو زۆر گەلانەوە، وەک کورد، عەرەب و فارس.

سامان بەختیار، 18 ساڵ، خوێندکار، هەرچەندە زۆر گوێ لە ڕاپ ناگرێ، بەڵام زۆر سەرسامە بە جلوبەرگی ڕاپەرەکان، بەڵام لەگەڵ تێکستی هەندێک ڕاپ نییە و دەڵێت "هەندێک لە ڕاپەرەکان ئاژاوەچین و جوێن دەدەن و تێکستی توندوتیژ بەکاردەهێنن".

گەنجان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی هونەری ڕاپ هەیە لە کوردستان و هەندێکیان بە شتێکی زووی دەزانن بۆ کوردستان هەندێکیشیان هەر بە پێویستی نازانن. بەمۆ محەممەد، قوناخی نۆی بنەڕەتی تەواو کردووەو خۆی ئامادە کردووە بۆ بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکان. دەڵێت "ئەو گەنجانەی خەریکی ڕاپن باشترە خۆیان سەرقاڵی فێربوونی ئامێرەکانی مۆسیقا بکەن و لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە هونەری کوردی بکەن"، گوتیشی "ئەوان لاسایی ئەوروپییەکان دەکەنەوەو ناتوانن وەک ئەوانیش بن".

(ئەوین) ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن 20 ساڵانە، سەرسامی خۆی بۆ هونەری ڕاپ بەگشتی و ڕاپی کوردی بە تایبەتی نیشانداو گوتی "هەر کاتم هەبێت گوێ لە ڕاپ دەگرم".

بەڵام دالیا جەمال، 21 ساڵ، پێیوایە ئەم هونەرە تازەیە بۆ کوردو، دەبێت هەنگاوی باشتر لەو بارەیەوە هەڵبگیرێت، دالیا دەڵێت "هونەر نابێت وشەی توندی تێدا بەکار بێت، بەڵام ئەمان زۆربەی تێکستەکانیان لەو جۆرەیە". دالیا داوا دەکات بەشێوەیەکی زانستانە کار لەسەر ئەم هونەرە بکرێت و دەڵێت "ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانکارییەک لە هونەری کوردیدا".

هەندێک لە ڕاپەرەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە هونەرەکە بەشێوەیەکی ناشیرین گەیەنراوەتە خەڵک بۆیە خەڵک خۆشییان لە ڕاپەڕەکان نایەت. ئاکام عەدنان، 20 ساڵ، کە سەرۆکی گرووپ ڕاپی (وینجەرس )ە خاوەنی سیدیەکن بە نێوی (کۆنە پەرستی)و لە شەش تراک پێکهاتووە دەڵێت "هونەری ڕاپ بە شێوەیەکی ناشرین گەێندراوەتە خەڵک ئێمە هەوڵدەدەین ڕاپ بەشێوە جوانەکەی بگەێنین".

ئەو ڕاپەرە دان بەوەدادەنێت کە هونەری ڕاپ هێشتا هونەرێکی نوێیە لەنێو کورد، ئەوەشیگوت کە تا ئێستا ڕاپەرەکان لە ناو خۆیاندا تەبا نین "هەر کەسەو خۆی بە مەلیکی ڕاپ دەزانێت".

هونەرمەندانی کورد هونەری ڕاپ ڕەتناکەنەوە، بەڵام دەڵێن گەنجان ئەو هونەرەیان شێواندووە. ژنە مۆسیکژەن نەوژین محەممەد کە گۆرانییەکی حەسەن زیرەکی بەشێوەی ڕاپ ئامادە کردووەتەوە دەڵێت "هونەری ڕاپ لە نێو کوردا تازەیەو بەشێوەیەکی نەزانانە گەیێندراوە". گلەیشی لە گەنجانی ڕاپەر کرد کە پرس و ڕا بە میوزیکژەنەکان ناکەن "نەک ڕاوێژمان پێناکەن، بەڵکو خۆشیان دوای زانیاری ناکەون لەسەر ئەو هونەرە".

هونەرمەند ڕۆژکەریم، پێیوایە ئەوەی گەنج لەبارەی ڕاپەوە دەیکات حاڵەتێکی سایکۆلۆژییە و پێیانوایە ئەوە پێشکەوتنە "بەڵام ئەوە چاولێکەرییە". ڕۆژ گوتیشی "ڕاپ میوزیک نییەو زیاتر ئەوانە پێی سەرقاڵن کە حەزێکی زۆریان بۆ هونەر هەیەو توانای دەنگیان کەمەو ڕاپیان داهێناوە".

ئەو هونەرمەندە ئامادەیی خۆی نیشاندا کە هاوکاری گرووپەکانی ڕاپ بکات "ئەگەر گرووپێک بیەوێت کاریان لەگەڵ بکەم ئامادەم و بەشتێکی جوانی دەزانم". ڕۆژ ئەو هونەرە بە شتێکی تازە دەزانێ لەنێو کورد هەر بۆیە دەڵێت دەشێ گەنجانی ڕاپەر ڕووبەڕوی بەربەست ببنەوە، حەزی گەنج ڕێی پێ ناگیرێت، ڕاپ کردن لە زۆر شتی دیکە باشترە، خۆ هەر نەبێت هاو تەمەنەکانی خۆیان گوێیان لێدەگرن"

> **گەنجێک: هەندێک لە ڕاپەرەکان جوێن دەدەن و تێکستی توندوتیژ بەکاردەهێنن**

# کچان بەناوی خوازراو دەردە دڵ دەکەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ دەربرینی ڕازە پەنگ خواردووەکانی ناخی، دیلانی تەمەن 16 ساڵ، زۆربەی کاتەکانی بەگوێگرتن و بەشداریکردن لەبەرنامە ڕادیۆییەکان بەسەردەبات، بۆیە ئێستا ڕادیۆ بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئەو کچە.

دیلان، کە کچی ماڵەوەیە پێیوایە ڕادیۆ ئاسانترین ڕێگەیە بۆ ئەو کچانەی تا ئێستا نەیانتوانیوە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کوڕێک ببەستن. بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی و ناوی خوازراو "ئەویش لە ترسی کاردانەوەی خێزان و کولتووری کۆمەڵگە"، دیلان گوتیشی "99% ی کچان بە ناوی خوازراو بەشداری لە بەرنامە ڕادیۆییەکان دەکەن".

بەرپرسانی ڕادیۆ لۆکالییەکانی شاری هەولێر ئاماژە بەوە دەدەن ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی هاوڕێیانیان لە زیادبووندایە و زۆربەی ئەوانەی پەیوەندییان پێوە دەکەن و دەبنە هاوڕێی بەرنامەکانیان کچان و ژنانی ماڵەوەن. هەروەها دەڵێن کاتێک لە ماڵەوە کەس گوێ لە کچان ناگرێ، لە ڕێگەی ڕادیۆوە دەردە دڵی خۆیان دەکەن.

ئەڤین، کچێکی 19 ساڵە بە دوو ناوی خوازراو "ئەوین و شاهیناز" بەشداری بەرنامەکان دەکات دەڵێ "بەناوی خوازراو کەس نامناسێتەوە، ئەوەی لە دڵمدایە هەڵیدەڕژم"، گوتیشی "پەیوەندی بە هەر ڕادیۆیەک بکەم بەناوی خوازراو بەشداری دەکەم بۆ ئەوەی کەسوکارم نەمناسنەوەو کێشەم بۆ دروست نەکەن".

نیشتمان تەنیا،22 ساڵ، قوتابی کۆلێژی ئاداب، بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بەشداری زۆربەی بەرنامەکان دەکات، بەڵام دەڵێت زۆربەی کچە هاوڕێکانی لە ترسی کەسوکاریان بەناوی خوازراو بەشداری بەرنامەکان دەکەن. گوتیشی "کچی وا هەیە بە چەند ناوێکی جیاواز پەیوەندی بە ڕادیۆکان دەکات، بۆ ئەوەی زۆرترین پەیوەندی خۆشەویستی هەبێ".

بە بڕوای نیشتیمان بەشێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی کچانی بەشداربووی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەبێتەوە، ئەوەیە کە زۆرجار هەندێک لەکچان زیاد لەپێویست هاوڕێیەتی لەگەڵ کارمەندانی ڕادیۆ و هاوڕێیانی دەبەستن، ئەمەش وادەکات لە کاتی تێکچوونی هەر پەیوەندییەک زۆر ناشارستانیانە ژمارەکانیان بڵاو ببێتەوە "بۆیە دەبێ کارمەندانی ڕادیۆ ژمارەی تەلەفۆنی هاوڕێکانیان بە ئەمانەتەوە بپارێزن".

جگە لەکچان، کوڕانیش بەناوی خوازراو بەشداری دەکەن. سۆران شووشەفرۆش، 23 ساڵ، ماوەی 9 ساڵە لەزۆربەی بەرنامەی ڕادیۆکان وەک هاوڕێیی بەردەوام بەشداری دەکات و پێیوایە هەڵبژاردنی ناوی خوازراو، لەنێوان هاوڕێیانی بەرنامە بووەتە مۆدە و هەندێکیش بە مەبەست وا دەکەن "زۆربەی ئەوانەی بەچەند ناوێکی خوازراو بەشداری لەبەرنامەکان دەکەن تەنیا مەبەستیان ڕابواردن و دروستکردنی پەیوەندییە". سۆران باسی لە سلبیاتی ئەو دیاردەیە کردو گوتی "زۆرجار پەیوەندییەکانیان تێکدەچێ و ژمارە مۆبایلی یەکتری بڵاو دەکەنەوە".

سۆران لەم لایەنەشەوە کارمەندانی ڕادیۆکان بە بەرپرس دەزانێ "چونکە زۆربەی کارمەندەکان دەزانن ئەو هاوڕێیانە بەچەند ناوێک بەشداری دەکەن".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی کوردستان 56 کەناڵی ڕادیۆیی لە کوردستان هەن، کە زۆربەیان سەر بەحیزبەکانن. جگە لەو ڕادیۆیانەی کە ئاراستەی کارکردنیان پتر بەلای سیاسەتە، گوێگریان هەیە، لە هەمانکاتدا ئەو ڕادیۆیانەی گرنگی بە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و گەنجان دەدەن بیسەرێکی زۆریان هەیە.

ڕادیۆی ئاشتی، کە ڕادیۆیەکی لۆکاڵییە لە کۆتایی 1998 دامەزراوە. نەهرۆ عاڵڵایی، بەڕێوەبەری گشتی ڕادیۆی ئاشتی، ئاماژەی بەوەدا زۆربەی هاوڕێکانیان کچ و ژنی ماڵەوەن. هۆکارەکەشی بۆ داخراوی کۆمەڵگە گەڕاندەوەو گوتی "خێزانەکان وەکو پێویست گرنگی بە دابینکردنی ئارەزووی کچان نادەن و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر ناکەن، بۆیە کچان دەیانەوێت لەڕێگەی بەرنامە ڕادیۆییەکان بە ناوی خوازراو حەزو ئارزووە کپ کراوەکانیان بخەنەڕوو".

نەهرۆ نەشیشاردەوە کە ڕادیۆکان بوونەتە پردی خۆشەویستی نێوان کوڕان و کچان "ڕادیۆکان بەگشتی و ڕادیۆی ئاشتی بەتایبەت بووەتە پردی لێکنزیکبوونەوەی هاوڕێیان، تەنانەت هەندێک لە هاوڕێیانی بەرنامە بوونەتە هاوسەری یەکتری".

یوسف عوسمان، پسپۆری دەروونناسی، کە بەرنامەیەکی دەروونی لە ڕادیۆی ئاشتی پێشکەش دەکات، دەڵێت بەشێک لەو کچ و کوڕانەی بەناوی خوازراو بەشداری بەرنامە ڕادیۆییەکان دەکەن لەترسی کەسوکارییانە چونکە ئەگەر ئاشکرا ببن ڕەنگە ڕێگەیان پێنەدرێ بەشداری بکەن. یان هەیە ناوەکەی خۆی بەدڵ نییە و حەز دەکات بەنێوێکی ناسک و مۆزیکی بەشداری بکات.

> **گەنجەکان مەبەستیان ڕابواردن و دروستکردنی پەیوەندییە**
> کوڕێک



> **کچان دەیانەوێت لەڕێگەی بەرنامە ڕادیۆییەکان بە ناوی خوزاراو حەزو ئارزووە کپ کراوەکانیان بخەنەڕوو**
> بەڕێوەبەری ڕادیۆی ئاشتی

> **بەناوی خوازراو کەس نامناسێتەوە، ئەوەی لە دڵمدایە هەڵیدەڕژم**
> کچێک



# کچانی سلێمانی سەمای باڵێ دەکەن

**هێڤی لەتیف**
**ڕووداو-سلێمانی**

ژیلا و ژالیا لوقمان، دوو خوشکی جمکی تەمەن 11 ساڵانن، لە6/2ی ئەمساڵەوە لەگەڵ 6 کیژۆڵەی دیکەدا لەفێرگەی باڵێی سلێمانی دەوامدەکەن، ئەو دوو کیژە لە قوتابخانەی ماکوانی بنەڕەتی تێکەڵن لە سلێمانی، گرووپەکەی ئەوان لەو فێرگەیە بەگرووپی B ناسراوە کە تێکڕا 8 کەسن و زۆربەیان تەمەنیان لەنێوان 10-11ساڵیدایە.

یەکێکی دیکە لەفێرخوازەکانی ئەو گرووپە ناوی مێژە چیایە کە تەمەنی 11ساڵە و لەقوتابخانەی گەشەی بنەڕەتییە لەسلێمانی، ئەو گرووپە بۆ یەکەمجارە لەو فێرگەیەدا دەوامدەکەن و تێکڕایان جەستەیەکی لەباریان هەیە بۆ ئەو سەمایە.

سەمای باڵێ بۆ یەکەمینجارە لەهەرێمی کوردستان بەو شێوەیە برەوی پێبدرێت، هونەری سەمای باڵێ لەساڵی 1567ی زاینی سەریهەڵداوە، وردە وردە ئەم هونەرە پەرەی سەند تا سەرجەم گەلانی دنیای گرتەوەو چەندین فێرگەی باڵێ لەروسیا و ئەمریکاو ئیتالیا و وڵاتە ئەوروپییەکان کرایەوە.

دوای زیاتر لەپێنج سەدە باڵێ دێتە هەرێمی کوردستان و فێرگەی باڵێی سلێمانی یەکەم فێرگەیە کە لە2009/2/21 لەلایەن وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە کرایەوەو بەڕێوەبەری ئەو فێرگەیەش مامۆستا ڕووبار ئەحمەدە، ئەو بەڕێوەبەرە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو فێرگەیە لەتەمەنی 6 ساڵییەوە فێرخواز وەردەگرێت و لە2009/6/2وە دەستی کرد بەیەکەم خولی فێرگەکە ئەمە جگە لەو چەند فێرخوازەی کە لە2009/2/21 وەرگیراون.

لەم خولەدا 3 گرووپ ڕاهێنانیان پێدەکرا، گرووپی یەکەم تەمەنیان لەنێوان 6-8ساڵ بوون و 17 فێرخواز بوون، هەرچی گرووپی Cیە کە ژمارەیان 16 فێرخواز بووەو لە2/21ەوە دەستیان بەڕاهێنان کردووەو لەدوای کردنەوەی خولی ڕاهێنانی 6/2 ئەو فێرخوازانە دەرچوون بۆ گرووپی C.

بەڕێوەبەری فێرگەکە دەڵێت لەدوای ئەو خولە 3مانگییە ئەم فێرخوازانە دەتوانن بەردەوام بن لەخوێندن لەو فێرگەیەو ڕۆژانە خوێندنی تیۆری و پراکتیکی سەمای باڵێ دەکەن وێڕای خوێندنی ئاسایی خۆیان، فێرخواز دوای 12 ساڵ خوێندن لەو فێرگەیە دەبێتە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم لەهونەری باڵێ دا و دواتر ئازادە درێژە بەخوێندن بدات لەو هونەرە، یان کار بەبڕوانامەکەی بکات .

بەڕێوەبەری ئەو فێرگەیە ئاماژە بەوەدەدات کە مەرجەکانی وەرگرتن تەنیا تەمەن نییە، بەڵکو لەڕووی جەستەییەوە دەبێ جەستەی خوێندکار لەبار بێت و لەڕووی تەندروستیش گرفتی نەبێ. ڕووبار ئەحمەد ڕوونیکردەوە پرۆگرامی فێرگە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە پشت بەخوێندنگا بەناوبانگەکانی هونەری باڵێی ڕووسی، فەرەنسی، ئیتالیی و ئەمریکی دەبەستێت.

لەدوای نزیکەی 3 مانگ لەڕاهێنان بەشێکی زۆری ئەو فێرخوازانە ڕۆژانی 18و2009/8/19 لەهۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی، ئەم فێرگەیە یەکەم فێستیڤاڵی ساڵانەی هونەری باڵێیان ڕێکخست. لەو فێستیڤاڵەدا مامۆستا ڕووبار بەڕێوەبەری فێرگەکە باسی لەوەکرد کە لەڕووی ئەکادیمییەوە پێویستبوو فێرگەکەیان تا 3 ساڵی دیکە هیچ بەرهەم و نمایشێکی نەبێت "بەڵام بەپێویستمانزانی ئەم توانستەی ئەم فێرخوازانە نمایش بکرێن". لەو دوو ئێوارەیەدا بەهەرسێ گرووپەکەی فێرگەی باڵێی سلێمانی چوار بەرهەمیان پێشکەشکرد ئەوانیش سەمای زەردەخەنە، نامەیەک بۆ دایکم، خۆشەویستی و دواتریش پێکەوە سەمای جوانی.



**مەرجەکانی وەرگرتن تەنیا تەمەن نییە، بەڵکو دەبێ جەستەی خوێندکار لەبار بێت**
بەڕێوەبەری فێرگەی باڵێی سلێمانی

## مانگانە یەک ملیۆن دۆلار وەردەگرێ

# خەڵک و شارەوانی لە کۆمپانیای جەنائین ناڕازین

**عیسا عەبدولقەهار**
**ڕووداو- هەولێر**

هاووڵاتیان گلەییان لە کارەکانی کۆمپانیای جەنائین هەیە، کە ماوەی 18مانگە پاککردنەوەی شاری هەولێری بە کۆنتراکتێکی مانگانەی یەک ملیۆن دۆلار لە حکومەت وەرگرتووە، سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی کارەکانی کۆمپانیای جەنائین لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێریش دەڵێ"چەندین جار ئەو کۆمپانیایەمان سزا داوە"، بەڵام راوێژکارێکی ئەو کۆمپانیایە دەڵێ" هەولێر لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان پاکترە".

سەرکەوت مەجید، 30 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر گلەیی لە کۆمپانیای جەنائین هەیە کە بەباشی زبڵ و پاشماوەی ماڵەکانی گەڕەکەکەیان فڕێ نادات "لە ماوەی یەک هەفتەدا تەنیا دووجار گەڕەکەکەمان پاکدەکەنەوە".

ئەو هاووڵاتییە لە کۆڵانی ژمارە103ی گەڕەکی ئیسکانە. چەند زبڵدانێک لە پێش ماڵەکانی ئەو گەڕەکە دەبینران، سەرکەوت گوتی "بە دڵنیاییەوە کرێکاران هەموو کۆڵانێک پاک ناکەنەوە". بەڵام دڵدار عەبدولقادر، دانیشتووی گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر، کە ماڵەکەی نزیکە لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، دەڵێ "تا رادەیەک گەڕەکەکەمان پاکدەکەنەوە، بەزەیم بە کرێکارەکاندا دێتەوە، بەڵام وەک پێویست کار ناکەن".

پاککردنەوەی گەڕەک و کۆڵانەکانی ناو شاری هەولێر لەلایەن کۆمپانیای جەنائینەوە، کە کۆمپانیایەکی خۆماڵییەو بارەگای سەرەکی لە عەنکاوەیە، جێبەجێ دەکرێ. سەعید ئیسماعیل راوێژکاری کۆمپانیای جەنائین، دەڵێ "راست نییە کە دەڵێن هەولێر پیسە، ئێمە رۆژانە گەڕەکەکانی ناو هەولێر پاک دەکەینەوە، بەڵام هاووڵاتیان شتەکان گەورە دەکەن، کە دەڵێن گەڕەکەکانیان پاک ناکرێتەوە، هیچ شارێک وەک هەولێر پاک نییە".

ئەو راوێژکارە دەڵێ هەندێک جار ناتوانن بە باشی کارەکانیان بکەن "چونکە هەندێک جار ئۆتومبێلەکانمان دەشکێن، لەوانەیە جاری وا دەبێ

> **هەولێر لە هەموو شارەکان پاکترە**
> کۆمپانیای جەنائین

یەک رۆژ ئۆتۆمبێلەکانمان نەچووبن بۆ پاککردنەوەی گەڕەکێک، خەڵک دەڵێ هەفتەیەکە زبڵمان فڕێ نەدراوە، بەڵام ئێمە چەند نووسینگەیەکمان هەیە، هەر هاووڵاتییەک گلەیی هەبێ، دەتوانێ تەلەفۆنمان بۆ بکات".

ماوەی 3 ساڵە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای جەنائین کراوە، بۆ پاککردنەوەی شاری هەولێر، بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیای ناوبراو مانگانە یەک ملیۆن دۆلار لەشارەوانی هەولێر وەردەگرێ، بەڵام لێژنەیەکی تایبەت، لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر کە بەدواداچوون بۆ کارەکانی ئەو کۆمپانیایە دەکات، لە کارەکانی کۆمپانیای جەنائین رازی نییە.

ئەندازیار کاروان جەبار، سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی کۆمپانیای جەنائین، لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، دەڵێ "چونکە کارەکانیان بە باشی ئەنجام نادەن، بۆیە ئێمە چەندین جار ئەو کۆمپانیایەمان سزا داوە، هەندێک جار بڕی ئەو پارەیەی کە پێی سزا دراوە گەیشتووەتە 100 هەزار دۆلار".

ئێستا شارەوانی هەولێر بەسەر 6 بەشدا دابەشکراوە، کە هەر بەشێکی چاودێری چەند گەڕەکێک شدەکات، ئەندازیار کاروان، گوتی"ئێمە لە هەر بەشێکی شارەوانی چاودێرێکمان داناوە، ئەو چاودێرانە وێنەی ئەو شوێنانە دەگرن، کە لەلایەن کۆمپانیای جەنائینەوە پاکنەکراوەتەوە، ئێمەش بەگوێرەی وێنەکان سزای کۆمپانیا دەدەین".

هەرچەندە راوێژکارەکەی کۆمپانیای جەنائین دەڵێ "رۆژانە دووجار بازاڕی هەولێر پاک دەکەنەوە"، بەڵام پاشماوەی دوکاندار و چێشتخانەکان لەو بازاڕە دەبینران، سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی کارەکانی کۆمپانیای جەنائین لەو بارەوە دەڵێ "ئێمە لەسەر پاک نەکردنەوەی بازاری هەولێر، سزای کۆمپانیامان داوە، لەهەمانکاتدا مانگانە زیاتر لە 10 چێشتخانە سزا دەدەین، چونکە پاشماوەکانیان فڕێدەدەن و زبڵدان دانانێن".

کۆمپانیای جەنائین، کە ماوەی زیاتر لە 16 ساڵە دامەزراوە، رۆژانە 1300 کارمەندی ئەو کۆمپانیایە سنووری شارەوانی هەولێر پاکدەنەوە، بەڵام بەهۆی کەمی کارمەند هەندێکجار تووشی گرفت دەبن. سەعید ئیسماعیل راوێژکاری کۆمپانیای جەنائین، دەڵێ "هەموو کەس ئەو کارە ناکات و پێیان شەرمە".





## مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران زۆر زۆرە

رای شەقام

**ئازاد عەبدولکەریم، کە مامۆستای قۆناخی ناوەندییە لەسلێمانی، پێی باشە هەموو ئەندامانی خولی رابردووی پەرلەمان خانەنشین بکرێن، ئەو موچەیەشی پێ زۆرە کە دوای خانەنشینی دەیاندرێتێ.**

**ڕووداو-سلێمانی**

**ڕووداو: پێت باشبوو هەموو پەرلەمانتارانی خولی دووەم خانەنشین بکرێن؟**

**ئازاد:** بەڵێ، بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بێنە پێشەوەو ئەزمونی خۆیان تاقی بکەنەوە.

**ڕووداو: ئایا ئەو پەرلەمانتارانە تاچەند ئازابوون لەرەخنەگرتن لەحکومەت؟**

**ئازاد:** بەداخەوە شتێکی وام لێنەبینین، ئازا نەبوون.

**ڕووداو: هەر پەرلەمانتارێک بە مووچەی 5 ملیۆن دینار خانەنشین دەکرێت، پێت چۆنە؟**

**ئازاد:** پارەیەکی زۆر زۆرە، بەراستی هەق نییە ئەو پارە زۆرەیان بدرێتێ.



## نرخی کەلوپەل لە رەمەزان زۆر گران بووە

**هیمداد ئیسماعیل، 29ساڵ، پێشمەرگە، لەبەردەم بازاڕی نیشتیمانی هەولێر دەستەیەک مێلکەو چەند عەلاگەیەک خواردنی پێبوو، ئەوگوتی "نرخی شتەکان زۆر گران بووە".**

**ڕووداو-هەولێر**

**ڕووداو: ئەمڕۆ لە بازاڕ نرخی شتەکان هیچ گۆڕابوو؟**

**هیمداد:** بەڵێ، نرخی کەلوپەل زۆر گران بووە.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**هیمداد:** چونکە چاودێری نییە، خەڵکیش ناچارە شت بکڕێت، چونکە کە بە رۆژوو بیت حەزت دەچێتە هەموو شتێک.

**ڕووداو: لە هەندێک وڵات لە رەمەزان نرخەکان دادەبەزێت، بەڵام لە کوردستان پێچەوانەیە، بۆ؟**

**هیمداد:** ئەوە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، چونکە هەموو بازرگانییەکە لەدەستی حکومەتە. ئەگەر چاودێری هەبێ شت هەرزان دەبێ.

# مەلا نەزان و دوازدە جەهلەکان!

**جەعفەر گوانی**

بەو چەند خاڵەی خوارەوە تێبینیەکانم لەسەر قسەکانی گۆران محەمەد دەردەبڕم:

1- کاتێک گۆران دەڵێت: مزگەوتی کوردی تیرۆریستی زۆر و خوێندەواری کەمی بەرهەمێناوە، ویستم بزانم (زۆر) و (کەم) مانای چییە؟، ئەگەر ژمارەی خوێندەوارانی مزگەوت کەم بن، کە بە هەزاران هەژمار دەکرێن، دەبێ تیرۆریستان چەند هێندە بن، وەڵێ روونی نەکردووەتەوە، چونکە ئەگەر هەموو جوند وئەنسارەکانی کوردستان بژمێرێت، ناگاتە نیوەی خوێندەوارەکانی مزگەوت، ئەگەر مەبەستیشی هەموو ئەهلی مزگەوتە، ئەو کاتیش دەبێ فاتیحا بۆ ئەو وڵاتە لێبدەین، ئەگەر مەبەستیشی ئیسلامیەکانن، ئەوا دەبێ حکومەتی ئێمە هاوکاری تیرۆریزم بێت، چونکە وەزارەت و پەرلەمان دەدەنە ئیسلامیەکان، ئەگەر مەبەستیشی (مەلایەکان) بێت، ئەو کاتی دەبێ هەموو ئەوانەی لە حوجرە دەرچوونە وشەی (مەلا و شێخ و قازیان) بۆ داندراوە تیرۆریست بن، ئەو کاتیش مانای وایە، ئەو وڵاتە بە تیرۆریزم بنیاتنراوە، ئەگەر مەبەستیشی مزگەوت بێت، هەر خوا پەنامان بدات، کەواتە حکومەتی کوردستان تیرۆریزم پەروەردە دەکات، گۆران لەوانەیە باش لەوە تێگەییتشبێت، هەر لەبەر ئەوە هیچ مانایەکی بۆ ئەو وشەیە لێک نەداوەتەوە و وەڵامی پرسیارەکانی منی نەداوەتەوە، ئێستاش چاوەڕوانی ئەو (زۆر)ەم، کە لە ژمارەی خوێندەوارانی مزگەوت پترن.

2- لە وەڵامی مندا گۆران دەیەوێ خۆی بکاتە خاوەنی بارزانی و نالی و قازی و...، ئەوەی عەنتیکەیە، لە نووسینی یەکەمی کاتێک باسی تاکە کەسێکی عوسمانی دەکات، کە لە مزگەوت فێری وێنەکێشان بوو بێت، لێرەدا هاتووە لە مزگەوتی کوردستان کەسێکی دەستنەکەوتووە بلێ: لە کوردستانیش کەسانی وامان پەیدا بوون، کە شانازیان پێوە بکرێت و، بەرامبەر ئەو کەسە دەستنیشان بکرێت، بەڵکو ئەوبە شێوەیەکی گشتی نموونەیەک بەرامبەر هەموو کوردانی مزگەوتی کوردی دەهێنێتەوە، کەواتە لە هزر و فەرهەنگی ئەودا نە (نالی و، مەحوی و، مەولەوی و...) نە (قازی و پیرانی و بارزانی و...) ئەو کەسانە نین، کە لە مزگەوت فێری شتێک بووبن، کە شیاوی باسکردن بێت، هەقی خۆشیە وا بزانێت، چونکە نووسەری کورد لە مێژوودا لە رێگای شیعر و پەخشان و نووسینەکانیدا خۆشەویستی و رێز و گەورەیی بڵاودەکردەوە، ئەو نووسەرە (بازاڕیانەش) گەورەیی خۆیان لە جوێندان بە (مەلا و شێخ و فەقێ و ئەهلی مزگەوت) دەبیننەوە، لەوەشدا بەو بەرێزە دەڵێم: تۆ ئێستا دیفاع لە نالی و ئەو کەڵە شاعیرانە دەکەی، چونکە دەزانی چەندە هەڵە بووی، کە بە رەهایی باسی مزگەوتت کرد، بەڵام لە بیرت نەچێت لە ژمارەی پێشتر نەک حەزرەتی نالی، بەڵکو تاکە کەسێکی کوردت لە مزگەوت نەدیتەوە شیاوی باسکردن بێت وەک عوسمانیەک.سەبارەت بەوەش کە: (مەلای کورد بۆی نییە خۆی بە قازی و شێخ و پیرانی و بارزانی بەراورد بکات)، دەڵێم: دەزانی لەو سەردەمەی عوسمانیەکانەوە ئەوانە هەبوون و، یان دوای ئەوان، بەڵام تۆ بە قابیلی ئەوەت نەزانیون.

3- ئەو برادەرە دەپرسێت: رۆڵی فەقێ و مەلایان لە پێشکەوتنی کوردستان چییە؟ بۆئەوەش دەڵێم: ئەگەر (ڕووداو) بیەوێت، بە ژمارە و داتا باسی سەروەریەکانی مەلای کورد لەدوای راپەڕینەوەی بۆ ریز دەکەم، جا ئەگەر پێشکەوتنی کوردستان جوێندان و تەشهیرکردن و قسە ریزکردن بێت، بێگومان مەلا و فەقێی کوردستان هیچ رۆڵیان نەبووە و ناشیان بێت، ئەگەر مەبەستیش کرانەوە و وشیاری جەماوەر و داهێنان و هەڵبژاردن و سەتەلایت و ئینتەرنێت و دەرچوونی گۆڤار و رۆژنامە و ئازادی رادەربڕین و مافەکانی ئافرەتان و.. هەموو ئەو شتانە بێت، ئەوا دەبێ جەنابتان بزانن کرانەوەی قفڵی هەموو ئەوانە پاراستنی ئەمن و ئاساییشە، لەوەشدا بە شانازییەوە، مزگەوت رۆڵی سەرەکی هەبووە لە هاوکاری ئاساییش و دەزگا ئەمینەکان، ئەوەش بە شاهیدی هەموو خەمخۆرانی کوردستان، ئەوەش بەبەڵگەنامەوە، هەم سوپاسنامەکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ وتاربێژان و، هەم گەواهیدانی ئەمریکی و شارەزایان، بۆ رۆڵی ئێستاکەی زانایانی ئایینیش دەتوانی لە (کۆمسیۆنی باڵا و، وەزارەتی تەندروستی و، وەزارەتی ژینگە و، وەزارەتی ئاو و، کۆمەڵایەتی و، کاروباری ئافرەتان و...)، تەواوی ئەوانە بپرسی، لەبەر ئەوەی ئەوانە لە نزیکەوە ئاگادارن، ئەو جارە دەزانی رۆڵی زانایانی ئایینی لە پێشکەوتنی کوردستان چییە، لەوەشدا هەمووی بە بەڵگە و دیکۆمێنت پارێزراوە.



ڕووداو
گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com
مەلای دوازدە جەهل*
ئەم پەرەگرافەی یەکەمم بۆ خوێنەری هۆشیار و ئاگەدار نییە، رووی دەمم لە (مەلا جەعفەر گوانی)یە کە تا ئێستا نازانێ خەلیفەکانی ئەو ئایینەی ئەو مەلایەتی،کێن.هەرچەندە بەدەستهێنانی ئەم زانیارییانە هەندێ کاتی لێگرتم، بەڵام

4- چەند پرسیارێکیش، حەز دەکەم وردتر بیانزانم، بۆ ئەوەی بزانی وشە نرخی خۆی هەیە، نەک گاڵتەی (بازاڕی!)، دەپرسم: جیاوازی نێوان (کەم) و (زۆر) چییە؟، بۆچی نووسیوتە: مزگەوتی کوردی، نەت نووسیووە: مزگەوتەکانی کوردستان، یان مزگەوتەکانی ناو کوردستان، بە وردتر بۆچی سیفەتی کوردانەت داوەتە پاڵ مزگەوت؟.

5- سەبارەت بەوەی دەبێ شتێکم لە یەککگرتوو و کۆمەڵ وەرگرتبێت، بۆیە دیفاعیان لێبکەم، لەوەشدا وەک دەروونناسان دەڵێن: ئەوە رەنگدانەوەی ئەو حاڵەتە دەروونیەیە، کە لە ناخی ئێوەدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئێوە کاتێک دیفاع لەلایەک بکەن، دەبێ شتتان لێی وەرگرتبێت، کێ شتێکتان بۆ فڕێ بدات، بۆی دەڵێن و بە شان و باڵی هەڵدەڵێن، ئەوەی من تەنها ئەوەیە بڵێم: دەبێ مرۆڤ نووسینی بۆ خزمەت بێت، نەک هەر کێشە نانەوە، تا پارتی و یەکێتی دژی یەک بوون دەیاننوسی ئەوانە بۆ یەکناگرنەوە، کە یەک دەگرنەوە دەنووسن کوردستان دابەش دەکەن، ئیسلامیش تا تەنها بوون دەیانگووت: پێکەوەژیان قبوڵ ناکەن، کە لەگەڵ عەلمانی دادەبەزن دەڵێن: فەرقیان چییە. من گەورەتر لە تۆ تەماشای وڵاتەکەم دەکەم، یەکەمین هیوایەتی من قوڵبوونەوەی گیانی برایەتی و خۆشەویستییە لە ناو تاکەکانی کورد، هیوایەتم ئەوەیە قەڵەمی نووسەر و رۆشنبیری کورد هەمیشە بۆ قووڵکردنەوەی ئەو لایەنە بێت و، بە سووک و کەمیش تەماشای کەسی کورد نەکات.

6- سەبارەت بەجنێودان و سووکایەتیکردن بە نووسەری ئەو بابەتە و مەلایانی کوردستان، ئەوە بەلای منەوە ئاسایی بوو، چونکە کەسێک شانازی بەوە بکات، کە (لە ژیاندا نوێژێکی نەکردبێت)، هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، چونکە: (پێموایە، ناتوانم قەناعەتیش بکەم، کە دین و نیشتیمان لێک جیاوازن، ئەوەی کە نیشتیمانی خۆش نەوێت دینیشی زەعیفە، ئەوەی دینی نەبێ و، بڕوای نەبێ بە خوا، جێگای ئیتمیئنانیش نابێت، ناتوانێ خزمەتی نیشتیمانی خۆشی بکات، ئەوانە دوو شتی پێکەوە موتەعەلیقن نابێ لێک جیابکرێنەوە) (*).

7- سەبارەت بەوەش کە من حەزم دەکرد هەڵە بم، ئەوەشی لە نیوەی بڕیوە، ئێستاش دەڵێم: خۆزگە من هەڵە تێگەییشتبام، نەک وەک ئێستا دڵنیابام، کە تۆ کەسێکی وا سەرگەردان و، تێکەڵکەری.

8- سەبارەت بە (مەلای دوازدە جەهل) من بۆ خۆم هیچ قەڵس نەبوومە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە دەناسم، بەڵام دەبێ ئەوەش روون بکەینەوە، کە مەبەست لە دوازدە جەهل، ئەو دوازدە عیلمەیە، کە مەلایانی کوردی پێناسرا بوون، وەک (تەفسیری قورئانی پیرۆز، فەموودەکانی پێغەمبەر، فیقهی ئیسلامی...)، بەمەش پێموایە ئەو برادەرە هەموو سنوورێکی بەها پیرۆزەکانی بەزاندوون و، ئەو پەڕی سووکایەتیکردنە بە تەواوی موسڵمانانی جیهان و کوردستان، ئەو قسەیەشی، کە دەڵێت: (سیفەتێک کە زۆر مەلای کورد هەیبێت نەزانییە)، دیارە ئەو سیفەتەی، هەرە زۆری مەلایانی کورد هەیەتی، قورئانخوێنی و شارەزایی لە قورئانە، ئیدی بەبێ هیچ گوێدانە ئەملا و ئەولا، سووکایەتی بە تەواوی مەلا و زانایانی ئایینی کوردستان دەکات، ئەو جارەش کە وشەی زۆری بۆ داناون، لە ترسی قسەکانی پێشترە، ئەگینا لەوەشدا هیچی نەدەگووت.

9- سەبارەت بە دوا خەلیفەی عوسمانیەکانیش، کە ئەو دیارە زۆر ماندوو بووە، تا ئەو زانیاریانەی دەستکەوتوون، لەوەش دڵخۆش بووم، چونکە مرۆڤی ئیماندار وەک بارانە بە هەر شوێنێک کەوێت سوود دەگەیەنێت، دیارە بەهۆی منەوە سوودی ئەوەی بینیوە زەحمەت بکێشێت و، بەدوای (زانیاری) بگەڕێت، سەبارەت بە ناوەکەش، من یەکەمجار دەمزانی ئەو وا بە هەڵە دەچێتەوە، بۆیە ناوی رەشادم لە دوای ناوی عەبدولحەمید نووسی، تا بزانێت، لە دوای عەبدولحەمیدی دووەم، کەسانی دیکە وەک خەلیفە دانراون، بەڵام خەلیفە نەبوون، بەڵکو تەنها کارتۆنێک بوون، لە بندەستی مستەفا کەمالی دامەزرێنەری عەلمانیەت، خیلافەتی عوسمانی لەگەڵ عەبدولحەمیدی دووەم کۆتایی پێهات، ناوی رەشادیشم نووسی، تا نەکەوێتە ئەو هەڵەیە، ئەگینا بەبێ ئەوەی وەک جەنابت ماندوو ببم، هەر بەخۆم لە کتێبێکی خۆمدا بەناوی (نحو فکر وسطي بين الإسلام والعلمانية)، لە لاپەڕە/ 79، نووسیومە: "لە (3/ ئاداری/ 1924)ی زایینی خەلیفە عەبدولمەجیدی کوڕی عەبدولعەزیز دەرکرا و، بۆ شاری (نیس)ی باشووری فەرەنسایان گواستەوە، تا لەوێ بژیت". بەڵام ئایا ئەوە خەلیفەی عوسمانی بوو، ئایا هیچ دەسەڵاتی هەبوو، مێژوونووسان دەڵێن: پیاوێکی خواناس بوو، تەنها دەچووە مزگەوت و، خەڵکیش لەبەر خانەوادەیان خۆشیان دەویست و، دەچوون لەلای دادەنیشتن و، ئەتاتورکی باوکی عەلمانیەتی رۆژهەڵاتیش بۆ چاوبەستنی خەڵک هێشتبوویەوە، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ ئەو کتێبەی من، کەواتە پێویستم بەو زانیارییەی تۆ نەبوو، بەڵام چ بکەم، ئەوەش هەر بازاڕیانە تێگەییشتی.

**(*) ئەو قسەیە هی جەنابی سەرۆک بارزانییە، کە لە دیداری زانایانی ئایینی لە 2009 باسی کرد. دەقی وتەکەش بە ئارمی تەلەفزیۆنی زاگرۆس لای من پارێزراوە.**

cefergwani@gmail.com

# دیار خۆی نەکوشتووە



مەرگ لە تاراوگە
گەنجێکی هەولێری بە مردوویی لە ماڵەکەیدا لە ئەمستەردام دەدۆزرێتەوە
لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەریدەخەن کە خۆی نەکوشتووە

**دەربارەی هەواڵێکی بڵاوکراوە لە ژمارەی رابردوومانداهاونیشتیمانیەکی دانیشتووی هۆڵەندا پەیوەندیی بە نووسینگەی ئەورووپای (ڕووداو)ەوەکرد بە مەبەستی راستکردنەوەی هەواڵەکە. (ڕووداو) وەک ئەرکێکی رۆژنامەڤانی روونکردنەوەکە بڵاو دەکاتەوە:**

"لە ژمارەی رابردووی هەفتەنامەی (ڕووداو) دا هەواڵێک دەربارەی خوارزایەکی من بە ناوی (دیار زاهیر حامد) بڵاوکرابووەوە کە بە داخەوە چەند هەفتە بەر لە ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا کۆچی دوایی کرد. لەبەر ئەوەی هەندێک ناراستی لە هەواڵەکەدا بوون، دەمەوێ لێرەدا چەند راستییەک بخەمە روو:

- لە هەواڵەکەدا نووسراوە کە خاڵی ئەو گەنجە لە لایەن بەرپرسێکی کوردی شاری ئەمستەردامەوە پەیوەندیی پێوەکراوە بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات بۆ لێکۆڵینەوە و رێکخستنی رێورەسمی ناردنەوەی تەرمەکەی بۆ کوردستان، بەڵام خاڵی لە بەر "ناشارەزایی" نەیتوانیوە هاوکاریی بکات. لە راستیدا مەبەست لە خاڵی ئەو گەنجە منم و منیش هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری رەوشەکە بووم و لەگەڵ خزمانی دیکەدا هەوڵی ئەوەمان داوە کە کارەکان رێکبخەین. ئەو بەرپرسە کوردەی کە ئەو لێدوانەی داوە تەنیا وەکو هاوکارێک هاتووە کارئاسانیمان بۆ بکات و ئەو شتانەی لە هەواڵەکەدا گوتوونی راست نین.

- بە داخەوە وا پیشاندراوە کە خوارزاکەی ئێمە لە هۆڵەندا کەسی نییە. لە کاتێکدا ئەوە راست نییە و ئێمە هەموو کەسوکاری دیاری جوانەمەرگ بە یەکەوە لەسەرەتاوە سەرقاڵی ئەو پرسە بووین. بەڵام نەمانویستووە جارێ هەواڵەکە بگاتەوە کوردستان، تاکو تەرمەکەی دەڕواتەوە. ئەوەیش لەبەر دایکی دیار بووە.

- بۆ هەموو لایەکی دووپات دەکەینەوە کە خوارزاکەی ئێمە بە مردنی ئاسایی کۆچی دوایی کردووە و ئەوەی کە گوتراوە کە خۆی کوشتبێت یان هەر شتێکی تر هیچی راست نییە.

- راستتر بوو (ڕووداو) لەوبارەیەوە رای ئێمەیشی وەربگرتایە بۆ دڵنیابوون لە راستیی مەسەلەکە. بە داخەوە ئەوە نەکراوە و زۆر لەوانەی ئێمە و خێزانەکەمان دەناسن بە هەڵە تێگەیشتوون.

**عیماد خالد**
**خاڵی خوالێخۆشبوو دیار زاهیر حامد**
**2009/8/18 ئەمستەردام**

## کەس منی ئاگادار نەکردووەتەوە

لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (73)ی ڕووداو راپۆرتێک بڵاوکرایەوە بەناونیشانی (ڕووداو ناوی باڵیوزە تازەکانی کورد ئاشکرا دەکات) ناوی من هاتووە بۆ ئەو کەسانەی کە لە لایەن پارتیەوە دەستنیشانکراون بۆ پۆستی باڵیۆزی عێراق لە وڵاتانی جیهان، من بەش بەحاڵی خۆم ئەم هەواڵە رەتدەکەمەوە و هیچ لایەنێکی سیاسی و حکومی ئاگاداری منی نەکردووە بۆ ئەم پۆستە.

**لەگەڵ رێزماندا**

**رزگار نووری شاوەیس**

## بێ مەبەست بوو

لە راپۆرتێکی ژمارەی رابردووی (ڕووداو)دا، لە جیاتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان نووسراوە حیزبەکەی غەفوور مەخمووری کە بووەتە جێی دڵگرانی هاوڕێی بەڕێزمان کاک غەفوور، ئێمە بەڕێزی دڵنیادەکەینەوە کە هیچ مەبەستێک لە پشت ئەو دەستەواژەیە نییە بۆیە ئەو روونکردنەوەیەمان بە پێویست زانی.

**ڕووداو**

## پرسە نامە

پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هاوکارمان هاوار عەبدولرەزاق دەکەین بەبۆنەی کۆچی دوایی مامی باوکییەوە، هیوادارین دوا ناخۆشی بنەماڵەکەیان بێت.

**ڕووداو**

# هەمەجۆر

## ڤیا خەریکی پۆپە



ڕووداو - هەولێر
کچە گۆرانیبێژ ڤیا نوورانی، لەدوای کلیپکردنی گۆرانی (مەڕۆ مەڕۆ) ئێستا لەگەڵ ژمارەیەک گۆرانیبێژێکی دیکە خەریکی تۆمارکردنی چەند گۆرانییەکە، لەوبارەیەوە بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند " بۆ ئەو گۆرانییانە ئامادەکارییەکی زۆرم بۆ کردوون و یەکێک لە گۆرانییەکانم بەشێوەی جیاواز و بە پۆپ گوتووەو کەمێک خێرایە".

# دەریا: خۆشمدەوێ و بیری دەکەم



**موحسین یاسین**
**ڕووداو- سلێمانی**

کچە گۆرانیبێژ دەریا خالید کە ئێستا سەرقاڵی دوایین بەرهەمی خۆیەتی بەنێوی (قەدەر)، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە نمایشکردنی لەشی ئافرەت لەکلیپەکاندا بازرگانیکردنە بە ژن و گوتیشی " ئەوە وایکردووە ژن وەکو کاڵایەک سەیری بکرێ نەک وەکو هونەرمەندێکی سەرکەوتوو، ئەمەش دوورە لەهەموو جۆرە بەهایەکی ئەخلاقی مرۆڤ".

دەریا خالید لەساڵی 1985 لەسلێمانی لەدایکبووەو سەرەتای کاری هونەری بۆ تەمەنی 12 ساڵی دەگەڕێتەوە، تاکو ئێستا خاوەنی 6 گۆرانییە کە 5 یان کلیپکراون، ناوبراو لەساڵی 2004ەوە کوردستانی بەرەو ئەڵمانیا بەجێهێشت. ئەو کچە گۆرانیبێژە کە حەزی لە خواردنی پەردەپڵاوە لەوەرزشیش، ڕاکردن و مەلەوانی دەکات، بۆ (ڕووداو) دەڵێ "منیش وەکو هەر کەسێک لەدەرگای دڵیان داوم"، ئەو کە لەزۆربەی کلیپەکانیدا بەخەمباری دەردەکەوێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنیتەوە کە خۆی توانای ڕۆڵ بینینی لاوازە "بۆیە پێموایە ئەو شێوازەی گوتن و ئاوازانەش زیاتر بە خەمبارم دەردەخەن".

لەبارەی ئەوەی کە ئافرەتی هونەرمەند پێویستی بەوە هەیە جەستەی خۆی نمایش بکات بۆ سەرکەوتنی هونەرەکەی، لەگەڵ ئەوەی گوتی بەوشێوەیە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، دەڵێ "ئینسان زۆر لەوە گەورەترە کە نەک بۆ کاری هونەری بەڵکو بۆ هەر کارێکی دیکە جەستەی خۆی بەکار بێنێت، ئەو کاتە سەرکەوتووە کە کارەکەی بەحەز و ئارەزو و هەست و ئیحساسەوە بکات". نمایشکردنی لەشی ئافرەتانیشی لە کلیپەکاندا بە جۆرێک لەبازرگانیکردن بە ژن وەسفکرد و گوتی "ئەوە وایکردووە کە ژن وەکو کاڵایەک سەیری بکرێ نەک وەکو هونەرمەندێکی سەرکەوتوو، ئەوە جۆرێکە لە گەرمکردنی بازاڕی بازرگانی کردن بە ژن کە ئەمەش دوورە لەهەموو جۆرە بەهایەکی ئەخلاقی مرۆڤ".

دەریا جوانی ڕووخسار بۆ ئافرەتی هونەرمەند زۆر بەگرنگ نازانێ و دەڵێ "جوانی ڕێژەییە، جوانی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئینساندا بەدی دەکرێ نەک لە ڕووخسار".

ئەو کە بورجەکەی (دووانە)یەو ڕقی لە درۆ و کەسی دوودەموچاوە، لەبارەی ئەوە دڵی ئەشکی بۆ کێ تێدایە، گوتی "بۆ ئەنفالەکان، بۆ هەڵەبجەی شەهید، بۆ شەهیدە سەربەرزەکانمان کە ئەو ئازادییەی ئێستایان بۆ بەدەست هێناوین". ئەو ئێستا ئەو شارەی تێدا لەدایکبووە لەبیر نەچووەتەوەو بیری دەکات و دەڵێ "بێگومان شارەکەمم خۆش دەوێ و بیری دەکەم".

# سابووری ئۆتۆمبێلەکەشی لەسەر دانا

**نەوزاد چارلس**
**ڕووداو-هەولێر**



هونەرمەند ئیسماعیل سابووری، بۆ (ڕووداو) باسی لەوەکرد کە ئێستا دەیەوێت دەست بەکاری بەرهەمەکەی بکاتەوە کە ماوەی نزیکەی دوو ساڵە سەرقاڵیەتی و ئۆتۆمبێلەکەشی لەسەر دانابوو. بەرهەمەکەی سابووری لە 11 گۆرانی پێکدێت و هۆنراوەی گۆرانییەکان لەلایەن (سەلام مستەفا و عەبدولرەحمان بێلاف و حەمەی پاقژ) دانراون، کاری ئاوازەکانیش لەلایەن خۆیەوە کراوەو سەید ئەحمەد ڕەواندزیش کاری دابەشکردنی موزیکی بۆکردووە.

سابووری هۆکاری دواکەوتنی بەرهەمەکەی گەڕاندەوە بۆ خراپی بارودۆخی خۆی و بۆ (ڕووداو) گوتی "لەگەڵ دەستپێکردنی بەرهەمەکەم ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشت، بەڵام هەر نەمتوانی کارەکانی ئەلبوومەکەم تەواو بکەم، چونکە خەرجییەکی زیاتری دەوێت".



# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

بوونی پەیوەندییەکی باش و پتەو لەگەڵ هاورێکاندا بۆ داهاتوو گرنگی خۆی دەبێت، هەست دەکەن چەندین لایەنی گرنگ هەیە لە ژیان کە دەتوانن هاوکاریتان بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانتان.

### گا
Apr 20–May 20

لەگەڵ هەوڵی زۆرتان بۆ دەسکەوتەکان بەڵام زۆرێکی پارەو دەرامەتەکانیش پێویستییەکانتان پڕ دەکەنەوە بۆیە دەشێ هەندێکتان بکەونە ژێر پەستانی دەرامەت، هەرکارێکی خوێندن و خوێندنەوە هەیە لەم هەفتەیە بەئەنجامی بگەیەنن

### جمک
May 21–Jun 21

بیرکردنەوەکانتان تەواو بەرفراوان دەبێت، هەر بە هۆی ئەوەوە چەندین بابەتی دیاریکراو لەیاد دەکەن و ناتوانن وەک پێویست پەیوەندیەکانتان ڕێک بخەن، وا باشە ئاگادار بن لە ڕێگەوبان و هەڵگرتنی هەر شتێکی بەنرخ و گرانبەها.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

بێزاریتان بەهۆی بیرکردنەوەکانتانەوەیە بە تایبەت کە ناگەنە بڕیارێکی دیاریکراو، تا پێنج ڕۆژی دیکە چەند بڕیارێک ئەدەن کە باش نییە بڕیار لەسەر هیچ بابەتێکی دیاریکراو بدەن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

لە ڕێگەی هەندێک پەیوەندی نوێوە پێشنیاری چەندین پرۆژەی دەرامەتیتان بۆ دەکرێت، چەند هەوڵەکانتان زیاتربێت ئەوەندە سەرکەوتوو دەبن، هەر یەکێک لە کارەکان تا نەگاتە ئەنجامی کۆتایی بۆ کەسی ئاشکرا مەکەن.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

هاتنی تیشکی خۆر بۆ بورجەکەتان، هێز و توانا و بڕوابەخۆبوونتان پێ دەبەخشێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەگەرخستنی ئەو کارانەی ماوەیەکی زۆرە وەستاون وبە ئەنجام نەگەشتوون.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

کاتێکی باشە کار بۆ بەدیهێنانی هیواو ئاواتەکانتان بکەن، لەلایەن چواردەورەوە هاوکاری تەواو دەکرێن. بۆ زیادکردنی دەرامەت دەتوانن دەست بەئەنجامدانی ئەو کارانە بکەن کە پێشتر بەرنامەڕێژیتان بۆ کردووە.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

گەڕان و پەیوەندیەکانتان زۆرە، بیرو بۆچونی زۆر دێتە خەیاڵتان کە ناتوانن بگەنە بڕیار تێیاندا، خۆتان لەو کارانە مەدەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئێوەوە نییە.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

لە ئێستا بەدواوە بەختێکی باشتر و زیاتر چاوەڕوانتان دەکات، ئەو کاتە خراپانەی لە ڕابردوو باسمانکردن لەسەر بورجەکەتان کەم دەبێتەوە، دەتوانن دەست بە ئەنجامدانی کاری نوێ بکەن.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

پێویستە ئەم ماوەیە هێمنی خۆتان بپارێزن و لەهیچ یەکێک لەو کارانە بەشداری مەکەن پەیوەندی بەئێوەوە نییە، چونکە کەسانی بەرامبەرتان بە توندی ڕووبەڕوتان دەبنەوە.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

بڕیارێکی خێرا مەدەن لە ژیانتان کە لێی پەشیمان ببنەوە، بەهۆی زۆری کارەکانتانەوە هەست دەکەن ئازیزانتان سۆزیان بۆتان کەمدەبێتەوە، بۆ ئەوەی بونی خۆتان بسەلمێنن. دەتوانن هاوکاریان بکەن.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

دەتوانن پەیوەندیەکانتان لەگەڵ هاوکارەکانی کارکردن باش بکەن، ئەم هەفتەیە زۆر یارمەتیدەر دەبێت لە هەموو لایەکی ژیانەوە،گرنگی بە باری تەندروستی کەسێکی ئازیزتان ئەدەن، بەڵام ناتوانن بڕیاری گرنگ بدەن.

### بەکشتی :

**خێرابوونی زوحەل گۆڕان دروستدەکات**

– ئەم هەفتەیە دەبێت زۆر ئاگادارببن زۆر میزاجی دەبین و خەیاڵمان بۆ شوێن و بابەتی سەیر دەچێت، هەستەکانمان لە بۆن و تام و بینینی ڕەخنە چەندین جار بەرز دەبێتەوە بەهۆی هاتنی تیشکی خۆر بۆ بورجی فەریک، وا باشە تەداخول لە کاری هیچ کەسێک نەکەین، زۆر ئەو کەسانە نەدوێنین کە نایانەوێت وەڵامان بدەنەوە و نەبینە مایەی بێزاری بۆ کەسانی چواردەورمان، بێگومان بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە بێزار بکرێین و پێویستە توانا و خۆڕاگریمان هەبێت.

– گرفت لەوەدایە کاتێک تیشکی خۆر دێتە بورجی فەریک بە هەسارەی (زحل) دەگات، کەواتە هەندێک لە گرفت و نەگبەتیەکانمان بە جۆرە بنبەستێک دەگەن بەڵام بەکتوپڕی ڕوونادەن.

# چنار دەنووێ

**ڕووداو- سوێد**

کچە گۆرانیبێژ چنار کە پێشتر بەنیازبوو ئەلبومێکی گۆرانی بۆ منداڵان بەرهەم بێنێت، لە ئامادەکارییەکانی دروستکردنی ئەو ئەلبوومە کشایەوە، ئەویش وەکو خۆی باسیکردووە بەهۆی لایەنی مادییەوە نەیتوانییوە ئەلبوومەکەی تەواو بکات بۆیە ئێستا ئەو گۆرانییەکی کلیپکردووە بەنێوی (بنوو) کە تایبەتە بە منداڵان و لەسوێد کلیپکراوە، بەنیازیشە ئەو بەرهەمەی بەشێوەی سینگڵ بڵاو بکاتەوە.



# بەڕاست ئەوانەی لە تیڤی کار دەکەن هەموویان گەمژەن؟



**ڕووداو- سلێمانی**

ژمارەیەک هونەرمەند و ئەکتەری کوردو هۆڵەندی سەرقاڵی پرۆژەیەکی نوێن بەنێوی (ئەوانەی لەتیڤی کار دەکەن هەموو گەمژەن).

تیپی شانۆی بێسنوور، کە ژمارەیەک هونەرمەند و ئەکتەری کورد و هۆڵەندی لەخۆگرتووە، سەرقاڵی پرۆڤەی بەرهەمێکی هونەری نوێن بەنێوی (ئەوانەی لەتیڤی کار دەکەن هەموو گەمژەن) کە لەنووسین و دەرهێنانی (باکۆسۆرانی)ە.ئەم شانۆگەرییە باس لەپەیوەندی پەناهەندە و خەڵکی وڵاتی هۆڵەندا دەکات، شانۆگەرییەکە هەوڵدەدات نهێنیەکانی ئەم گرفتە بدۆزێتەوەو بڕیارە لەبەهاری ساڵی 2010داو لەزۆربەی شارەکانی هۆڵەندا نمایش بکرێت.

# ڕەمەزان نەیهێشت حاجی کارەکەی تەواو بکات

**ڕووداو-هەولێر**

گۆرانیبێژ حاجی زاخۆیی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کاری ئەلبوومەکەی لەتەواوبووەو تەنها کاری چاپکردنی ماوەو بڕیاربوو لەپێش ڕەمەزان بڵاو ببێتەوە، حەجی گوتی "ڕەمەزان هات و نەمتوانی بڵاوی بکەمەوە".

ئەو بەرهەمەی حاجی، کە بەنێوی (بەس بۆتەیە)و لە 10 گۆرانی و 2 مەوال پێکهاتووەو کاری تۆمارکردنی لەئەستەنبوڵ بۆ ئەنجامداوەو کەناڵی ئاسمانی ڤین تیڤی بەرهەمی دەهێنێت، بڕیار بوو پێش ڕەمەزان بڵاوبێتەوە بەڵام وەکو خۆی حەجی گوتی "کارەکانی ئەلبوومەکەم وای لێهات کە پێش ڕەمەزان تەواو ببێت، نەشمتوانی بڵاوی بکەمەوە چونکە ڕەمەزانی بەسەر داهات، بۆیە دوای ڕەمەزان بڵاوی دەکەمەوە".

# دەشتی و شوکر لە پۆڵەندا خەڵاتکران

**ڕووداو-پۆڵەندا**

هەردوو شێوەکاری کورد (دەشتی جەنگی و شوکر سەعید) لەوڵاتی پۆڵەندا بەشداری دوو پرۆژەی هونەری دەکەن و کۆڕێک لەسەر مێژووی هونەری شێوەکاری کوردی ساز دەکەن، بۆ بەشداریکردنیشیان وەکو کورد خەڵاتی تایبەتی گەلەری (یەکسی) وەردەگرن.

بەشداریکردنی ئەو دوو شێوەکارە لەسەر بانگهێشتی هونەرمەند (زیاد ڕەووف) بوو کە کوردێکی باشووری کوردستانە و دانیشتووی وڵاتی پۆڵەندایەوخاوەنی گەلەرییەکە بەناوی (پانۆراما)، بۆ بەشداریکردنیان لەدوو پێشانگای شێوەکاری لە گەلەری پانۆراما لەناوچەی تۆما شۆڤیجە لە نزیک شاری کراکۆف و گەلەری یەکسی لەشاری میخاو کە هەردوو گەلەرییەکە خاوەنی مێژوویەکی لێ بەرزن لەوڵاتی پۆڵەندا کە تێیدا پرۆژەی هونەری جۆراوجۆری هونەری ئەنجام دەدرێت.

پرۆژەکە لە 2009/8/5 بە بانگهێشتی 25 شێوەکار لەوڵاتانی (بەلجیکا، ئۆکرانیا، پۆڵەندا، کوردستان، نەمسا، چیک، ئەفریقیا، سوێد ...تاد) دەستپێکرد، تایبەت بوو بەکردنەوەی پێشانگایەکی هونەرمەندانی بەشداربوو کە بەشێک لەکارەکانی خۆیان لەوێ پیشاندا، کارەکانیش تایبەت بوو بە ئەرشیفی هەردوو گەلەرییەکە کە بۆ ساڵانێکی زۆر تابلۆ هونەرییەکانیان پاراستوە لەوڵاتی خۆیان، بەشی دووەمی پرۆژەکەش تایبەت بوو بە کردنەوەی بەرهەمی شێوەکارەکان کە هەر لەوڵاتەکە تابلۆکانیان دروستکردووە.

دەشتی جەنگی، دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر و وەک یەکێک لەبەشداربووەکانی پێشانگاکە ئاماژەی بەوەکرد کە لەکردنەوەی پێشانگای دووەم بەپێی سیستمی گەلەری (یەکسی) کە بۆ ماوەی 10 ساڵە بەڕێوەدەچێت و ساڵانە بە بانگهێشکردنی هونەرمەندانی وڵاتان ئەنجامی دەدات، دەبووا هەر هونەرمەندێک بە 2 تابلۆ پشکداری پێشانگاکە بکات، بەمەرجێک کارەکە هەر لەوێ لەوڵاتی پۆڵەندا دروست بکرێت و کاریگەری سروشتی وڵاتەکەی بەسەرەوە بێت، دەشتی گوتیشی "هەر هونەرمەندێک ئازاد بوو لەوەی چۆن کار دەکات، تابلۆکانیش لەلایەن پرۆفیسۆر باترخ هەڵبژێردران ئێمەش بە 4 تابلۆ بەشداریمان کرد".



دیمەنێک لە پێشانگاکە

جەنگی سەرسامی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە خەڵکی پۆڵەندا کە هونەر دۆست و سەلیقەی هونەری بەرزیان هەیە، لەکردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری پەرلەمانتار و بەرپرسانی حکومی و سەرۆکی شارەوانی بەشداری دەکەن، ئەوەی بەلای ئەو شێوەکارە جێگای تێڕامانە بەشداریکردن و هاموشۆکردنی بەساڵاچووانە بۆ سەردانی گەلەرییەکان و بینینی تابلۆی شێوەکاران، دەڵێت "لەشاری میخاو پیرەژنێکی تەمەن 70 ساڵیم لەکلێسا بینی، سەر لەئێوارەی هەمان ڕۆژ سەردانی گەلەرییەکەی کرد و ئێوارەکەش لەگەڵ ئێمە شەڕابی خواردەوە".

# بەکر ڕەشید گەمە بە باڵندەکانەوە دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

دوا بەدوای بەرهەمهێنانی دراماکانی (وەسیەت نامەو ژیلەمۆ) دەرهێنەر بەکر ڕەشید، ئێستا سەرقاڵی کارکردنە لە زنجیرە درامایەکی نوێدا بەنێوی ( گەمەی باڵندەکان).

دەرهێنەر بەکر ڕەشید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو زنجیرە درامایە بەرهەمی کوردستان تیڤییەو کاری وێنەگرتنی لەلایەن پێشەوا تەیبب کراوەو بەڕێوەبەری بەرهەمەکەش عوسمان قادرەو، سیناریۆکەشی لەلایەن مەسعود حەسەن نووسراوە، چیرۆکی ئەو زنجیرە درامایە باس لە ژیان و کێشەکانی ژیانی لاوان دەکات و لە 20 ئەلقە پێکدێت.

بەکر ڕەشید ئاماژەی بەوەکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەر بەشداری ئەو زنجیرەیە دەکەن لەوانە، شلێر کۆیی، بەهائەدین هەڵەبجەیی، عەبدوڵڵای خەیات، شانۆ عومەر و چەندین ئەکتەری دیکە، ئێستا 20%ی دیمەنی ئەو زنجیرەیە وێنەی گیراوەو بڕیارە لە 2010/1/1 لە کوردستان تیڤی نمایش بکرێت، کە زۆربەی دیمەنەکانی لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان وێنەی گیراوە.



رامیار مەحمود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# نەوت لە ئالوودەبوونەوە بۆ گەشەکردن

## "ئەم دینارە بە وردە، سادات قۆندەرەی کوردە"

کە منداڵ بووم دوو دروشم بەر گوێم دەکەوت یەکێکیان ئەوکاتەی لە سلێمانی کە خەڵک دەیانوت (ئەم دینارە بە وردە سادات قۆندەرەی کوردە) ئەوی تریان لە تەلەڤزیۆنی کوردی ئەو زەمانەوە کە دەوترا (نەوتی خۆمان بۆ خۆمان ) ئەمەی دووهەمیان بابەتی قسەکردنی من ئەبێت. لە راستیدا ئەو کات تێ نەئەگەیشتم واتای چییە نەوتی خۆمان بۆ خۆمان . بەڵام بە گوێرەی لێکدانەوەی رستەکەبێت واتا نەوتی خۆمان هی خۆمان نییە و دەیکەینەوە بە هی خۆمان. ئەو جیلەی لە گەڵ مندا گەورە بووبێت لە دواییدا باشتر تێگەیشت واتا بە خۆماڵی کردن و بە نیشتمانی کردنی نەوت و وەشاندنی گورزێکی کوشندە لەدەستبەسەراگرتنی ئیمپریالستانە لە ناوچەکەدا.

لێرەدا من هەوڵدەدەم بگەڕێمەوە سەر بابەتی نەوت و کاریگەرییەکانی لە شەقڵ گرتنی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆجی و سەرلەنوێ قسەکردنەوە لەسەر دۆزی گەشەکردن لە پەیوەندی بە نەوتەوە. نەوت یەکێکە لە سامانە گرنگەکانی پێکهێنەری ئابووری عێراق. بە درێژایی سەدەی بیستەم رۆژهەڵاتی ناوەراست و نەوتی جیهانی مەسەلەیەکی بە یەکدا چووە، لەبەرئەوەی رۆژهەلاتی ناوەراست شوێنێکی گرنگی بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتە و رۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر گەشەکردنی پیشەسازی نەوتی جیهانی. بێگومان لەگەڵ یەکەم ناردنە دەرەوەی نەوتدا سەرئەنجام و کارگەرییەکی گرنگی خستەوە لە سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی سیاسی چ لە وڵاتانی عەرەبی و چ رۆژهەڵاتی ناوەراست بە فراوانی.

بە بڕوای من قسەکردن دەربارەی نەوت هەم کارێکی ئاڵۆزە هەم بابەتێکە یارمەتیمان دەدات لە هەندێک دەرگاوە خوێندنەوەی تر بکەین دەربارەی گەشەکردن و شەقڵگرتنی جیهانی ئابوری و سیاسیمان. لەسەرەتاکانی پیشەسازی نەوتدا وڵاتانی ناوچەکە توانای تەکنیکی و کارگێڕی نەبوو لە گەشەپێدانی سەرچاوەکانی نەوتدا و کۆمپانیا بیانییەکان دەبوایە کارزانی و کەپیتاڵ و بازاڕ دابین بکات و ئەم کۆمپانیایانە بەشێکن بوون لە تۆڕی هێزی ئیمپریالستی هەجمونی بەریتانیا و فەرەنسا. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ژمارەی ئەم کۆمپانیانە حەوت دانە بوون بە کۆمپانیای (سی ئێڤ پی) فەرەنسییەوە بوونە هەشت کە لە سەرەتادا حەوت خوشکەکەو دواتر هەشت خوشکەکەیان پێ دەوترا.

ئەوگرێبەستانەی سەردەمی کۆلۆنیالیزم بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بوون ئێران و عێراق و کوەیت و سعودیە تێکرای دەگەیشتە 82 ساڵ. ئەم گرێ بەستانە بە شێوەیەک دانرابوون کە زۆرترین روبەر بگرێتەوە لە حاڵەتی کوەیت و عێراقدا سەرلەبەری خاکی وڵاتەکەی ئەگرتەوە سەرباری بەرژەوەندی مادی کۆمپانیاکەو تەواوی سەربەخۆییان لە چۆنێتی کارو پلانەکانیان بە شێوەیەک دەستبەسەراگرتنی تەواوی کلیلی سەرچاوەی بژێوی وڵات بە شێوەیەک (پۆڵ ستیڤن) لە لیکۆلینەوەکەیدا بە ناوی (نەوت و گەشەسەندن) ئەم دۆخە ناو دەبات بە دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا .

بەڵام لە دواتردا هەستی گەڕانەوەی رۆڵی حکومەت لەسەر چارەنووسی پیشەسازی نەوت بەرەبەرە چەکەرەی کرد و مەسەلەی بەستنەوەی نەوت بە گەشەپێدانی نیشتمانی و دروستکردنی ئۆپیک و ئایدیای سەروەرێتی لە ناو کۆمەڵەی نەتەوەکاندا و مەسەلەی گەشەسەندنی ناسیونالیزم و دروست کردنی کۆمپانای نیشتمانی هاتنە پێشەوە .

ئێران لە ساڵی 1951 کۆمپانیای نیشتمانی بۆ نەوت دامەزراند .هێدی هێدی ناسیونالیزەشن ناوچەکەی گرتەوە. لەسەر ئەنجامە خراپەکانی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی نەوت بوو کە لەبری دروستبونی (دەوڵەتی گەشەسەندن)نەوت بووە هۆی دروست بوونی (دەوڵەتی کێوی و درندە).کە ئەم دوانە دوو تێرمی تەواو پێچەوانەی یەکترن چونکە دەوڵەتی گەشەسەندن دوو پێکهێنەری ئایدۆلۆجی و بونیادی دەخوازێت پێکهێنەرە ئایدیۆلۆجییەکە بریتییە لە هەڵگرتنەوەی گەشەسەندنخوازی لە لایەن نوخبەوە وەک بابەتێک و رەوایەتی وەرگرتنی لە توانای بە دیهێنانی گەشەسەندنی ئابووری چ وەک پێشکەوتن و قەلاچۆکردنی هەژاری. ئەم نوخبەیە هەجمونی خۆی بە شێوەیەکی بونیادی لە رێی سەندوقی دەنگدانەوە دا دەمەزرێنێت.

دەگەڕێمەوە سەر شیکردنەوەی ئەم دوو جۆرە لە دەوڵەت لە پەیوەندی بە نەوتەوە هاوکات مەسەلەی نەوت و ئایدۆلۆجی لە گەڵ نەوت و جەنگ وسەیرکردنی ئەمەریکا بۆ مەسەلەی نەوت لە عیراق بە گوێرەی (پرۆژەی داهاتووی عێراق) کە هەڵبەت خەڵکێکی زۆری کورد ئەو راپۆرتەیان خوێندووەتەوە کە نەوت بەشێکی لە ناکاوی ئەو راپۆرتە پێک دەهێنێت . هاوکات هەوڵدەدەم لەسەر مەسەلەی کوردو نەوت کەمێک بدوێم.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# تەرازووەکەی ینک و پدک

ئەنجامی راکێش راکێشی پۆستی سەرۆکی حکوومەت، چوار ساڵەکەی لە ناوەڕاستدا لەت کرد و دوو ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کەوتە لای ینک. دابەش بوونی یەکێتی بەر لە هەڵبژاردن، (ینک)ی لاواز کرد و فڕێیدایە گۆمێکەوە، راستە پارتی دەستی بۆ درێژکرد و لە خنکان رزگاری کرد، بەڵام پارتیش هەندێک پێی خزایە گۆمەکەوە و سەلامەت دەرنەچوو.

زۆربەی بۆچوونەکان دەڵێن پارتی لەم هەڵبژاردنانەدا زیانی، لە قازانجی پتر بوو، خۆی کردە خاوەنی هەندێ کێشەی ناوخۆی یەکێتی و لە بەرامبەریشدا هیچی دەست نەکەوت. ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان دەڵێن پارتی دەنگەکانی خۆی لە گەڵ یەکێتیدا دابەش کرد، ئاخر یەکێتی، نزیکەی لە هیچ ناوچەیەکدا نەیتوانی بەر بە هەڵوەرینی دەنگەکانی بۆ قازانجی لیستی گۆڕان بگرێت. هاوپەیمانیی ینک و پدک، تەنیا بەرژەوەندی یەکەمیان پاراست، ئەی ئەوە نییە لە پێگەیەکی لاوازەوە، گەیشتنە سەرۆکایەتی حکوومەت. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ یەکێتییەکی لاواز دەتوانێ حکوومەتێکی بەهێز بەڕێوە ببات؟ بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش، مەسعود بارزانی پێویستی بە هاوپەیمانی لە گەڵ ینک نەبوو، هەر لە بنەڕەتەوە، رکابەرێکی نەبوو شایەنی باس بێت. هەندێک دەڵێن، ئەگەر کاک مەسعود خۆی نەکردایەتە خاوەنی کێشە ناوخۆییەکانی ینک، دوور نەبوو دەنگێکی پتری لە غەیرە پارتییەکانەوە بۆ بهاتبایە.

لە زۆر نێوەندەوە، پرسیاری گرینگتر لەوەی ئاخۆ بەرهەم ساڵح دەبێتە سەرۆکی حکوومەت یان نا ئەوەبوو، ئەدی نێچیرڤان کێوە دەچێت؟ سیناریۆکان باس لە چەند ئەگەرێک دەکەن، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق یان دەستنیشانکردنی وەک یەک لە جێگرانی سەرۆکی کوردستان یانیش خۆتەرخانکردن بۆ بووژاندنەوەی هەیکەلی ماندووی پارتی.

بۆ پارتی و بۆ نێچیرڤانیش، ئەگەری سێیەم لەوانی دیکە ماقووڵترە، ئاخر پارتی ساڵانێکە لە قاڵبێکی چەقبەستوودایە و پێویستی بە بووژاندنەوە و نوێبوونەوەیە کە بە خوێنی نوێ دەکرێت. لەولایشەوە ئەم خولەی سەرۆکایەتی بارزانی لەوەی یەکەم پتر پێویستی بەوەیە کەسایەتی بارزانی وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی کار بکات نەک سەرۆکی تەنیا یەک حزب، با مەزنترین حزبی کوردستانیش بێت. ئەو دەنگۆیانەی باس لە دەستلەکارکێشانەوەی بارزانی لە سەرۆکایەتی پارتی دەکەن، با هەندێک میدیا وەک فشارێکی هەرزەکارانە و ناکامڵ باسی بکەن، بەڵام لە راستیدا ئەگەر بە هێمنی لێی وردبیبێتەوە، لۆژیک و راستییەکی زۆر لە ناواخنیدایە.

لە سەرەتای یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی کوردستاندا، یەکێتی یەکپارچە وبەهێزبوو، لە بەرهەرهۆیەک بێت، ئەو کات دۆخێکیان دروستکرد سەرۆکی کوردستان دەسەڵاتەکانی لە سنووری ئیدارەی کۆنی وان تەواو ببێت، کەسێکی بەهێزیشیان نەکردە جێگری سەرۆکی حکوومەت. ئەوە هەڵەیەک بوو نێچیرڤان بارزانی زۆر بە سەرکەوتوویی راستی کردەوە، بەڵام ئێستا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ پارتی ئەو هەڵەیەی یەکێتی دووبارە دەکاتەوە، یان بەهێزەوە دەچێتە حکوومەتەوە؟ با بزانین.



کاوە ئەمین - سوێد
kawe35@hotmail.com

# قاچاخچییەکانی ئاسمان لە سوێد ڕیسوا دەکرێن

هاوینی ئەمساڵ بۆ ژمارەیەکی زۆر کوردی دانیشتووی سوێد کە سەردانی کوردستانیان کردبوو، پڕ لە کێشە بوو، ئەوەیش بە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر موسافیر نەیانتوانی لە کاتی خۆیدا بگەڕێنەوە بۆ سوێد، چونکە بلیتەکانیان لە لایەن هێڵی ئاسمانی (ڕێس نو) بەتاڵ کرایەوە. ڕۆژنامەی (رووداو) لە کاتی خۆیدا بەدواداچونی بۆ ئەو کێشەیە کرد، بەڵام ڕاگەیاندنی باشوور بە گشتی خۆیان لێ بێدەنگ کرد. ئەمڕۆ، چوارشەممە 8/19 ڕۆژنامەی (میترۆ)ی سوێدی کە گەورەترین ڕۆژنامەیە و بە خۆڕایی بڵاو دەکرێتەوە، ڕیپۆرتاژێکی بالکێشی لەسەر ئەو کێشەیە بڵاو کردەوە. ڕۆژنامەکە لەگەڵ دوو لاوی کورد بە ناوی ژیوار و بریار ڕەشید گفتوگۆی کردووە کە باوکیان بەهۆی نەگەڕانەوەی لە کاتی خۆیدا، ڕەنگە کارەکەی لەدەست بچێت.

– کاتێک باوکمان سەردانی فرۆکەخانەی سلێمانی دەکات بەنیازی گەڕانەوە بۆ سوێد، پێی دەڵێن کە گەشتێکی بەو جۆرە لە پرۆگرامدا نییە.

ڕۆژنامەی (میترۆ) بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیان بە فرۆکەخانەی ستۆکهۆڵمەوە کردووە، بەڵام پێیان وتوون کە ئەو گەشتەی لە سلێمانییەوە دەبوو بەرەو ستۆکهۆڵم بکرێت بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لەسەر بلیتەکان نووسراوە، بوونی نییە. هێڵی ئاسمانی (ڕێس نو) بەرپرسیارێتییەکە لەسەر خۆیان لا دەبەن و دەیخەنە ئەستۆی شەریکەی فرۆکەوانی. بەڵام ئەوان دڵنیا ئەوەدا دەنێن کە ئێستا سەدان گەشتکەر گیریان خواردووە و ناتوانن بگەڕێنەوە، تەنها چارەیەک ئەوەیە کە بلیتی نوێ بکڕن و ئەوانیش نایانەوێت قەرەبووی ئەو زیانە بکەنەوە.

بەڵام لەلایەن خۆیانەوە فرۆکەخانە و کۆمپانیای (ڤیکینگ) دەڵێن: بلیتەکانی (ڕێس نو) تەزوێرن و هیچ قیمەتێکیان نییە، هەر بۆیە هیچ فرۆکەیەک هەڵناستێت.

تەنها لە مانگی تەباخدا (ئۆگوست)، هێڵێ ئاسمانی ڤیکینگ 22 شکاتیان لێ کراوە و ساڵی 2008 یش 14 جار شکاتیان لێ کراوە.

(ڕێس نو)، پێنج شکاتیان لەسەر تۆمار کراوە. ئێستا هێڵی ئاسمانی ڤیکینگ لە لایەن ڕۆژنامەی مشتەرییەکانەوە (Råd&Röns) خراوەتە لیستی ڕەشەوە. هەرچی هێڵی ئاسمانی ڤیکینگە لە پۆلیسی سوێدی شکاتی لەوانە کردووە کە بلیتی تەزویریان فرۆشتووە و هەموو پەیماننامەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە کە لەگەڵ (ڕێس نو) بەستوویانە کە خاوەنی سەرەکیەکەی کەسێکە بە ناوی (بۆرگو ساڵح) لەگەڵ کەسێک بەناوی (شۆڕش) کە یەکێکە لە کۆنە شیوعییەکانی کوردستان.

هاوکات، هێڵی ئاسمانی ڤیکینگ بانگاشەی ئەوە دەکات کە (ڕێس نو) پارەی بلیتەکانیان نەداونەتێ و ملیۆن و نیوێک کرۆنی سوێدی (نزیکەی 250 هەزار دۆلار) قەرزارن.

بەرپرسی هێڵی ئاسمانی ڤیکینگ ئایرلاینس، کریستیان تاجیران دەڵێت: (ڕێس نو) تاقمێکن (وەکو دەستبڕ)، بە ڕاستی نازانم چی بڵێم لە کاتێکدا ئەوان پارەی بلیتەکانیان لە گەشتکەران وەرگرتووە و کەچی نایەنەوێت خۆیان بکەن بە خاوەنیان.

پێدە چێت تاقمی (ڕێس نو) لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت و چیدیکە نەتوانن بە ناوی کوردایەتیەوە، فێڵ و تەڵەکەبازی لە هاووڵاتیانی کوردستان و سوێد بکەن، هەڵبەت ئەوانە فێری کاسیبیەکەش بوون، ڕەنگە ئیفلاسبوونی خۆیان ڕابگەیەنن کە ئەوکاتە بە گوێرەی یاسای (ئیفلاسبوون لە سوێد) هیچ بەرپرسیارییەکیان ناکەوێتە سەرشان، بەڵام بێگومان لە لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقییەوە، ئیفلاس دەکەن.



هاوڕێ باخەوان - هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

# پڕۆژەیاسایەکی نوێ بۆ پەڕلەمانی نوێ!

ئەگەرچی پەڕلەمانی نوێ لەم ڕۆژانەدا هێشتا لە دامەزراندنیدایە و جارێ ڕێژەی ئاستی یاسایی و هەستکردنی بە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی نازانم، لێ ئەگەر ئاستی سەد هێندەی ئەوەکەی پێشوویش بێت! هێشتا هەر لە ئاستی پێداویستییەکانماندا نەبوون و نین.

بۆ کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم، پێشنیازی دامەزراندنی وەزارەتی ڕەوشتم کرد، چونکە ڕەوشت بە واتا فەلسەفییەکەی ئەوەندە رووی لەخوارە ناچاری ئەو پێشنیازەی کردم. بەڵام کابینەکە نزیکەی چل و ئەوەندە وەزیری دانا و ڕەوشتی هێندە پێ بێ بەها بوو هەر گوێیشیان پێینەدا!.

بۆ پەڕلەمانی ئەمجارەی کوردستان پێشنیازی پڕۆژەیاسای "یاسای تێنەپەڕاندنی هێڵەسوورەکان" دەکەم. هەڵبەت هۆیەکەیشی ئاشکرایە و باوەڕیش ناکەم هیچ نەتەوەیەک و وڵاتێک هێندەی کورد و حکومەتی هەرێم هێڵەسوورەکانی خۆیی تێپەڕاندبێت!.

لەو یاسایەدا پێویستە پێناسەیەکی گشتگری هێڵەسوورەکانمان بکرێت، یەکبەیەک دیاری بکرێن و بۆهەر یەکەیشیان سزایەکی گونجاو دابنرێت. بەڵام دەبێت ئەم یاسایە بەتەواوەتی بخرێتە جێبەجێکردنەوە، نەک وەک ئەوانی دی تۆزی کتێبخانەکەی پەڕلەمانیان لێبنیشێت و کەس نەیخوێنێتەوە!.

ئەگەر پەڕلەمانە نوێیەکە بەگشتی پێی وانییە هێڵی سوورمان پەڕاندبێت، ئەوا دیارە پێناسەی هێڵی سووری نەتەوەیی نازانێت بەری لەکوێوەیە، یان هێشتا پەییان پێیان نەبردووە!. بۆیە روو لە پەڕلەمان دەنێم و دەڵێم هێنانی سوپای داگیرکەر تێپەڕاندنی هێڵی سوورە. ئازادکردنی فڕۆکەوانە تاوانبارەکەی هەڵەبجە تێپەڕاندنی هێڵی سوورە. پەنادانی ئەنفالچییان و بەرگریکردن لەوانەی دەستیان لە کوردکوژیدا هەبووە و تێکدانی میزاجی کوردەواری لە دوای ڕاپەڕینەوە و دزینی سامانی ئەو خەڵکەش هەر هێڵی سوورە. ئەگەر زۆر دەتانەوێت بزانن هێڵی سوور چییە بچنە گەرمیان، بچنە لای ئاوارەکانی کەرکوک، بچنە لای کەسوکاری ئەو کوردە خۆرهەڵاتییانەی کە لە باشووری کوردستان تیرۆرکران. چ زۆرە هێڵی سوور زۆرە! هەربۆیە ئەم پڕۆژە یاسایە بە گرنگترین کارەکانی پەڕلەمانی نوێ دەزانم. هیوادارم ئەمجارەیان بەقسەم بکەن..



هیوا عوسمان*

# بۆچی پێویستە ریفۆرم لە میدیای کوردیدا بکرێت

هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییەی کوردستانی عێراق سەردەمێکی نوێی لەنێو میدیای کوردی هێنایەئارا و رووبەڕووبوونەوەی نوێی بۆ هەواڵی دامودەزگای حکوومی و پەرلەمانی دروست کرد.

لە رابردوودا، پارتە دەسەڵاتدارەکان هێزی بڕیاردەر وسەرەکی بوون لە پرۆسەی سیاسیدا، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی سەرسەخت لە رۆژی هەڵبژاردندا سەریهەڵدا و وادیارە یاری سیاسی بۆ هەتا هەتایە گۆڕا، ئەمڕۆ یاریزانی سەرەکی لە شانۆی سیاسی کوردستانی عێراق، دەنگدەرە وبەدەستهێنانی متمانەو بڕوای دەنگدەران ئامانجی هەمووان دەبێت لە چەند ساڵی داهاتوودا، ئەمەش بەرپرسیارێتی نوێ بۆ میدیای کوردی دروست دەکات، کە بەشێوەیەکی گشتیی بوونەتە دوو پارچە، یەکێکیان لەگەڵ دامەزراوە سیاسیەکانە و ئەویتریشیان دژیەتی.

زۆربەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، میدیای تایبەتی خۆیان هەیە وەک ماڵپەڕ، رۆژنامە، رادیۆ و وێستگەی تەلەڤزیۆن.زۆربەی پارتە سەرەکییەکانیش کەناڵی سەتەلایتی خۆیان هەیە، کە خەڵکێکی زۆر تەماشایان دەکات بۆ بینینی هەواڵەکانی هەرێمەکە، ئەو کەناڵانەش لە لایەن دوو پارتە بەهێزەکەی هەرێمەکەوە کە پارتی و یەکێتین قۆرخکراون.لەم دواییەشدا گرووپێکی نوێی ئۆپۆزسیۆن ( گۆڕان ) کەناڵێکی خۆی دامەزراند بەناوی تۆڕی هەواڵی کوردی (KNN).

هەر لەمێژەوە میدیای پارتەکان، ئەجێندای سیاسی و چالاکیەکانی سەرکردەکانیان لەپێش ئەوهەواڵانەوە داناوە کە زۆرگرینگترە بۆ خەڵک. لەولاشەوە، میدیای تایبەت هەمیشە بانگەشەی سەربەخۆبوون دەکەن، بەڵام لەراستیدا وەکو دەنگی ئۆپۆزسیۆن کار دەکەن. لەو حاڵەتەشدا مەرجی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، ئەو شتانەیە کە لە میدیای حزبیدا بڵاوناکرێتەوە.

ئەم دابەشبوونەش، بێگومان بۆشاییەکی گەورە و هەندێک جاریش گرژی لەنێو میدیای گەشەسەندووی کوردستاندا دروست کردووە.

هیچ کەناڵێک بە تەواوەتی هەموو چیرۆکەکە بڵاوناکاتەوە، ئەمەش یارمەتی هاوڵاتیان نادات بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخە سیاسیەکە. ئینجا بۆ ئەوەی بە تەواوەتی وێنەکەت بۆ روون ببێتەوە، دەبێ تەماشای پێنچ شەش کەناڵ بکەیت.

ئێستا زۆر بە دەگمەن راپۆرتە هەواڵێکت بەرچاو دەکەوێت کە بۆچوونی هەردوو لای بابەتەکەی تێدا بێت، لەجیاتی ئەوە دابەشبوون بەسەر میدیای سەربەخۆ کە نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکات و میدیای حزبیش کە نوێنەرایەتی حکوومەت دەکات.

ئەگەر تەنیا تەماشای میدیای حزبی بکەیت، هەست دەکەیت کوردستانی عێراق هیچ کێشەیەکی نییە، میدیا ناحزبیەکانیش کوردستانی عێراق وانیشان دەدەن کە یەکێکە لە هەرێمە گەندەڵ و دواکەوتوو بێ کەڵکەکان. راستیەکەش شتێکە لەنێوەڕاستی هەردوو بۆچوونەکەدایە و هاوسەنگیش کاتێک بەدەست دێت کە رۆژنامەکان ستانداردێکی پرۆفیشناڵ بەکاربێنن کە بریتی بێت لە بابەتیبوون و دادپەروەری.

کە تەماشای چوار ساڵی داهاتوو بکەین، هیچ جۆرێک لەو دوو میدیایە ناتوانێت وەکو خۆیان بمێننەوە. کوردستانی عێراق بیروڕایەکی سیاسی جۆراوجۆری تێدایە کە هەرگیز لەوەوپێش نەبینراوە و هەردوو میدیای حزبی و ناحزبی دەبێ کار بکەن بۆ ئەوەی بڕوای بیسەران وتەماشاکاران بەدەست بێنن.بۆ ئەوەی ئەمەش رووبدات، پێویستە پارتە سیاسییەکان لەدڵەوە بگۆڕێن، دەبێ ئەوان ئەوە قبوڵ بکەن کە سەرۆک وبەرپرسی حزب هەموو کات نابێتە سەردێڕی هەواڵەکان. باشترین هەواڵ دەبێ لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە زۆرترین کاریگەری لەسەر خەڵکی هەرێمەکە هەبێت.

یەکەم هەنگاویش بۆ گرتنە بەری دەبێ بە شێوەیەکی روون وئاشکرا هەواڵ و بیروڕا لەیەکتر جیا بکرێنەوە. دەبێ ناوەڕۆک بکرێتە دوو بەشی جیاوازەوە، یەکێکیان هەواڵ و زانیاری بێت و ئەوی دیکەش بیروڕا و بۆچوون.هەروەها دەبێ نووسەری پرۆفیشناڵ بۆ هەواڵنووسین دابنرێن،

> **میدیای کەرتی تایبەت لە کوردستان هەمیشە بانگەشەی سەربەخۆبوون دەکەن، بەڵام لەراستیدا وەکو دەنگی ئۆپۆزسیۆن کار دەکەن**

بۆ ئەوەی بتوانن ستانداردی بابەتیبوون، بێلایەنی لەبەرچاو بگرن.

هەمان پرەنسیپ پێویستە لە لایەن نووسەر و پەیامنێرانی سەر بە میدیای سەربەخۆو ئۆپۆزسیۆن پەیڕەو بکرێت. ئەو میدیایانە پێویستە چیدیکە بۆچوونی حکوومەت پشتگوێ نەخەن و دەست بکەن بە بڵاوکردنەوەی هەندی راپۆرت کە رەخنەگرنەبێت لە حکوومەت.

بە کورتی هەردوو لا سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو بن بۆ هەواڵ و زانیاری و دەبێ دووربکەونەوە لەو نەریتە کۆنەی کە لایەنگری بکەن. وەکو راهێنەرێکی رۆژنامەنووسی، بۆم دەرکەوتووە کە زۆربەی رۆژنامەنووسانی کورد لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەوە کۆکن کە دوو کەمپ ولایەن بۆ هەر بابەت وچیرۆکێک هەیە، حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن. رووبەڕووبوونەوەو تەحەدای بەردەم ئەوان ئەوەیە کە جەماوەری خۆیان لەنێوان ئەو دوو کەمپە دروست بکەن.

قوتابیەکان هەمیشە بەپەرۆشن بۆ فێربوونی شێوازی نوێ و لە بیرۆکەی بابەتیبوون و گرینگی رۆژنامەنووسی تێبگەن، بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ ژووری هەواڵ، ئەوان لەگەڵ سەرنووسەرەکانیان بەر دیوارێک دەکەون.

ئەوەی ئێستا زۆر پێویست بێت بۆ میدیای کوردی، گۆڕینی دڵی سەرنووسەرەکانی سەر بە پارتە سیاسیەکان و بەناو میدیا سەربەخۆکانە. رێکخراوەکانی تایبەت بە پەرەپێدانی میدیایی دەتوانن یارمەتی رۆژنامەنووسی دادپەروەرانەو بێلایەن بدەن بەوەی بەرنامەیەکی مەشق پێکردن دابنێت کە ئامانجیان نووسەر بێت.

بەتایبەتی ئەمە زۆر گرینگە، بەوەی زەمینەیەکی نوێی سیاسی لە هەڵبژاردنەکانەوە سەریهەڵداوە، ئەگەر بارودۆخی ئێستای سیاسیش بەردەوام بوو، پێدەچێت ئۆپۆزسیۆن بەهێز بێت کە ئەمەش پەرلەمانێکی زیندوو و هەمەجۆر دروست دەکات.

پێویستی بوونی راپۆرتکردن لەسەر کاروباری خەڵک و حکوومەت هەرگیز ئەوەندەی ئێستا گرینگ نەبووە. راپۆرتێک کە لە میدیایەکی باوەڕپێکراو بڵاودەبێتەوە پرۆسەیەکی سیاسی هاوسەنگ دەکات، راپۆرتێک دەربارەی گەندەڵی رەنگە ببێتە هۆی لابردنی بەرپرسێکی حکوومیی.

ئێستا پێوەندی نێوان میدیای حکوومی و ناحزبی ناتەندروستە، ئەمەش زەمینەی پەیدابوونی چەند بڵاوکراوەیەکی خۆشکردووە کە کەمترین ستانداردی رۆژنامەوانی لەبەرچاودەگرن و ناوزڕاندنی بەرپرسانی حکوومی بووەتە ئامانجی سەرەکییان.

جارێکیان نووسەرێک بەشاندێکی راگەیاندکاری میوانی راگەیاندبوو کە دەزگا رۆژنامەوانییەکەی بەمەبەست درۆیەک بڵاودەکاتەوە و چاوەڕێی بەرپرسانی حکوومی دەکات بۆ راستکردنەوەی هەواڵەکە.لە لایەکی دیکەوە میدیا ناحزبییەکان بەردەوام رەخنەی ئەوە دەگرن کە رێگەیان پێ نادرێت دەستیان بگات بە دەزگا حکوومییەکان.

حکوومەتی نوێ بە وەزیرەکانیشەوە، پێویستییان بە پێوەندییەکی بەهێز هەیە لەگەڵ خەڵک و پێویستیشە بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو دەزگا هەواڵییەکان بکەن.هەروەها پێویستە حکوومەت نووسینگەی راگەیاندنی خۆیان و وتەبێژەکانیان باشتر بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە زانیارییەکان دەگاتە خەڵک.

لە رووی یاساییشەوە، چوار ساڵی داهاتوو زۆر گرینگە بۆ میدیا، ئەو یاسایەی کە ئێستا بۆ میدیا کاری پێ دەکرێت بە یاسایەکی کۆن و ناروون دەبینرێت.

ئەو یاسا رۆژنامەنووسیەی ساڵی رابردوو پەسەند کرا تەنیا رۆژنامەکانی گرتەوە ئەمەش وابینرا کە هەنگاوێکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی میدیا ناحزبییەکان کە زۆر رەخنە لە حکوومەت دەگرن. ئەو یاسایە تەلەڤزیۆن و ماڵپەڕەکان ناگرێتەوە، ئەمەش بەشێکی لەبەرئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیان لەخەیاڵدا نەبوو کە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی وەکو KNN دەکرێتەوە. بەشێکی یاساکە کە تایبەتە بە ناوزڕاندن و ناوپیسکردن، زۆر روون نییە.

یاسای میدیا رەنگە بەمزووانە پێویستی بە بایەخدانی پەرلەمان بێت. دەبێ پەرلەمان لیژنەیەکی راگەیاندن دابمەزرێنێ وەکو لیژنەیەکی پرۆفیشناڵ کە ستانداردی رۆژنامەنووسی باش دیاری بکات و کێشەکان لە دەرەوەی دادگا چارەسەر بکات.

لەم دیموکراسیە تازەپێگەیشتووەدا، ئەو هەڵبژاردنە هەلێکی نوێی بە هەمووان دا. لەکاتێکدا پێویستە حکوومەت پێوەندییەکی باشتری هەبێت و یاساکەش بنەمایەکی باشتری هەبێت بۆ دیاریکردنی سنووری میدیا. پێویستە میدیاش ئەو هەلە بقۆزێتەوە و ببێتە پرۆفیشنەڵ و بە ڕاستی ببێتە دەسەڵاتی چوارەم.

***راوێژکاری راگەیاندنی پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی.**

**لە ماڵپەڕی IWPR وە**



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# لە کوردستانیش هەر عەرەبی

لە دانیشتنی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی پەرلەماندا، زۆر شت بەلای منەوە جێی سەرنج بوون، لەوانە دەستپێکردنی دانیشتنەکە بە چەند ئایەتێک لە قورئان کە ئەم دابونەریتە لە هیچ وڵاتێکی نیمچە دیموکراتیش پەیڕەوناکرێت، هەڵەکردن لە سوێندخواردن لەلایەن زۆر لە ئەندامانەوە (پەرلەمانتارێک نەزانێت تەنها دێڕو نیوێک بەتەواوی بخوێنێتەوە ئومێدی چی لێبکەین؟)، ئامادەنەبوونی سەرۆکی لیستی گۆڕان لەو دانیشتنە ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە لەدوای هەڵبژاردنەکانی 1992 پێشنیازی ئەوە کرا تاڵەبانی و بارزانی خۆیان سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت بکەن، بەرپرسێکی پارتی هاتە وەڵام و گوتی ئەو دوو سەرکردەیە لە حکومەت و پەرلەمان گەورەترن!.

بەڵام ئەوەی زۆر بەلای منەوە باڵکێش و تەنانەت مایەی تووڕەبوونیش بوو، وتاردانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بوو بە زمانی عەرەبی، لە کاتێکدا زۆرینەی هەرە زۆری ئامادەبووان کورد بوون و تاک و تەرا عەرەبی لێبوون. ناشێ مام جەلال وا تێگەیشتبێ لەبەر ئەوەی سەرۆکی عێراقە هەر دەبێ بە عەرەبی قسە بکات تەنانەت ئەگەر لە کوردستانیش بێت!. مەگەر بەحیساب کوردی لەپاڵ عەرەبی زمانی فەرمی عێراق نییە؟ مەگەر هەرێمی کوردستان بەشێک نییە لە عێراق؟ سەرنجڕاکێشتریش ئەوەیە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان بەبێ هیچ وەرگێڕانێک ئەو وتارەو هەموو وتار و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان بە زمانی عەرەبی پەخش دەکەن، وەک بڵێی بینەرانی ئەو تەلەڤزیۆنانە هەمووی عەرەب بن، لە کاتێکدا بەدەگمەن کەناڵێکی ئاسمانی دنیا، بابەتێک بە زمانی بیانی بەبێ وەرگێڕان بڵاودەکاتەوە.

لە کەنەدا کە وڵاتێکی فیدرالییە و ئینگلیزی و فەرەنسی دوو زمانی فەرمی ئەو وڵاتەن، یەکێک لە مەرجەکانی بوون بەسەرۆکی حیزبێک، ئەندام پەرلەمان، وەزیر و سەرۆک وەزیران و کارمەندێکی باڵای دەوڵەت ئەوەیە هەردوو زمانەکە بە ڕەوانی بزانیت، ئەگەرچی لە کۆی ژمارەی دانیشتووانی کەنەدا کە 32 ملیۆنە، تەنها نزیکەی 9 ملیۆن زمانی دایکیان فەرەنسییە، کەچی سەرۆک وەزیران و زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتە لە هەموو وتارە فەرمییەکانیاندا سەرەتا بە فەرەنسی قسە دەکەن و لە پەرلەمانیشدا بەهەردوو زمان گفتوگۆ لەسەر پرس و بابەت و پرۆژە یاساکان دەکرێ.

کە مام جەلال دوو ساڵ لەمەوبەر لە وتارەکەیدا لە کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چەند ڕستەیەکی کەمی بە کوردی گوت، کەم کورد هەبوو دڵی خۆش نەبێ و ئافەرینی بۆ نەکا. کەچی بەداخەوە لەوساوە تاڵەبانی لە زۆربەی دانیشتنە فەرمییەکاندا جا با لە کوردستانیش بێت، هەر بە زمانی عەرەبی قسە دەکا و دڵی هەزاران کوردیش بریندار دەکا.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# گەمەی بەرهەڵستکاری و دەسەڵاتداری

## با یەکەم جیاوازی نێوان گۆڕان وەک بەرهەڵستکار و کوردستانی وەک دەسەڵات ئەوە بێ باوەڕیان بە بەڵێنە درۆکانی بەغدا نەبێ

لە یەکێ لە سایتە کوردییەکاندا ڕاپرسییەک لە بارەی گۆڕانەوە کرابوو: ئاخۆ ئەگەر گۆڕان بەو حاڵەی ئێستایەوە بچێتە پەرلەمانەوە باوەڕت پێی دەمێنێ یا نامێنێ؟ خۆشبەختانە زۆرینەی دەنگەکان بەو ئاڕاستەیەدا چووبوون کە باوەڕیان پێی دەمێنێ.

ئەوە پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە. ئاخر ئەگەر گۆڕان وەک لیستێک کە خەڵکی کوردستان دەنگی پێ داوە و 25 کورسی بەو دەنگانە بە دەست هێناوە نەچێتە پەرلەمانەوە بۆچی بوو بە لیست و بۆچی ڕیکلامی کرد و ئەو خەڵکەی کە باوەڕیان پێی هەبوو بۆچی دەنگیان پێ دا؟ ئەدی ئەگەر نەچێتە پەرلەمانەوە، بە خێرێ دەبێ چی بکا؟ ئینقلاب؟ شەڕی ناوخۆ؟ چما خۆمان بە بێ شەڕی ناوخۆ زۆر جوانین؟!

ڕەنگە مەبەست لەو ڕاپرسییە ئەوە بێ لیستی گۆڕان دەرگای دادگا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ماڵی نووری مالکی، کە لە ڕاستیدا دەبوو تکریتی بێ، بکوتێ تا دەنگە دزراوەکانی بۆ بگێڕنەوە ئەوجا بە کورسییەکی زیاترەوە بچێتە پەرلەمانەوە. کەی ئەو دەزگایانە لە سەر مافی کورد بە دەنگ هاتوون تا ئێستا لە سەر مافی بەشێکی بە دەنگ بێن؟ کەی ئەو دەزگا و لایەنانە ویستوویانە ماڵی کورد وێران نەبێ؟ تۆ بڵێی کاکە مالکی بۆ کورد نەبێتە کاکە سەددامەکەی گۆڕین و حەکەمەکەی جاران! مالکی لە لایەکەوە لە سەر تەعریب بەردەوام دەبێ و لە لایەکی ترەوە کێشەمان بۆ چارەسەر دەکا؟! خۆ ئەگەر بە دەنگیش بێن دەبێ بزانین لەبەر پیاوچاکی و نیەتپاکییان بە دەنگ نایەن و کێشەی هێندەی مێشێکمان بۆ دەکەنە گامێش. چما دادگای هەرێم بێلایەنە تا دادگای بەغدا بێلایەن بێ و بێلایەنانە و دادپەروەرانە کێشەی کورد بە لادا بخات؟ من پێموایە لەگەڵ ئەو هەموو فرتوفێڵەشدا کە لە هەڵبژاردندا کران، کورد لە کایەی هەڵبژاردندا هەنگاوی باشی ناوە و هیچ نەبێ لە بەکارهێنانی چەکەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە، گەیشتووەتە ئەوەی پەنا بۆ یاسا بەرێت.

لیستی بەرهەڵستکار لە ناو پەرلەماندا، دەبێ جیاوازی لەگەڵ لیستی دەسەڵاتدا هەبێ و با یەکەم جیاوازی نێوان گۆڕان وەک بەرهەڵستکار و لیستی کوردستانی وەک دەسەڵات ئەوە بێ باوەڕیان بە بەڵێنە درۆکانی بەغدا نەبێ یا هیچ نەبێ کەمتر بێ، نەک بۆ چارەسەری کێشەکان بیانکەنە حەکەم. پەنابردن بۆ بەغدا بۆ ساخکردنەوەی ناساخی هەڵبژاردن یا یەکلاییکردنەوەی هەر کێشەیەکی گەورە یا بچووکی ناوخۆیی، پاکانەکردنە بۆ پەنابردنەکانی پێشتر و دووبارەکردنەوەی پۆخڵەواتی ڕابردووە کە مەرگ و کارەسات بەرهەم و ئامانج و ئەنجامیان بوو.

من وەک کەرکووکییەک کە بە هۆی کاری نابەجێی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە مافی دەنگدانم بۆ پەرلەمانی کوردستان نییە و ئەوەندەش بەسە دەنگی خۆمیان نەدەمێ، ئەگەر ئەو مافەم هەبووایە، ڕەنگە دەنگم بە لستی گۆڕان بدابا، ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی گۆڕان کەرکووک نادۆڕێنێ و کوردستانم بۆ دەکاتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگییە دەقگرتووە و ئەو دیزە بە دەرخۆنەیەی نێوان ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە نەمێنێ کە تیایدا کورد هەمیشە دۆڕاو بووە. بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا لە پەرلەماندا ژیان دەخاتەوە بەر پەرلەمانێکی خەمساردی هەمیشە ڕازی، کە دەستکەوتی شەخسییان لە سەرووی (گیانی پاک)ی شەهیدانەوەیە و زۆر لە ئاڵای سەربەخۆییمان بەرزترە!. هەموومان دەزانین پەرلەمانی بێ بەرهەڵستکار ناتوانێ کارا بێ و درەنگ یا زوو دەبێتە دەزگایەکی مەعاشخۆری پارەزۆری کارتۆنی، وەک دەزگا پەرلەمانییەکەی بەغدای سەددام و شامی ئەسەدەکان کە کڕبوون و چەپڵەکوتان تیایاندا بە ئاماژەی پەنجەیەک بوون!

بۆچی گۆڕان نەچێتە پەرلەمانەوە؟ ئەگەر بەرهەڵستکاری پەرلەمان یەک کورسیشی هەبێ، بوونی لە پەرلەماندا پێویستە دەنا لە دەرەوەی پەرلەماندا چی زۆرە بەرهەڵستکاری ناو تاکسی و سەر عارەبانەی تەڕەفرۆش زۆرە، کە ئەو یاسایە دەمکوتیان دەکا پەرلەمانە بێ بەرهەڵستکارەکە دەریدەکا.

بە هۆی گەندەڵکاری و فایلداری و بەرگریکردن لە ئەنفالچی و بە سەفیرکردن و بە وەزیرکردن و بە پەرلەمانتێرکردنی جاش و خائین و بەعسییەکان و بە دەوڵەمەندکردنی کادیری حیزبی و برسیکردنی ناحیزبی و دەربازکردنی فرۆکەوانی گومانلێکراوەوە، پارتی و یەکێتی لە پەنجا بە پەنجاوە دابەزینە سەر سیی بە سیی. ئەمە وانەیەک نییە بۆ دەسەڵات؟ تۆ بڵێی نەزانن ئەگەر لە سەر ڕەوت و ئاوازی خۆیان بەردەوام بن دەگەنە سێ بە سێ و کوردیش، بە پێی شەرع دەستیان لێ بەردەدا و دەبڕێتەوە؟! ئەوجا نۆرە دێتە سەر بەرهەڵستکاری جددی تا ئەویش یا تێر و پیس و گەندەڵ و ورگن دەبێ و سێ بە سێیەکە بەدەست دێنێ، یا ئەو وڵات و نەتەوەیە دەگەیەنێتە وێستگەی سەرفرازی!

ئەگەر سیستەمێکی دیموکراسیت لە وڵاتدا دەوێ ئاوهایە و ئەگەر ناتەوێ هێزی مەلیشیا، چۆن لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا پیاوانە هەموو کێشەکنیان بە لوولەی تفەنگ چارەسەر دەکرد، دیسان ئاوها هەموو کێشەکانت بۆ چارەسەر دەکەن.

بەرهەڵستکار ئەو کەس و لایەنە نییە کە پیلانی ئینقلاب و لەناوبردن و شەڕ و کوشتنی خەڵک دارێژێ بەڵکو ئەوەیە تیشک بخاتە سەر کردار و ڕەفتار و ئەتواری دەسەڵاتدار تا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەوەندەیان دەنگ نەبێ ببنە دەسەڵات. دەسەڵاتیش لە وڵاتێکی دیموکراتیدا ئەوە نییە بەرهەڵستکار تێکبشکێنێ یا برسی بکا تا دەست لە سیاسەتی بەرهەڵستکارانەی خۆی هەڵگرێ، بەڵکو ئەوەیە بە چاکەخوازی و چاکەکاری و خزمەتکردنی خەڵک و نیشتمان برەوی ناڕازیبوونیان لێ کەم بکاتەوە. ئێستا دەسەڵات کەمی هەیە بیڵێ و ئەوەشی دەیڵێ کەمی ڕاستە. بەرهەڵستکاریش بەو پێیە زۆری هەیە بیڵێ و ئەوەی دەیڵێ، دەبێ ڕاست بێ. دەسەڵاتی سەرکەوتوو ئەوەیە زۆری هەبێ بیڵێ و چاکەکارییەکانی ببنە قەیرانی پەرەسەندنی بەرهەڵستکار تا چ پێویستی بەوە نەبێ هەمیشە مێژووی خۆی مکیاج بکا تا هیچ نەبێ یەک ڕۆژ زیاتر لە سەر ڕابردووە ڕازاوەکەی خۆی بژێ.

کاری هەنووکەی بەرهەڵستکار بە لای منەوە نیشتەجێنەبوونی فەلەستینییەکانە لە کوردستاندا. ئەو کارە کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە نەخشەی کێشراوە، ئەگەر سەر بگرێ، پیلانەکانی سەددام حوسێن سەردەگرێ و دەبێ دەست لە خۆمان بشۆین. ئەو کێشەیە، بە لای منەوە لە کێشەی کەرکووک کەمتر نییە.



ولادیمێرفان ولخنبێرخ
vvanwilgenburg@gmail.com

# تۆزووتر مێردەکەت گوللەباران بکە!

باشتر وایە ژنانی کورد پێش ئەوەی شوو بکەن، لەو کەسانە بپرسن کە دەبنە هاوسەری دوارۆژیان " ئەگەر ناپاکیم کرد، دەمکوژی؟" ئەگەر گوتی" بەڵێ"، تەنیا وەبیری بێنەرەوە کە تۆش دەتوانیت هەمان شت بکەیت و بیکوژیت!

لە هەموو کۆمەڵگەیەک، کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە. لە هۆڵەندا خەڵک ناپاکیی "خیانەت" دەکەن، بەڵام بەگشتیی ئەوان خۆشەویستەکانیان ناکوژن. لەکاتێکدا پیاوانی کورد دەیانەوێ هاوسەرەکانیان پاک وبێتاوان بن، کەچی بۆخۆیان پێوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ ژنی دیکە هەیە، بەڵام ئەگەر ژنەکانیشیان ناپاکییان لەگەڵ بکەن، ڕەنگە هاوسەرەکانیان ئەشکەنجەیان بدەن یا تەنانەت بشیانکوژن، ڕەنگە بۆ ژنی کورد باشتر بێت لەپێشدا ئەوان مێردە ناپاکەکانیان گوللەباران بکەن.

لە هۆڵەندا پێشمەرگەیەکی کۆن هەبوو، هەموو ژیانی لە شەڕ دژی سەدام حوسێن بەسەربردبوو، پاشان هاتبووە هۆڵەندا و کچێکی کوردی هێنابوو. بەڵام سەرەڕای ژن هێنانیشی، کەچی بەردەوام بوو لە بەستنی پێوەندی لەگەڵ هەموو جۆرە ژنێک، بێ گومان هاوسەرەکەشی ئەمەی دەزانی، بەڵام پیاوەکە دەیویست هاوسەرەکەی بەبێ دەنگی بمێنێتەوە، ئەویش بێدەنگ بوو، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە پیاوەکە چاوەڕێی دەکرد، ئیدی ژنەکەش دەستی کرد بە خیانەتکردن . ڕۆژێک مێردەکەی دەیبینێ و ڕاستەوخۆ خۆی و هاوڕێ نوێیەکەی دەکوژێ.

ئێستا ئەو پیاوە لە بەندیخانە هەست بە پەشیمانی و ڕووخاویی دەکات. خەڵک لەوەوپێش ئامۆژگارییان کردبوو کە تەڵاقی بدات، بەڵام ئەو گوێی لێیان نەگرت و، بۆ دواجار ژیانی خۆی وێران کرد. لە بەندیخانە بە هاوڕێیەکمی ڕاگەیاندبوو کە خۆزگە هاوسەرەکەی تەڵاق بدایە، بەڵام تازە درەنگە. هەندێ جار لە کوردستانیش ئەوە ڕوودەدات کە مێردێکی ناپاک هاوسەرەکەی دەکوژێت. لە هۆڵەندا کۆمەڵێک پیاوی هاوسەرداری کورد هەن کە سەردانی لەشفرۆشان دەکەن، بەگومانیشم کە لە کوردستانیش هیچ جیاوازییەک هەبێت. کاتێک گۆرانیبێژانی کوردی دەرەوەی هۆڵەندا دێنە ئەو وڵاتە، یەکەم کاری ئەوان بریتییە لە سەردانکردنی لەشفرۆشان لە ناوچەی چرای سووری ئەمستردام.

لە ئەستانبول ژنێکی کورد کە بۆ ماوەی پێنچ ساڵ بوو شووی کردبوو، بووە هاوڕەگەزباز "لیزبیەن"، ئەمەش لەبەرئەوەی مێردەکەی ناپاکی لەگەڵ کردبوو، ئەو ئافرەتە بە مرۆڤناسی کورد کامیل ئەحمەدی گوت" ناتوانم وا لە خۆم بکەم جارێکی دیکە لەگەڵ پیاودا بم، زۆر خۆشحاڵترم کە لەگەڵ هاوڕێ کچە ڕووسیەکەمم".

باشتر وایە ژنانی کوردیش پێش ئەوەی شوو بکەن، لەو کەسانە بپرسن کە دەبنە هاوسەری دوارۆژیان " ئەگەر ناپاکیم کرد، دەمکوژی؟"، ئەگەر پیاوەکە گوتی بەڵێ، تەنیا وەبیری بێنەرەوە کە تۆش دەتوانیت هەمان شت بکەیت و بیکوژیت! لەوانەیە پیاوی کورد ئەگەر بزانن کە ناپاکی بکەن، ژنەکانیان دەیانکوژن، ڕەنگە ئەوان دەست لە ناپاکی هەڵبگرن. لە دهۆک، ژنێک هەبوو دەستپێشخەری کردبوو، کاتێک مێردەکەی پێیڕاگەیاندبوو دەیەوێت ژنی دووەم بێنێت، ژنەکەش پێیگوتبوو ئەو کارە نەکات، بەڵام ئەو گوشاری خستە سەر ژنەکەی. کاتێکیش پیاوەکە خەوتبوو، ژنەکە ئەندامی نێرینەی پیاوەکەی بڕیبوو!. کە دادوەر پرسیاری لێکردبوو بۆچی ئەو کارەی کردووە، لە وەڵامدا گوتبووی " من نیوەکەی خۆمم بردووە"، ئەو ژنە ئێستا لە بەندیخانەیە.

بێگومان باشترە کە لێک جیاببنەوەو پەیڕەوی یاسا بکەن، ئەگەر ژنەکەت ناپاکی لێکردیت، لێی جیابەرەوە، ئەگەر مێردەکەشت ناپاکی لەگەڵ کردیت، پێی بڵێ کە لێی جیادەبیتەوە.



هێمن عەبدوڵڵا - هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# فۆندس باشە

ئەم ڕۆژانە، دۆستێکی هونەرمەندی تاراوگەنشین لای من گلەیی لە حکومەتی کوردستان دەکرد کە وەک پێویست هاوکاریی ناکات تاوەکو پرۆژە تەواونەکراوەکانی بکا بە شتێک. ئەو دۆستە تاکەکەس نییە کە لە دانیشتنی دۆستانەدا، یان لە هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەڤانیدا هەمان گلەیی دووبارە دەکاتەوە. ڕەنگە گلەییەکی ڕەواش بێت و ئەوە کارێکی ڕاست نەبێت کە بە قەولی ئەو دۆستە "هەندێک کەس کە کارێکی واش ناکەن، حکومەتی خۆماڵی پشتیوانیان بکات و ئەوەی کاری گەورەشی هەن گوێی نەدرێتێ". بەڵام ئەوەی دەمێکە لای من بووەتە پرسیار ئەوەیە کە: بۆچی کوردی تاراوگەنشین وەک ڕۆژئاواییەکان فێری ئەوە نەبوون هەمیشە چاویان لە دەستی حکومەت نەبێت تا پشتیان بگرێت؟

دەزانم زۆر کەس، بە تایبەتیش ئەوانەی هەمان گلەییان لە حکومەتی کوردستان هەیە، وەڵامم بەوە دەدەنەوە کە: ئاخر ئێمە داوودەزگای دیکەی گەورەی پشتیوانی لێکردنمان نییە و ناچارین هەرچاومان لە دەستی حکومەت بێت. ڕاستییەکەشی ئەو وەڵامە وام لێدەکات پرسیارە سەرەکییەکەم بکەم: مادام دەزگای دیکەی پشتیوانی نین، بۆ هەوڵی دامەزراندنیان نادرێ؟

لە ڕۆژئاوا، زۆر ناوەندی کۆکردنەوەی پارە بۆ کاری خێرخوازی هەن کە پێیاندەڵێن: فۆندس. ئەو فۆندسانە کاریان دۆزینەوەی خەڵکانێکە کە ئامادەن مانگانە یان شەش مانگ جارێک یانیش ڕەنگە تەنیا یەک جار لە ژیانیاندا پارەیەکی دیاریکراو ببەخشنە پرۆژەیەکی خێرخوازی کە لەسەر نەبوونی پارە پەکی کەوتووە. هەر بەو پارە بەخشراوانەش پرۆژەی گەورە، کە هێندەی من بزانم گەیشتوونەتە کوردستانیش، ئەنجامدەدرێن.

ئەو دۆستە هونەرمەندە دەیگوت من زۆر دەوڵەمەندی کورد لە ئەورووپا دەناسم کە حەزیان لە کاری هونەری و پشتیوانیکردنی ئەو هونەرمەندانەیە کە پێویستیان بە هاوکارییە، بەڵام هیچ یەکیان بە تەنیا توانا و ئامادەیی ئەوەیان نییە کە بۆ نموونە خەرجی تەواوی پرۆژەیەکی هونەری بگرنە ئەستۆ. بەڵام ئەگەر فۆندس دابمەزرێن و بتوانن ئەو دەوڵەمەندانە قایل بکەن کە بەشداری بەشێکی پرۆژەکان بکەن و بە هۆیەوە خزمەتی پرۆژەیەکی نەتەوەیی بکەن، ڕەنگە هەموویان هەر ڕەتینەکەنەوە.

ڕێگایەکی دیکەی گەیاندنی هاوکاری بە خەڵکی بە توانا و خاوەن پرۆژە، بە بێ ئەوەی داوا لە حکومەت بکرێت تا هاوکارییان بکات، کردنەوەی ماڵپەڕێکی سەنگینە، کە تێیدا خەڵکی بەهرەمەند بیرۆکەکانیان باس بکەن و بە دوای سپۆنسۆردا بگەڕێن بۆی. مافی خاوەندارێتی هزریی کەسانی بیرۆکە پێشکەشکەریش بەوە دەپارێزرێت کە بەر لە خستنەڕووی بیرۆکەکانیان لە شار و وڵاتەکەی تێیدا دەژین لە لای دەوڵەت و بە فەرمی لەسەر ناوی خۆیان تۆماری بکەن.

باوەڕم وایە کە کارکردن لەسەر بیرۆکەیەکی وا هەم باری حکومەتی کوردستان سووکتر دەکات و هیچ نەبێت بە پشکێکی کەم دەتوانێ هاوکاری خەڵکی بەهرەمەند بکات، هەم هەستێکی خۆ بە خاوەنزانین بۆ هونەری کوردی لای ئەو کوردە تاراوگەنشینانە دروستدەکات بەوەی کە مانگێک، بۆ نموونە لەجیاتی کڕینی پانتۆڵێکی تازەی جینز کە بە نزیکەی سەد یۆرۆیە، پشتیوانیی بە ئەنجامگەیشتنی پرۆژەیەکی هونەری و کولتووری بکەن.

مادام ڕێگە هەن، هەق نییە بۆ هەموو شتێک هەر چاومان لە حکومەت بێت.

# چۆپی دەیەوێ روحی شاد بێ



**رووداو-هۆڵەندا**

لە نامەیەکدا کە ئاراستەی ئەحمەد تورک، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTPی کردووە، هونەرمەند چۆپی فەتاح ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بە سازدانی ئاهەنگی هونەری پشتگیریی گەلی کورد بکات لە باکووری کوردستان. چۆپی کە نامەکەی ئاراستەی خودی ئەحمەد تورک کردووە، لە بەشێکی نامەکەدا دەڵێت "وەکو هونەرمەندێکی کورد ئامادەیی خۆم دەردەبڕم بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان". لە بەشێکی دیکەی نامەکەدا دەڵێت "ئامادەم خۆبەخشانە بێ بەرامبەر بەشداری لە فێستیڤاڵ و ئاهەنگەکانتاندا بکەم لە دیار بەکرو جزیرە و باتمان و شرناخ، بۆ ئەوەی گۆرانی بۆ ئازادی کوردستان و ئاشتی بڵێم، بۆ ئەوەی روحم شاد بێ، ئەگەر بە شتێکی کەمیش بێ".

# رووداو بە نەرویجی




**رووداو-نەرویج**

رۆژنامەیەکی نەرویجی بەنێوی (Hadanger Folkeblad) لە ژمارە 81ی خۆیدا، بابەتێکی لەسەر رۆژنامەی (رووداو) بڵاو کردووەتەوە، ناو و ناوەڕۆکی (رووداو) بۆ خوێنەرانی خۆی روونکردووەتەوە. بڵاو کردنەوەی ئەو بابەتە دوای بڵاو کردنەوەی هەواڵێک بوو لە ژمارە 63ی (رووداو) لەسەر ئەو رۆژنامە نەرویجییە کە رۆژنامەکەی بۆ ئابۆنەدارێکی خۆی بەناوی ئاراز سوبحی ناردبووە دهۆک، رۆژنامە نەرویجیەکە لەبارەی (رووداو)ەوە نووسیویەتی " رووداو رۆژنامەیەکی بەهێزە".

# خەڵکی دهۆک زوو دەگەنە نیویۆرک

**رووداو-دهۆک**

"میلان، واشنتن، بەرلین، بێرن، ڤیەننا، مەدرید، ئەسینا، نیویۆرک، بەرشەلۆنە، ئەمستردام و سیئۆل"، ئەوانە ناوی کۆڵانەکانی گەڕەکی میدیان لە شاری دهۆک، دانیشتووانی ئەو چەند کۆڵانەش نارازین لەو ناوانەو دەڵێن ناوی کوردیمان دەوێ. دیار حەسەن، جێگری بەڕێوەبەری بنکەی رێزان و زانیاری لە دهۆکیش کارەکە بەشتێکی سروشتی دەزانێ و دەڵێت "لە زۆر وڵاتی ئەورووپا و ئەمریکا ناوی بەغدا لەسەر کۆڵانەکان هەیە". ناوبراو گوتی "لە گەڕەکی میدیا بە باشمان زانی ناوی هەندێک شاری ناسراوی ئەورووپا و جیهان لە کۆڵانەکان بنێین". حوسێن عەلی، 64 ساڵ لەبارەی ناوی گەڕەکەکەیان کە ڤیەننایە دەڵێت "تا ئێستا گوێم لێنەبووە خەڵک بڵێت کۆڵانی ڤیەننا، چما ناوی کوردی براون، ناویان لێناوە ڤیەننا".





# Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن :** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین :** سالَح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا :** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاین :** عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net









